# هۆشمەندی فیودالی

سۆران عەبدولقادر کۆستە

2011

پێشکەشە بە...

هەموو ئەوانەی تێدەکۆشن لەپێناو قەڵاچۆکردنی چەوساندنەوەی مرۆڤ بۆ مرۆڤ

**پێزانین...**

ئەگەرچی ئەوەی لەبەردەستی خوێنەردایە بەرهەمێکی چکۆلەی نووسینە، بەڵام کاتێکی ویستوە، کاتیش ئەمڕۆ لەزۆربەی سەرچاوەکانی تری بەرهەمهێنان گرنگترە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت لەپێناو هەڵگرتنی ستەمدا بەگەری بخات. من هەرگیز بەبێ هاوکاری و لێ بووردەیی هاوسەرەکەم و کچەشیرینەکەم ئەم کارەم بۆ ئەنجام نەدەدرا، بۆیە بەتایبەت سوپاسیان دەکەم. هەروەها سوپاسی هەموو هاورێ و خۆشەویستانم دەکەم کەسەرەڕای کەمی کاتم بۆ بەسەرکردنەوەیان ئەوان هێشتا میهر و خۆشەویستیان لێ دەباریت. سوپاسێکی بەتایبەتیش ئاراستەی هاوڕێی خۆشەویستم کاک (بەختیاری مەلا عیزەت) دەکەم کە هاندەرم بوو بۆ بە نامیلکەکردنی بابەتەکە.

# ناوەرۆک

پێشەکی.............................................9
دەسەڵاتی کوردی و ماکی ستەمکاری..............................11
مەراقی فیوداڵی و توندڕەوی ........................................16
فکری فیوداڵی و هێزو توندڕەوی....................................22
چەمکی شەڕانگێزیو هۆشمەندی فیوداڵی..........................30
میکانیزمی توندڕەوی و بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی...............39
ئاشتیخوازی و ناتوندوتیژی لەکولتووری فیوداڵدا.................47
ناتوندوتیژی وەک هێزێکی کاریگەر.................................54
ژینگەو دەوروبەری توندڕەو لەئەزموونی فیوداڵیدا.................62
هەڵوەشاندنەوەی فابریکی توندڕەوی ............................68
چەمکی حەتمیەت و توندڕەوی لەدەسەڵاتی فیوداڵیدا............76
هاوکێشە جیهانی و ناوچەییەکان و چارەسەر.......................84
بەهێزکردنی هێزی لاواز و پڵنگە کارتۆنیەکان......................103

## پێشەکی

لەماوەی پتر لە 60 ساڵی تەمەنی دەسەڵاتداریتی یەکێتی و پارتیدا، کە بریتی بوە لەحوکمڕانی مێژوویەک لە کوردستاندا بەهۆشمەندی فیوداڵیەوە، بەشی ئەوە دەکات چەند تیۆرێکی سیاسی لەسەر بینا بکرێت، نەک بەتەنیا شیکردنەوەیەک بە پونتکاری. بەڵام بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان و پێویستییە سەرەتاییەکانی شۆڕشی سپی وا دەخوازێت ئەم شیکارانە هەبن و لایەنی کەم کۆمەک بەهەڵوەشاندنەوەی سیستەمی حوکمڕانیان بکات.

ئەم نووسینە وەک بەرهەمێک دەکرێت تیشک بخاتە سەر ئەو پنتە مەعریفیانەی کەدەتوانن وەڵامی پرسیارێک بدەنەوە، کە گوایە بۆ ناکرێت پارتی و یەکێتی وەک دوو حیزبی سیاسی گۆڕانیان بەسەردا بێت؟ بە شێوەیەکی سەرەتایی وەڵامی ئەو جوغزە دەداتەوە کە بۆ هەژموونی ئەم فیوداڵانە حوکمڕانن؟ و چۆن دەتوانین تێکشکان لەفابریکە ستەمکاریەکانیاندا دروست بکەین؟

ئەم بابەتە، بابەتێکی زیندوە بۆ تێگەشتن لەهۆشمەندی فیوداڵی لەناو پرۆسەی شۆڕشەوە تا پرۆسەی حوکمڕانی. هیوادارم توانیبێتم بەلای ڕایەڵە سەرەکیەکانیدا چووبم و گرفتی زمان و توانای نووسین ڕێگر نەبووبێت لەدەربڕینی ئەوەی توانیومە درکی پێ بکەم. بە دڵنیایەوە ژمارەیەکی زۆر لە تیۆر و

خوێنـــدنەوەی ئەزمـــوونی مێژوویـــی یاریـــدەربوون بـــۆ تێڕوانینەکـــانم، کە ئامـــاژەم بە هەنـــدێکیان داوە لە نـــاواخنی نووسـینەکەمدا. ئەم نووسـینەم لەوێبپلاکـی خۆمـدا بەشـێوەی زنجیرە بڵاوکردەوە لەبەهار و هـاوینی 2010 دا، بەڵام دواتـر پاش ئامۆژگـاری زۆری هـاوڕێ و خوێنەرەکـانم بڕیارمـدا لەم دۆخەی کوردستاندا بڵاوی بکەمەوە.

**دەسەڵاتی کوردی و ماکی ستەمکاری**

دەسـەڵاتی سیاسی لەکوردستانی کۆلۆنیو پۆست کۆلۆنیالیدا یەک گوتاری فیوداڵی هەبووە بۆ هاوڵاتی، ئەویش سیاسەتی "گۆچانو گێزەر"، کەهەرگیز ناتوانێت بۆنی ئاشتی بکاتو ڕەنگی ڕەشی مەینەتیەکانی خەڵک بەزمانی ڕوونـاکی وەڵام بداتەوە. دەمەوێت بڵێم هەر دەسەڵاتێک ستەم لەماکو خەسلەتیدا هەبێت، ئەوا بەردەوام لەتوندڕەویدا دەژی بەرابەر باقی هەرەمەکەی کۆمەڵگاو هەمیشە لەبەرامبەر هێزێکی گەورەتر لەخۆشیدا بچوک دەنوێنێت، لای من ئەمە سایکۆلۆجیای سەردەمە، سەردەم بەو وتایەی سایکۆلۆجیای سەردەمێک، ئەو سەردەمەی دەسەڵات تێیدا دەژی، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی کوردی لەسەردەمی فیوداڵیدا ژیان بەسەر دەبات کەوتە سایکۆلۆجیای  فیوداڵیشی هەیە.. هەردەسەڵاتێک لەتوندڕەویدا ژیا، ئەوا ناتوانێت ئاسایش دابین بکاتو دەرئەنجام قرچۆکو هیچ لەبارا نەبوو دەبێت بۆ پرسە گشتیەکانی کۆمەڵەکەیو ناچارە پرسە تایبەتەکانی خۆی بخاتە پێش پرسە گشتیەکانەوە.. ئەمرۆ لەباشووری کوردستاندا دێوەزمەی دەسەڵاتی هێزی فیوداڵانەی بنەماڵەو نیوێک بەکولتووری فیوداڵیو بەفۆرمە باوە گلۆباڵیەکان لەپانتایی ژیانی سیاسیدا لەژێر چاودێری دەرەکی و ناوەکیدا ڕەفتار دەکەن، بەڵام بەداخەوە هەست بەبەهاکانی چاودێری ناکەن، چونکە لەخەونی فکری فیوداڵی خۆیاندا دەژین.

ئەم ڕەوتە لەبەکارهێنانی هێزدا بەشێوەیەکی توندڕەوانە گرفتی نیە، جا ئەوهێزە لەلایەن زلهێزە ناوچەییەکانەوە بێت یان جیهانیەکان، هەر بۆیە بۆخۆی بەکارهێنانی هێز بەڕەوا دەبینێتەوە. تائەو شوێنەی دەسەڵات لەسەر ئاستی جەماوەری دەتوانێت بەردەوام بێت لەدەقپێگرتنی جەماوەرییدا، ئەوا وەک لۆجیکی خۆی ژیان دەگوزەرێت، هەر بۆیە هێز بەرامبەر ناوەو هەڵمژێنی هێزە دەرەکیەکان لەجەستەی فەرمانڕەوای فیوداڵیدا لەخەسڵەتەوەیەو ناتوانێت خۆی لێدەرباز بکات. بەواتایەکی تر تائەو جێگایەی دەسەڵات دەتوانێت مەودای گشتی ژیان لەچوارچێوەی ڕەزامەندیەکی گشتیدا پیادە بکات، بەگشتی هێزی لەخۆی بالاتر قبوڵ دەکات وهێزی لەخۆی خوارتر دەهاڕێت. چونکە کۆنترۆڵکردنی چوارچێوەیی ژیان لەکۆمەڵگادا پاشتر بەقازانجی هاوکێشەی گشتی هێزە زەبەلاحەکان دەشکێتەوە نەک هێزە بچووکەکان و لەپەراوێزی هێزە زەبەلاحەکانیشدا ئەو دەتوانێت زەبەلاحی گرگنەکانیان بێت.

لەڕاستیدا خەڵکی کوردستان تائێستاش لەخەمی نیشتمان پەروەریدا دەژی، ئەو کەخەمی نیشتمان پەروەرییەی ناهێڵێت ویژدانێکی زیندوو بێدەنگ بژی. ئەوەی لەم دواییەدا بەدی دەکەین، خەم سنووری نیشتمان پەروەری تێپەڕاندوەو دبێتە خەمی ژیان بەگشتی بەخەمی نیشتمانیشەوە، کەلەم سەردەمەدا خەمێکی ڕاستەقینەترە لەتەنیا ئەوەی خەمێکی نیشتمانی دەبێت. ئەمە ئەوەناگەیەنێت پرسە نەتەوەییەکانو نیشتمانییەکان کاڵبوونەتەوە، بەڵکو پرسی تر دێتە کایەوەو

جـارێکی تـر بەبەرجەسـتەیی زەق دەبێتـەوە، وەک ئـازادی و دادوەری و نان...تـاد، لەبنەڕەتـدا ئـەم خەمانـە هـەبوون، بەڵام خەمـی خەفەکراوبـوون لەچورچێـوەی قبـووڵکردنی لۆجیـک و هەژمــوونی فیودالێــدا. ئەم دوانەیەی دەســەڵاتدا زۆر لــەمێژە تۆتالیتارانـە بەهـەمان میکـانیزمی بەعسـیزم هێـز بـەکار دێنن‌و هـەر بەعسـیزمانەش پاسـاویان هێناوەتـەوە بۆنمونـە: خیتـابی "دەبێـت یـەک دەنـگ بـین لەمـەڕ خەمـەکانی کـورد لەعێراقـدا" کەهاوشـێوەیە لەگـەڵ خیتـابی "ئومـە عەرەبیـە واحـدە.. زات‌و رسـالە خالـدە" لایـەنی کـەم لەناوەڕۆکـدا. ئـەم دوو گوتـارە، جەوهەری نین، دوو گووتـاری کۆمیدین لـەکۆی ئـەو شـانۆیەدا کەتــەنیا ئــەبێت دەســەڵاتی فیودالەکــە دەرهێنــەری تێکــڕای گرتەکانی بێت.

زۆرئاستەمە زیانەخرۆکان لەژینگەی پاکدا گەشـەبکەن، بـەهمان شـێوە (سـتەم) لەئاشـتی‌و ئـارامی بەردەوامـدا ناتوانێـت بـژی. سـتەم و دەسـەڵاتی سـتەم، هەمیشـە ئاشـتیەک دەخوازێـت کـە زیــان بەبەرژەوەندیــەکانی نــەگات، هەمیشــەش شــەڕێک دەخوازێت بەرژەوەندیەکانی تێیدا بالابکەن. دەسەڵاتی قرچۆکی سـتەم، قـاڵی تونـدڕەویی خەسـڵەتیە و هـەرگیز بـەدەنگی نـەرم کورســی چــۆڵ ناکــات‌و دەبێــت زمــانێکی تــر بەرامبــەری بوەسـتێتەوە! بەداخـەوە ئەمـە گرفتێکە لێکدانەوەی حـەتمییانەی مێژوویی زیاتر پەی پێدەبات و هاوکێشـە هۆشـمەندییەکانی تـر کەمتـی دەتـوانن خـاڵە تاریکەکـانی ڕوونـاک بـکەنەوە. ئەمـە خەسڵەتی ئـەو دەسـەڵاتەیە کەبـەلۆجیکی "شـەق دەزانێت قۆنـاغ

لەکوێیە" گۆشکراوەو مێژوو ڕەگو ڕیشەی بوونی لەوە تێپەڕناکات، ئەم پەندە لەزمانی کوردیشدا پەندێکە دەرهاویشتەی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی. ئەم بنەماڵەو نیوە، مەراقی فیودالی هێشتا لەمۆخی کولتووریاندا وەک خوێنو جەستەی لێهاتوە.. مەبەستمە بڵێم بنەڕەتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕو بەهاکانیان، کەلەفکری مندا بەهاو بیروباوەڕ، دوو تێکستایلی بنەڕەتی کولتوورینو ڕەنگدانەوەی مەعریفەی ئەقڵیو پەرەسەندنی مێژوویین. هاوڕێیەکی کوردستان لەهەڵسەنگاندنێکدا ڕای وابوو هەێندەی ڕووخانی ڕژێمی پێشوو خوێنمان پێویستە، بەداخەوە هیچ سەردەمێکی فیودالی ئاشتیانە تێنەپەڕیوە، هیوادارم ئیمە لەکوردستان بتوانین داهێنانێک بکەینو ئاشتیانە ئەم دۆخە تێپەڕێنین. کەجارێکی تر بەهۆی تواناییەکانی سەردەمی ملینیۆمی نوێوە دەتوانرێت هزری ناتوندوتیژی چارەسەرێک بۆ ئەم تەڵەزگەیە بدۆزێتەوە.

خەڵکی کوردستان بەتێکرا، وەک گەلێک سەیری بکەین، یان وەک کۆمەڵگایەک لەمرۆدا لەزۆر پێداویستیو بەهرەمەندی ژیان بێبەشە. ئەم دەستەواژەیە هێندەی دەستەواژەیەکە بۆ گفتوگۆ لەسەر ماف هێندە دەستەواژەیەک نیە بۆ جووڵاندنی سۆزو سایکۆلۆجیای خەڵک. پێداویستیەکانی کۆمەڵگای کوردستان تێکڕا مافن، تێکڕا پەیوەندیان بەبوونی خەڵکەوە هەیە وەک مرۆڤ. دەسەڵاتو هێزێکی شێوە سیاسی هەیە لەکوردستاندا مەودای زیاتر لە نیو سەدەیە بەڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بازرگانیەکی شەرعی بەم پرسەوە دەکات. پرسی

مافی خەڵکێکە کەلەم پانتاییە جوگرافیەدا دەژین. ئەم دەسەڵاتە خاوەنی شێوە هێزێکی وەهمی سیاسیەو بەهۆی ئەم هێزە وەهمیەوە حوکمڕانی هەژموونی سیاسیو بیروبۆچوونو کارگێڕی گشتی ئەم کۆمەڵگایە دەکات .

لەپێناوی گەیشتن بەژیانێکی ئازاد، بەمافە گشتیەکانی گەلێک، بەپرسو پێداویستیەکانی کۆمەڵگایەک، پێویستمانە ئەم هێزو بیرکردنەوەیەی دەسەڵات بگۆڕینو بیکەینە دەسەڵاتی خەڵکو چەند هێزێکی سیاسی ڕاستەقینە کەبەبنەما ڕەنگدانەوەی پێکهاتە نیشتمانیو میللیو کۆمەڵایەتیو ئابووریەکانی خەڵکی پانتاییە جوگرافیەکە بێت. بەدەر لەم چارەسەرە هەر هەنگاوێکی تر بریتی دەبێت لەخۆ دزینەوە لەگرفتە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریە ڕاستەقینەکانی خەڵک. بەدەر لەم چارەسەرە هەر هەنگاوێکی تر دوورمان دەخاتەوە لەمافە سەرەتاییەکانی مرۆڤو پێداویستیەکانی ژیانی سەردەم. چونکە ئەو هەژموونو هۆشمەندیەی ئەمڕۆ لەکوردستاندا حوکمڕانی دەکات هەژموونو دەسەڵاتێکی ناوەختە. لەبازنەو ڕوانگەی هێزەوە قسە لەسەر ئەم پێکهاتە شێوە سیاسیە دەکەین کەلەکوردستاندا ئامادەیە، لەپێناوی ئەوەی بتوانین هەموو لاوازیەکانی دەستنیشان بکەین، وەک ڕێگایەکی سەرەتایی بۆ گۆڕینو هەڵوەشاندنەوەی ئەو سیستەمەی ناهێڵێت بەشێوەیەکی سروشتی خەڵک بەمافەکانی خۆی بگات.

### مەراقی فیوداڵی و توندڕەوی

کۆمەڵێک بەڵگەی مێژوویی، هەلومەرجەکانی حوکمڕانی، هەروەها چەند پێناسەیەکی زانستی دەیسەلمێنن کەباشووری کوردستان لەسایەو سێبەری حوکمی دەوڵەتۆکەدا دەژی، بەڵام بەفۆرمی ژیانێکی تر کەفۆرمو سروشتی سەردەمی فیوداڵی هەیە، هەر بۆیە بەئاسانیش دەتوانێت لەڕێگای ئارایشتو دروشمی مۆدێرنەوە کار لەسەر جومگەکانی هۆشیاریو سایکۆلۆجیای جەماوەری بکاتو بەپانتایی فراوان موومارەسەی ئاوەژووی ڕای گشتی تێدا بکات. بەم جۆرە لەحوکم دەڵێین دەوڵەتۆکەی فیوداڵی. تێپەڕاندنی قۆناغی فیوداڵی بەهەموو پێکهاتەکانیەوە لەکوردستاندا یەکێکە لەپێویستیە هەرە سەرەکیەکان بۆ گەیشتن بەقۆناغێکی تری جیاواز کەلەگەڵ ژیانی سەردەمیانەی خەڵکەکەیدا یەک بێتەوە، چونکە ئەم قۆناغە لەکوردستاندا بەردەوام خۆی درووست دەکاتەوە. (دکتۆر فوئاد مرسی، 1990، الرأسمالیه تجدد نفسها) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەنجامی پێشکەوتنی تەکنەلۆجی سەرمایەداری دەتوانێت خۆی لەگەڵ بارودۆخی نوێدا بگونجێنێتو قەیرانەکانی تێپەڕێنێت، هەر بەوهۆیەوە جارێکی تر بەبەرگێکی ترەوە دێتە کایەوەو ناهێڵێت بایی هێندە پیر ببێت بمرێت. بەڵام ئەم سیستەمە سیاسیەی کوردستان بەهۆی بەرهەمهێنانی دواکەوتنەوە دەتوانێت هەموو بارودۆخێکی پێشکەوتوو کۆنەخواز بکاتەوەو لەچوارچێوەی سیستەمە فیوداڵیەکەیدا بیهێڵێتەوەو بەهۆی ئەوەشەوە

لەهەموو سەردەمو قۆناغێکدا بۆ خودی خۆی ڕەنگدانەوەی هەبێت لەناو سیستەمەکاندا .

دەسەڵاتی مۆنارشی بنەماڵەکانی کوردستان، تێکڕا هەمان سیستەم بەڕێوەی دەباتو لەمەودای نیو سەدە زیاتردا گۆڕانی بەخۆوە نەبینیوەو زیاتر خۆشبەختانە کاردەکات کە دەسەڵاتەکانیشی لەچوارچێوەی سنوورێکی دیاریکراو تێنەپەڕێت. ئەمەش هاوتایە لەگەڵ کورترین شوناسی دەوڵەتۆکەی دەرەبەگایەتیدا.. مەراقی مۆنارشی مەراقێکی پاتریارکیە، هەمیشە لەپیناو (دەسەڵاتو پارەو سێکسدا) ئامادەیە هەموو شتێک بکات بەفۆرمە جیاوازەکانی توندڕەویشەوە. فیوداڵیزمەکەی ئێمە: دەسەڵاتێکی لۆکاڵیە شەرعیەت لەخۆیەوە دەبەخشێتەوە خۆی، سەرێکی لاوازی هەیەو لەڕێگای ئەم سەرەوە پاوانی ناوچەیەک لەزەوی و خەڵک دەکاتو پێناسەی خۆی بۆیان هەیە. ئەم سەرە لاوازە لەڕێگای ڕێکەوتن لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ سەرانی ناوچەکەدا یاساکانی خۆی بەسەلامەتی بەڕێوە دەبات، ئەمەش پێکهاتەیەکی مۆنارشی پرنسێرێتی بێ بنەمایە، بڕوانە (نیقۆلۆ مەکیاڤیلی، میر). ئەم پێناسەیە پڕاو پڕ بەسەر سەرانی سیاسی دەسەڵاتی کوردیدا دەچەسپێت، بەسەر حکومەتی هەرێمیو سەروەری یاساکانیدا، بەسەر شێوازی چوونە پێشی سیستەمی کاری پەرلەمانیەکەیدا دەچەسپێتو گەر نەیگۆڕین کۆی سیستەمە سیاسیەکەو بەرژەوەندیە مێژوویەکانی خەڵکەکەی لەدووتوێی چەند خەونێکی چکۆلانەی دەسەڵاتدا

لەناو دەچێت. کە ئەم لەناوچوونەش میکانیزمی زۆرە، ئەگەر دوێنێ ئەنفال کەرەستە بوو بۆ لەناوبردنی گەل و نیشتمانێک، ئێستا کەرەستەی تر زۆرن، باشترینیان سازشە شەرمنەکانو دەستکەوتە گرگنەکانی ماوەی حوکمڕانی پارتی و یەکێتی سالانی ڕابردووە.

دەسەلاتی یەکێتیو پارتی لەهەرێمی کوردستاندا، بەچەند دراوێک لەم دراوانە پەراوەی فیودالیزم دەکات لەبەرگێکی تردا.. دەسەلات ئامانجی سەرەکیەتی، لەپێناو چنینەوەی داهاتی نیشتمانیدا بۆ بەرژەوەندی تایبەت زۆرترین فۆرمی گەندەڵی پێڕەو بکات (کەبێگومان ڕیتمی چەوساندنەوەی ئابووری لەم سەردەمەدا لەڕێگای گەندەڵیەوە بەباشترین شێوە پێڕەو دەکرێت). مەراقی سەرەکی ئەم مۆنارشە مەراقی سێکسو گرێ سێکچوالیتیەکانێتی. تێکڕای سەرەکانی گرفتی سێکچوالیتیان هەیە، گرفتی (پۆست ترۆما سێکچواڵ ئەدیکشن) کە ئەمە دیاردەیەکی دەروونی بەکۆمەڵە ئەنجامی شەڕی بەردەوام تێیدا ماونەتەوەو تێکڕای مەراقیان لەکۆکردنەوەی شەرەف لەسێکسدا یەکێکە لەوخەسڵەتانەی ناتوانن نەبەیاسا نەبەپراکتیک تێیپەڕێنن، هۆکاری سەرەکی ئەم بارەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیمپتۆمانەی ئەنجامی صەدمەی سیاسی تێیدا ژیاون. لەئاستەجیاوازەکانی ئەم دەسەلاتەدا گرفتی سێکس دەگەڕێتەوە بۆ کولتووری ژن فڕاندن، کەخەسڵەتی کولتووری چیفدۆمە سەرەتاییەکانە کەئەویش سەرەتاییترین شێوازی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی بووەو تا ئێستاش

نیشـانەکانی ئـەو قۆناغـە لەخەسڵەتەکانی دەسـەڵاتی کوردیـدا ماوەتــەوە "بــەواتا فراوانەکــەی دەســەڵات." لێــرەداو لەکــۆی بابەتەکەمدا نامەوێت بەتەنیا دیاردەی توخماتیری دەسـەڵاتێک شـیکەمەوە، تەنیـا لەوەرگرتنـی بەشـێکی کولتوورەکەیـدا وەک نمونەیەک بۆسەلماندنی تێزی نووسینەکەم دەوەستم.

بۆیە، کەمێک لەم بابەتە ئاڵۆزانـە دەپەڕێنـەوە بابـەتێکی سـادەتر تـا بـابزانین فیـوداڵیزمی کـوردی چـۆن پارێزگـاری لەقـەوارەی خۆی دەکاتو توندوتیژی لەکوێدا پێویستە؟ ئەم دەسـەڵاتە ئـەم فۆرمەی لەحوکمڕانیی (کوردسـتان)ی پێویسـتە وەک پانتاییـەک بــۆ مومماردەســەی دەســەڵات، بــەڵام هەمیشــەش دەترســێت لەگـەورەبوونی ئـەم پانتاییـە. بۆنمونـە ئەگـەر ئـەم پانتاییـەی هـەرێم ڕۆژهـەڵاتی کوردستانیشـی بخرێتەسـەر، ئـەوا هـەرگیز پێشــوازی لێناکــات! چونکــە ئەگــەری لەدەســتدانی دەســەڵات لەپانتاییـەکی فراوانتـردا زیـاد دەکـات.. لێـرەدا مـن بـۆ نمونـەم لەسەر ڕۆژهەڵات هێنایەوە؟ بۆ ئەوەی بتوانین بەبەرجەسـتەیی خەیاڵێک لەسـەر مادەی 140 درووسـت بکـەین کەهـەمان خیـاڵ بۆ یەکگرتنەوەی سلێمانیو هەولێریش ڕاستە.. ئەمە خەیاڵـە پـڕ ترۆماکانی نەستی فیوداڵیزمـە بـەبێ ئـەگا کـاری خـۆی دەکـاتو بنەماڵەکان ڕێک کەوتوون هەریەکەو (تێریتۆری) خـۆی هـەبێت، بەواتای ناوچەی پانکراوی خۆی هـەبێتو دەترسـن ناوچـەکانی تـر بێتـەوە سـەر هـەرێمی کوردسـتان، تەنانـەت لەناوچـەکانی یەکتریش دەرسن.

پرسـیّکی ترمـان هەیـە کـەزۆر گرنگـە: (توانـایی بـۆ هـەڵمژینی قەبارەی ئابووری گەورە) ئەو ئابووریەی دەست کوردستان دەکەویّتو ئەم بنەماڵانە پاوانیان کردوە ئەگەر زۆر بەخیّرایی زیـاد بکـات، ئـەوا ئـەوان نـاتوانن هـەڵیمژنو دامـەزراوەکانیان توشـی بلـۆک بـوونو هەڵئاوسـاننی دارایـی سـەخت دەبیّـت. لەخۆیدا ئەم واقعە یەکیّکە لەخواستی هیّزە ناوچەییەکان، بۆیە پیّویسـتیان بەڕیّککـەوتنیّک هەیـە لەگـەڵ هیّـزە ناوچەییـەکان چ لـەناوخۆی ئیّـراق چ لەدراوسـیّکان کـەبتوانن ئـەم هاوکیّشـەیە لەدۆخیّکی وەستاودا بهیّڵنەوە. هیّزە ناوچەییەکان ئەم دۆخە وەستاوە بەقازانجی سیاسیو میّژوویی پیّوانە دەکەن، لیّرەوە تیّکڕای پرۆسە سیاسیەکان داکۆکی لەبەرژەوەندی تاکە کەسی مۆنـارشو چەنـد خیّزانیّـک دەکـەن، کـەژمارەیان لـە سیّ بـۆ حەوت تیّپەڕ ناکات. ئەم سیستەمە داکۆکی لەدەسـەڵاتو پارەو توخمـاتیّری مۆنـارش دەکـات، تکایـە (مەبەسـت لەتوخمـاتیّری پانتاییـــەکی فراوانـــی هـــەموو ئـــەو شـــتانەیە کەپەیوەنـــدی بەسیّکسەوە هەیە، نەک بیرکردنەوەیەکی تەسک لەخودی جوت بوون، ئینتەرکۆرس).

لـەم فەلەکـەدا ئـایین چ وەزیفـەیکی هەیـە؟ لـەم فەلەکـەدا مۆدیرنـایزە بـوون چ ڕۆڵیّـک دەبینیّـتو چـۆن خۆیـانی لـەدەور کۆدەکەنـەوە؟ زۆر بەئاسـانی دەبنـین ئـەم پیّـڕەوە سیاسـیە پیّویسـتی بـەئایین هەیـە بـۆ جیّگیریـی کولتـووریو بـەهۆی ئایینەوە ڕیّگە لەنویّبوونەوەی بەها دەگریّت.. چونکە گۆڕان یان نویّبوونەوەی بەها دەبیّتە ئەو تابووتـەی تـەرمی سیستەمەکەی

پێ دەگوێزرێتەوە بەرەو گۆڕستانی مێژوو، لێرەدا سیستەمی فییودالّی تەنیا وەک کەرەستەیەکی پراگماتی دەیەوێت سوود لەو برە زۆرەی کۆنزێرڤاتیزم وەربگرێت کەلەئایندا هەیە تابتوانێت بمێنێتەوە.. بۆنمونە هەمیشە سەیری گۆشەنیگای کۆنزێرڤاتیزم دەکات وەک ترس لەگۆڕان بەرەو نوێ، بەرەو هەموو نوێیەک، نەکا نوێ مەترسی پێبێت. هەرگیز سەیری کۆنزێرڤاتیزمی ئایینی ناکات وەک ڕێگاچارەیەک بۆ دەستگرتن بەبها پیرۆزەکانی ئایینەوە، بۆیە کاتێک هێزێکی ئایینی دێتو دەیەوێت دەولّەتی ئایین درووستبکات ئەو ناتەبایە، هەر هێزێکی سکۆلار دێتو دەیەوێت دەولّەتی سکۆلاری درووستکات ئەو ناتەبایە. کەدێتە سەر کەرەستەکانی مۆدێرنیزمیش ناتوانێت بەکاریان نەهێنێت، لەژێر کاریگەری فەنتازیاکانی پەرەسەندنی تەکنۆلۆجیدا، کەتەنیا لەشکلّدا خۆی مۆدێرنیزە دەکاتەوە، هەر بۆیە هەلّبژاردن دەکات، بەلاّم ناتوانێت فیلّ نەکات، چونکە هەلّبژاردنێکی دەوێت کەخۆی براوەبێت.. ئەمەش بەکارهێنانێکی ئاشکرای کەرەستە مۆدێرنەکانە لەقالّبی ڕەوتی گشتیدا بۆ مانەوەی دەسەلاّتی مۆنارشەکە.

لەکوێ ئەم هەموو خەیالّە فیودالّیەدا، ئەمانەی لای خوارەوە سیاسەتی بەرقەراری ڕۆژانەی ئەم هۆشمەندیە فیودالّیەیە:

- *هەرکەس داوای گۆڕین بکات، بنەمالّەکانو شایەرەکانی دژی دەوەستنەوە، بەخۆشی یان بەناخۆشی.*

- *هەرکـــەس داوای دەوڵـــەتی ســـکۆلاری بکـــات، جیاکردنەوەی دین لەدەوڵەت، ئەمانە بەکافر لەقەلەمی دەدەن.*
- *هـەر کـەس داوای دەوڵـەتی ئـایین بکـات، لەفـەزای گشتیدا ناوەکانی تیرۆری دەخەنە پاڵو خێڵی حەمە لێدەدەنەوە.*
- *هەرکـەس داوای یـەک پارچـەیی خـاکی کوردسـتان بکات، دەوڵەتی تورکی بۆ دێنن.*
- *نـاتوانن باسـی مـادەی 140 نەکـەن، بـەڵام هـەرگیز قوربانیش بەنەوت نادەن لەپێناو مافی نیشتمانییدا.*
- *هەرکـەس باسـی مافـەکانی ژنـان بکـاتو یاسـای قەدەغـەی خەتەنـەو فرەژنـیو یاسـاکانی یەکسـانی جێنـدەری بوێـت ئـەوان تـابووی دەکـەنو زۆر بـەزوویی دەبنـەوە بەئیسلامی عەیارە بیستوچوار.*

زۆری تـریش لـەم ڕەفتارانـە کـەتێکڕا هاوپێچـە بـەپێڕەوی ستەمکارانەو ڕێگری لـەئازادیو بـەرەنگاری خواسـتی گشـتی، کـەمن بـەهیچ هـەوڵێک گـەش بـین نـابم ئەگـەر نەیـەوێت کـار لەسـەر هۆکـارە ڕیشـەییەکانی ئـەم سیسـتەمە سیاسـیە بکـات، بـەڵکو ئـەو هەولانـە تێکڕا دەچنەوە چوارچێوەیـەک بۆ کۆسـپ درووستکردن لەبەردەم خودی ئەم سیستەمەدا نەک گۆڕینی.

**فکری فیوداڵی و هێزو توندڕەوی**

"شـەڕانگێزیەکانی کۆمەڵ لەسروشتی هەڵشـەو گێرەشـێوێنانەی خەڵکەوە سـەرچاوە ناگرێت، بەڵکو لەئاکامە خراپەکانی بـەکار هێنـانی دەسـەڵاتو دامـەزراوە سـەرکوتکەرەکانیەوە دێـنو

دەیانـــەوێت بـــەر بەنادادییـــەکانی بگـــرن". (گـــۆدوین و. پـــاتۆن/ دادوەری‌و سیاسەت، 1793)

درامای کوردی، یان هەر میلەتێکی تر گوزارشـت لەڕەنگدانـەوە کۆمەڵایەتیەکانی دەکـات. هـەر دوو درامـای مـەرەزەوزنجیرەی ژاڵە کە لەدوو سـەردەمی جیاوازدا بەرهـەم هـاتوون گوزارشـت لە پێکهاتەی فیودالّی‌و خێڵـەکی هـەژموونی سیاسـی کوردسـتان دەکـەن، لـەم دوو درامایـەدا ئـەقڵی سیاسـی دەرەبـەگ سـالاری هـــەفتاکان‌و هەشـــتاکان هـــەمان خەســـڵەتی شـــەڕانگێزانەیانەی ئـەمڕۆی هەیـە کەلـەپانتایی کـاری سیاسـیدا بـەکار دێـت، ئەگـەر لەلایەک بۆ گوزارشت بووە لەهێزە داگیرکەرەکان، بـەڵام لـەلای دووەمـــەوە گوزارشـــت بـــووە بـــۆ ژینگـــەی سیاســـی هـــەژموونی سیاســـــی لەکوردســـــتاندا. دراماکـــــان پێمـــــان دەڵـــــێن دەبێـــــت پیاچوونـــــەوەمان هـــــەبێت بـــــۆ بـــــەکار هێنـــــانی هێـــــز لەلایـــــەن دەسـەڵاتەوە، کـە ئەکرێـت چـۆن مامەڵـە لەگـەڵ نـەیارەکانی بکـات. هەروەها دەیسەلمێنن بەڕاپەڕین یان جۆرێک لەڕاپەڕین کۆتایی بەســـــتەمی ئـــــەم سیســـــتەمە دێـــــت. خـــــودی دەســـــەڵات‌و مومارەسـەکانێتی کەکۆمـەڵگا بـەرەو ڕاپـەڕین پـەلکێش دەکـات، سروشـتی ژیـانی دەرەبـەگی‌و تۆتالیتاریەتـە کەکۆمـەڵگا بـەرەو ئەو کوشتارە بەکۆمەڵە ڕاپێچ دەکات.

دەســـــەڵاتی تۆتالیتـــــار لـــــەجۆری هێـــــزەکەیـــــەوە دەناســـــرێتەوە! هـــــەروەها هۆشـــــمەندی فیـــــودالّیش لەئاســـــتی ئاژەڵیەکەیـــــەوە دەستنیشـان دەکرێـت! هێـزی ناتۆتالیتـار بەتـەنیا توندوتیژی بۆ

بەرەوڕووو بوونەوەی مەترسی گشتی بەکار دەهێنێت، ئەمەش خەسڵەتێکی زیندەوەر بوونو غەریزیانەی مرۆڤەو تاڕادەیک پاساوێکی لاوازی هەیە.. بەڵام هێزی تۆتالیتار بۆ پاوانکاری بەکاردێت، پاوانکردنی شتێک کەمافی خۆی نیەو بەهۆی هێزەوە داگیری دەکات. هۆشمەندی فیوداڵی ئەم هێزە بەشێوە ئاژەڵیە درووستەکە بەکار ناهێنێت! بەڵکو پەراوەیەکی توندڕەوانە دەکات لەخوار ئاستی ئاژەڵیەوە، ئەمەش خەسڵەتێکی نامرۆیی مۆراڵ کورتو کوێرە، کورتو کوێری ئەم مۆڕاڵە بۆ جۆری پەروەردەو ژینگەی دابڕاو دەگرێتەوە، واتە بەکار هێنانی ئەقڵ لەتوندڕەویدا بەخواستێکی غەریزی نائەقەلانیانە. (جوزێف هـ کامپۆس، 2007، تیرۆری دەوڵەت، ئاشگەیت)

ژینگەی سیاسیو هەژموونی فەرمانڕەوای کوردستان بۆ مەودای زیاتر لە 50 ساڵە لەدۆخی فیوداڵیدا دەژی، واتە هێز بەهەمان میکانیزم بەکار دەهێنێت، ئەگەر ماوەی 1977 تا 1982 ی لێدەربکەین، چونکە چەند بزووتنەوەیەکی مۆدێرن هەژموونی خۆیان خستە گەڕ بۆ تێپەڕاندنی، وەک بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان، کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان دواتریش کۆمەڵەی ڕەنجدەران... چەند هەوڵێکی تریش لەو کاتانەدا لەئارادابوون. پاش گەڕانەوەی هۆشمەندی فیوداڵی وخێڵەکی جارێکی تر ئەم هێزانە تەریک دەکەونەوەو هەژموونی فەرمانڕەوایی سیاسی دەبێتەوە بە فەرمانڕەوایی فیوداڵی. ئەم فەرمان ڕەواییە لەدۆخو پەراوەکانی

ڕێکخستن‌و بانگەشەکانی ڕاگەیاندن‌و کردەوە سەربازیەکانیشدا دەردەکەوێت، تەنانەت تیرۆری ڕێکخراویش دەگرێتەوە. گرفتی سەرەکی ئەوەیە، ئەم هەژموونە لەخوار ئاستی ئاژەڵییەوە لەگەڵ ئەمپرسەدا ڕەفتار دەکات  کەئەمەش بنەمای هەموو دەسەڵاتێکی تۆتالیتارە.

**پێگە بەراوردکاریەکان:**

پێگەی یەکەم: کاتێک (ئەقڵ) کاریگەری نێگەتیڤی دەبێت لەسەر هێز، ئاژەڵەکانی تر کەتەنانەت سیستەمی ئەقڵیان لەمرۆڤ لەخوارترە! بۆ خۆپاراستن لەمەترسی دەرەکی، یان بۆ دابینکردنی خۆراک یان بۆ زۆربوون شێوازی توندوتیژی کاتی بەکار دەهێنن، ئەوەش لەهەموو کاتێکدا نیە. بەڵام دەسەڵاتی کوردی کاتێک ناتوانێت چیتر بەر بەخواستی خەڵک بگرێت، بۆیە بۆ هێشتنەوەی دۆخی ئێستا ناچار دەبێت توندڕەوی بەکار بهێنێت.

پێگەی دووەم: مرۆڤ یان دامەزراوەی تۆتالیتار بەرامبەر هەموو شتێک و ڕەگەزی خۆی و سروشت و ژینگەو تەنانەت تاک بەرامبەر خودی خۆیشی توندوتیژی بەکاردەهێنێت، زۆرجاریش بۆ دەستەبەرکردنی خواستێکی کاتییە. کەئەمە لەئاژەڵی ئاسایی ناوەشێتەوە.

پێگەی سێیەم: لای دامەزراوەو کەسێتیە تۆتالیتارەکان توندوتیژی سرووشتی خۆی تێپەڕدەکات وهەندێک جار بۆ لەزەت‌و چێژ بینین لەتۆقاندن بەکاری دەهێنن. بەڵام لەدۆخی

ئاژەڵیدا ئاست و جۆرەکانی توندوتیژی دیاریکراوە و لەسەر ئاستی بەربەرەکانی سروشتی ماوەتەوە .

پێگەی چوارەم: ئەوە مرۆڤی تۆتالیتارە گەشەی بەشێوازەکانی توندوتیژی داوە و ئەمەش سەرگوزشتەیەکی مێژوویی هەیە. بەڵام لای ئاژەڵ هەمان جۆری توندوتیژییە سروشتیەکانە و بەپێچەوانەوە نەبوونی (ئەقڵ) پۆزەتیڤ دەکەوێتەوەو ناهێڵێت توندوتیژی ئەو گەشەیە بەخۆوە ببینێت. لەماوەی 15 ساڵی ڕابردوودا ڕاهێنانە ئەمنیو موخابەراتیەکان زۆرترین بەشداری کادیرەکانی دەسەلاتی بەخۆوە بینیوە، بەڵام بەرپرسە باڵاکان تائێستاش بەشداری ڕاهێنانە مەدەنیەکانیان تەنانەت بەشێوەیەکی سیمبوڵیش نەکردوە.

پێگەی پێنجەم: تۆتالیتار هەرگیز ناخوازێت ڕێگاچارەی هەڵاتن لەمەترسی بگرێتە بەر بۆ بەرەنگاری مەترسیەکان، بەڵام ئاژەڵەکانی تر تائێستاش هەڵاتن لەمەترسی وەک میکانیزمێک بەکاردەهێنن بۆڕزگار کردنی خۆیان. گەورەترین مەترسی مەترسی لەدەست دانی دەسەلاتو هێزە، لەدەست دانی پارەیە لەدەستدانی ئابرووی ترادیسیۆناڵیە، هەر ئەمەش وادەکات ئاڵوگۆڕی دەسەلات وەک پاشەکشەیەک سەیر بکرێت نەک نوێبوونەوە. گرفتی سەرەکی لەو ژیریو هۆشمەندیەدایە کەسەرانی دەسەلات ناتوانن تێیدا بژین، تەنیا هەست بەئازارەکانی هەڵاتن دەکەن، نەک چێژ لەمانەوەی سروشتی.

هۆکاری ئەم پێوانانە بەپلەی سەرەکی بۆ سنووررداری هۆشمەندی فیوداڵی دەگەڕێتەوە، چونکە هۆشمەندی فیوداڵی

هۆشمەندیەکی نەخوێنەوارە، هۆشمەندیەکی بێئاگایە لەفەزای دەرەوەی تریتۆری خۆی، لێرەدا گرنگ نیە ژمارەی دکتۆراکانی وەزارەتەکان چەندن، گرنگ ئەوەیە ئەو هەژموونە سیاسیەی ئەو هەموو دکتۆرایە بەرێوەدەبات چۆن فکردەکاتەوە. گرنگ نیە خوێندەواریان تاچەندەو ناوی بڕوانامەکانیان چیە، گرنگە هۆشمەندیەکە هۆشمەندی چ قۆناغێکە لەقۆناغەکانی مێژوو. بەم پێوانانە فاکتەری (ئەقڵ) لای ئەم دەسەلاتە ڕۆڵێکی نێگەتیڤ دەبینێت. من پێم خۆشە خوێنەر هەر وا بەسانایی بەسەر ئەم فاکتەرەدا تێنەپەڕێت، چونکە ئەمڕستەیەی سەرەوە ئەو مانایەمان دەداتێ کەفاکتەری زانیاری بەواتای (زانیاری تەکنیکی یان زانیاری مێژوویی) ((المعلومة)) بووەتە هۆی گەشەی شەڕانگێزی دەسەلاتەکەمان، زانیاریەکە خاڵی لەلۆجیکی ئەقڵی حیکمەت کەپێویستیەکی بنەڕەتی فەرمانڕەواییە. بەلام ئایا ئەوەندە بەسە کەبڵێین دەسەلاتی کوردی دۆخی ئاژەڵی تێدەپەڕێنێتو دەگاتە شوێنێک وەک دڕندە هەژمار بکرێت؟

سەرتوێژی ئەم نووسینە لەو دوو ئارگیومێنتە سۆسیۆلۆجیەوە سەرچاوە ناگرێت، کە ئایا مرۆڤ لە بنەڕەتەوە بوونەوەرێکی شەڕانگێزە یان کەدەڵێت مرۆڤ ماکە شەڕانگێزییەکانی لەلایەن کۆمەڵەوە وەردەگرێت و پێی دەبەخشرێت. بەڵکو ئێمە ماکەکانی توندوتیژی لەناو تاک و گرۆ و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا دەبینینەوە، بەپێوانەی چەمکی دەستەمۆ بوونی گیانلەبەرانەی دەسەلات دەزانین ئایا قۆناغی

فیودالّیمـــان تێپەڕانـــدوە یـــان نـــا؟ کۆمەڵگـــا تـــا ئەم قۆنـــاغە تێنەپـەڕێنێت ناتوانێـت تێڕوانینـی تونـدڕەویش تێپـەڕێنێت! ئـەم ژینگــە خێڵەکیــە هــەمان ژینگــەی قاعیــدەو جۆرەهــا فکــری تیرۆریسـتی تـرو تیـرۆری نێودەوڵـەتی دەوڵەتـە زل هێزەکـانی درووسـتکردوە. هـەمان لۆجیکـە کـە هێـزە سـەرمایەداریەکان بەکاری دەهێنن لەدونیاداو دەسەڵاتی ئێمـەش بەهـەمان لۆجیک بەرسڤی ڕێکخراوە جیهانیەکانی مافی مرۆڤو چاودێری مـافی مرۆڤ دەداتەوە .

گـەر بـە چـڕی سـەیری هۆکارەکـانی ئـەم جۆرە لەتونـدوتیژی بکەین، دەتوانین بیانگێڕینەوە بۆ بەربـەرەکانی نێوان سروشـت و مرۆڤەکانی ناو ئەم سروشتە. هەروەها ئەو بەربەرەکانیانـەی لـە نێوان ئەقڵە جیاوازەکاندا هەیە نـەک ئـەو جیاوازیانـەی کـە لـەنێوان بەرژەوەندیـە غەریزییەکانـدا هەیـە. لـەلای دەسـەڵاتی فیـودالّی لەکۆمـەڵگای کوردیـدا ئەمانـە بوونەتـە بەرژەوەنـدی فکـری و ئـەخلاقی و سیاسـیو لەڕەفتارەکانیـدا دەیانبینینـەوە. ڕاهاتنی فەرمانڕەوایی فیودالّی بەربەرەکانییەکانی لەگـەڵ هێزی خەڵکدا و سـەرکەوتنی بەسـەر کۆسـپە ناوخۆییەکاندا، ڕێبـازی تونـدڕەوی لا کردووەتـە نـەریت و ریتمێکـی کـارا بـۆ ژیـانی فەرمانڕەوایی. دواتریش هۆشـمەندی خـۆی لـەم بـوارەدا بەگـەڕ خســتوەو هــەرجارەو بــەجۆرێک داهێنــانی تێــدا دەکــات. لەســەرەتای هەفتاکانــدا لەســەر پێنــەدانی کچێکــی 14 ســاڵ بـەپیاوێکی 45 سـاڵ خـەڵکیان بەئاشکرا تیرۆرکـردوە، ئەمـەش ڕاســتیەکی مێژوویــە وەک نمونــە لەهۆشــمەندی فیودالّیــدا

دەگوزەرێـتو تائێسـتاش ئـەم تێفکرینـە لەبـەکارهێنانی هێـز بەردەوامـە، بڕینـی موچـەی خـەڵک لەسـەر فکـری جیـاواز، جیـاوازی نیـە لەگـەڵ کولتـووری سـوتانی خەرمانەکـەی مـام حەسەنی مـەرەزەو گەلاجارەکەی نـاو زنجیـەری ژاڵـە. ئەمـەش قۆنـاغێکی تـر و خەسـڵەتێکی تـری نائاژەڵیانـەی هۆشـمەندانەیە کەتوندوتیژی تێیدا پێ دەنێتە قۆناغێکی ترەوە، ئەوەش قۆنـاغی خوێندنەوەیـە کـە بەدیدی ئـەو گیانلەبـەرەی هەمیشـە دەیـەوێت ژیان لەدۆخی ئێستاداو لەسەر شێوازو پاترۆنی بیرکردنـەوەی ئەو ڕێ بکات.

بـەپێی ئـەم تەشـریحە تونـدڕەوی نـا ئـەقلانیو ناغـەریزی بـەتوانایی ئەقلانیـەوە دێتـە مەیـدان، کـە کاردەکاتـە سـەر بەرژەوەندیـە غەریزیـە سروشـتیەکانو تەنانـەت ژینگـەی سروشـتیش. زۆرجـار ئـەم دیاردەیـە لـە هەرەسـهێنانی ئـەقڵیو جـەدەل لەگـەڵ دژەکانـدا پـەراوە دەکرێـت، بۆیـە جـارێکی تـر هـەژموونی فیـودالی ناچـار دەبێت بگەڕێتـەوە بۆ بـەکارهێنانی ئـامرازە نوێکـان و کـارکردن بـەو ئەقڵـەی لەمیراتییـە نـا ئەقلانییەکانەوە بۆی ماوەتەوە. نمونەیەکی کۆمیدی من بۆ ئـەم دۆخـە ئەوەیـە دەڵـێم: "پێشـکەوتووترین کۆمپیوتـەر، ئەگەر ویندۆی 3.11 ی لەسـەر بێت، ئەوا جیاوازیەکەی هـەر ئەوەیە خێراتر کاردەکات" خێراتر دەکوژێت، خێراتر تالانی دەکات .

لەم وێستگەیەوە دەبێت بڵێین هـەر بزاوتێکی نوێ دەخوازێت سـنوورێک بـۆ ئـەو دەسـەلاتە فیوداڵیـەی کوردسـتان دابنێـتو

گۆڕانی تێدا ئەنجام بدات، دەبێت ئالیەتو میکانیزمێکی لیق بگرێتەبەر کەنەتوانرێت بەئاسانی توندڕەویەکانی ئەو دەسەڵاتە گورزی کاریگەری لێ بوەشێنێت. ئەمەش لێ وردبوونەوەو زانستو تەکنەلۆجیای نوێی پێویستە، کەهۆشمەندیەکانی ئەو دەسەڵاتە نەتوانێت پەی بەنهێنیەکانی بەرێت، تانزیک بوونەوەی ڕۆژی کەوتن.

تێبینی: من لەم تێکستەدا زاراوەی "ئاژەڵ" وەک سوکایەتی پێکردن بەکار ناهێنم، بەڵکو پێویستیمان بە توندوتیژی ئاژەڵیی هەیە تابتوانین پێوانەی توندوتیژی غەریزی، توندوتیژی ئەقڵانی، توندوتیژی ناغەریزی بەپێوانەی ئەقڵانی پێ بکەین. کاتێک دەڵێین خوار ئاژەڵ واتە نە لەڕووی ئنستینکتەوە، نەلەڕووی هۆشمەندیەوە لەئاستی ئاژەڵدا ناژینو لەخوارتر مامەڵە لەگەڵ پرسی هێز دەکەن، بەتایبەت بەرامبەر نەیارەکانیان.

**چەمکی شەڕانگێزیو هۆشمەندی فیودالی**

دوو هێزی سەرەکیمان هەیە لەچوار پێناسەو چەمکدا، ئەوانیش هێزی توندڕەوانەو شەڕانگێز، هەروەها هێزی ئاشتیخوازانەو ناتوندوتیژ کەلێرەدا بەزنجیرەیەک گرنگی بەهەر یەک لەو پێناسانەدەدەین. چونکە ئەگەر ئەم چوار چەمکە سەرەکیە تاوتوێ نەکەین ناتوانین وەک پێویست لەئاسۆکانی توندوتیژی بەردەوام لەفەنتازیای دەسەڵات لەسیاسەتی کوردیدا خوێندنەوەمان هەبێت، هەروەها سەرچاوەکانیشی

ناناســین، لــەپاڵ ئەوەشــدا نــاتوانین ســنوورێک دابنێــین بــۆ چارەســەرکردن‌و ڕیشەکێشـکردنی هـەژموونێک کە دەسـەڵاتی سیاسـی بەتـەنیا خـۆی دەبینێت. لەلایـەکی تـرەوە نە دەتـوانین شــیکردەنوەمان هەبێــت ن ڕێگەچــارەیەک بۆدەربــاز بــوون لەهـەژموونێک کـە خاڵییە لەمەعریفـەی ئاشـتیخوازانە، خـاڵییە لەمۆڕاڵێکی مرۆیی کەبـەهۆی هـەژموونێکی مەعریفیـەوە خـۆی بۆخـۆی پەیدای کردبێت. گرنگە ئـەم پرسـە وەک سـووکایەتی سـەیر نەکـەین، چونکـە کاتێـک دەســەڵاتـی سیاسـی کـوردی قوتابخانەیـــەکی نیـــە بـــۆ سیاســـەتکردن کەتێیـــدا تیـــۆری بەرهەمهێنابێت‌و بەهۆیەوە تەفسیرو لێکدانـەوەی هـەبووبێت بۆ بنەما مۆراڵیەکانی ڕۆژو داهاتوو، ئەوا ناچارین بچینـەوە سـەر چەمکـە سـەرەکیەکان‌و بزانین لـەکوێوە تونـدوتیژی بـەردەوام سـەرچاوەی گرتـوەو لەکوێـدا کۆتـایی دێـت‌و بـەچ کردارێـک دەتوانین نەخۆشیە سیاسیو کۆمەلایەتیـەکانی گـەمارۆبدەین و ناکارایـان بکـەین. ئایـا دەبێـت دەسـتکاری ئـەم ئەخلاقـە بکـەین؟ یان دەبێت قەلاچۆی بکەین؟ ئایا دەبێت بیناسینەوەو خـۆی لـێ بپـارێزین؟ یـان بـەرەوڕووی ببینـەوەو لەهـەموو بۆنەیەکـدا دەسـتەویەخەلەگەڵیا بوەسـتینەوە؟ ئـەم پرسـیارانەو کۆمەڵـە پرسـیارێکی تـر کـە بەبیرکردنەوەمانـدا دێـت لـەم بارەیـەوە پێویستن.

لەم سەردێڕەدا لەشەرانگێزیەوە دەست پێدەکەین‌و هـەر جارەو یـەکێک لـەم پاترۆنانـە بەسـەر دەسـەڵات‌و هێـزە سیاسـیە کوردییەکانـدا لەپانتاییـەکی شـیکاریدا تـاقی دەکەینـەوەو چەکەرەکانی ئەم چەمکانە لەخودی پێکهاتەکانیاندا دەدوێنین تا

لەکۆتاییشـــدا بتـــوانین دەرئەنجامـــە نوێیـــەکان بـــەجۆرێکی چارەسەرکارانە بچنینەوە.

شـەڕانگێزی Aggression:

شـەڕانگێزی زیاتر ڕەفتـاری تاکە کەسـێکە (Fiske, 2004 P.363). ڕەفتـاری شـەڕانگێزی ئـەو ڕەفتارەیـە کەمەبەسـتێتی هەستێت بەئازاردان‌و بریندارکردنی کەسێک یان گیانـەوەرێکی جووڵاوە بەمەرجێک گیانەوەرەکە توانای هەوڵی دەرباز بـوونی هـەبێت، واتـە هەوڵبدات دەربـازی ببێت لەشـەڕانگێزیەکە، بـەم جۆرەش مەبەستی ئازاردانەکە سـەرەکیە لەڕەفتارەکەدا.. واتـە لەوانەیـە کردەوەکـە نەبێتـە هـۆی بریندارکردنی جەستەیی یان دەروونـــی، بـــەڵام مەبەســـتی بریندارکردنەکـــە ســـەرەکەیەو بەهـەبوونی کردەوەکـە دەبێتـە کردەوەیـەکی شـەڕانگێزانە. خـۆ لەوانەیە کردەوەیـەک ببێتە هـۆی بریندارکردنی جەستەیی یان دەروونـــی یـــان هـــەردووکیان بـــەڵام مەبەســـتی ئـــازاردان‌و بریـنـــدارکردنی لەپشـــتەوە نـــەبێت، ئـــەوا ئـــەو کردەوەیـــە بەشـەڕانگێزی دانانرێت.

لـــەلای دەســـەڵاتی کـــوردی شـــەڕانگێزی مەبەســـتدارە، واتـــە لـــەکردارێکی ڕێکەوتـــەوە درووســـت نابێـــت، چونکـــە هێزێکـــی تایبەتی پێشـوەختی بۆئـەم کردارە هەیـە. ئـەم هێـزە قاڵ کـراوە لـــەڕووی تواناییـــەوە بـــۆ ئـــازاردانی نـــەیار، نـــەیار: نـــەیارێکی نیشـــتمانی یـــان نـــەیاری پرســـێکی ئایـــدۆلۆجی نیـــە، بۆیـــە ئاستەنگیشە بتوانین لەڕێگای حیواری فیکرو لۆجیکەوە لەگەڵ

ئەم دەسەڵاتەدا بەشێوەیەکی لۆجیکی نەیار بین، نەیار: نەیاری بەرژەوەندیو نەیاری مەترسی درووستکارە بۆسەر دەسەڵاتەکەی ئەو، ئەو: بەواتای دەسەڵاتی کوردی. بۆیە ئەم جۆرە پرسیارە دەکەین ئایا نەیار کێیە لای دەسەڵاتی کوردی؟ نەیار هەرکەسێکە بیەوێت دەسەڵات ئالگۆڕبکات چونکە فکرو هۆشمەندی فیودالی لەژێریەوە دەسەڵات ناگرێتە دەست، بەڵکو لەبنەڕەتی هێزو فێڵەوە دەسەڵات دەگرێتە دەست، (مەکیاڤیلی: دیسکۆرس 1882). فیودال واتایەکی هەیە بۆ حوکمڕانی واتایەکی مۆنارشیە دەسەڵات دەسەڵاتی ئەوە ناکرێت کەسێکی تر خاوەنی دەسەڵات بێت. ئەمەش کۆڵۆنی ناشەرعییانەی دەسەڵاتە بەسروشتی بیری دەرەبەگایەتی.

جا ئەگەر ئێمە ئەم پرسە بەتەنیا لەخودی دەسەڵاتی حوکمڕاندا کورت نەکەینەوە، ئەم جۆرە لەبیرکردنەوە لەتێکڕای پێکهاتەکاندا بەدی دەکرێت، کەدەسەڵات تێیدا پەراوە دەکرێت، بەڵام لای خودی دەسەڵاتی سیاسی ئەم پرسە پڕ بەپانتاییەکی فراوانی گۆڕەپانی سیاسییەو لەسەر ئاستێکی ڕۆژانە ڕەنگ دەداتەوە. ئەم ڕەنگدانەوەیە، شەرعیەتی کولتووری دەبەخشێتە شەڕانگێزی لەسەر ئاستی جیاواز، چونکە لەحیزبی خێڵدا پرۆسەی تیشکەپێکهاتنەکە ڕوودەدات بۆ بەرهەمهێنانەوەی شەڕانگێزی.

دووجۆر شەڕانگێزیمان هەیە: یەکەمیان (شەڕانگێزی دوژمنکارانەHostile Aggression ) کەئامانجی سەرەکی

تێیدا بریتیە لەبریندارکردنو ئازاردان و هەر بۆیە دەبێتە هۆی ڕوودانی زیانی گەورە، واتە لەشەڕانگێزیدا مەبەستی سەرەکی ئازاردانو بریندارکردنە، وەک هەموو حاڵەتەکانی تیرۆری ڕۆژنامەنووسو بیرمەندو چالاکەوانەکان.. جۆری دووەم (شەرانگێزی کەرەستە Instrumental Aggression ) ئامانجی سەرەکی ئازاردانو بریندارکردن نیە، بەڵکو ئازاردانو بریندارکردن بەکار دەهێنرێت بۆ گەیشتن بەئامانجێک، بەم جۆرەش ئامانجەکەی تر وا لەکەسی شەڕانگێز دەکات پەنا بەرێتە بەر ئازاردانو بریندار کردن، باشترین نمونەش نمونەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەیە کەلە بۆنەکاندا لێدان دەخۆن، کامێرەکانیان خەڵتانی خوێن دەکرێت، یان لێیان دەسەنرێت...تاد. لێرەڕا لەجۆرەکانی شەڕانگێزیەوەو لەپێناسەو پێکهاتەی سەرەکیەوە دەردەکەوێت کەهێزێکی چەکدار کاتێک لەکردەی شەڕانگێزیدا بەکار دێت بنەماکەی بنەمایەکی تاکە کەسیە، بەم جۆرە کاریگەری پێکهاتەی تاکە کەسی لەدۆخی سیستەمی دەوڵەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی فیودالی، ئەمەش بنەڕەتە بۆ بەدەوڵەتۆکە بوونی دەوڵەت، بنەڕەتە بۆ حاکمۆکە بوونی حاکم. چونکە پانتایی هۆشمەندی فیوداڵ لەوە زیاتری پێ پاوان ناکرێت، هەر چۆن شەڕاگێزی خۆشی پێ ئاساییە، شەڕانگێزی لەخۆی گەورەتریشی پێ ئاساییە لەسەر خۆی. بەمانایەکی تر ئەوە خودی دەرەبەگو کەسێتی دەرەبەگە کەدەبێتەوە بەرێگرو دەیەوێت شەڕانگێزانە ڕەفتار بکات، چونکە ئەوە فەزای وجودی ئەوە، لەو فەزایە بترازێت بوونی ئەو لەهاوکێشە ئەقڵانیەکاندا کورت دەهێنن.

بێگومـان شـەڕو کوشـتن کۆمـەک بەپرۆسـەی چەوسـاندنەوە دەکـات.. چەوسـاندنەوە ئازاربەخشـە لـەڕووی دەروونـیو جەسـتەییەوە، لـەڕووی مۆراڵـەوە لـەڕووی وجـوودەوە. بـەم دەلالەتانە هەرشتێک لەسەرەوە بۆ خوارەوە ئازاری جەستەیی یان دەروونی درووست بکات دەچێتە خانەی چەوساندنەوەوە، ئـەوەی چەوسـاندنەوە بـەکردەوە پێناسـەدەکات ئەوەیـە کەچەوسـاندنەوە بـەهۆی سیسـتەمەوە فەراهـەم دەبێـتو تاکەکـەس پێـی هەڵدەسـتێت. ئەمـەش ئـەو حیکمەتـەی خـەباتی مەدەنییـە کەلەگـەڵ دۆخـی فیوداڵیـدا ناگونجێـت، ئەگـەرنا مەدەنیـەت ناتوانێـت هـیچ ئاسـتێک لەئاسـتەکانی عەدالـەت بەرجەسـتە بکـات، بۆیـە لـەچوارچێوەی دەسـەڵاتی سـتەمدا خۆمـان دەبینینـەوە. جا شـەڕانگێزییەکە دوژمنکارانـە بێت یـان کەرەستەیی گرنگ نیە.

دەسـڵاتی کـوردی لەبـەر کـورتو کـوێری بیرکردنـەوەو نزمـی ئاستی پەروەردەیی خۆی، ناتوانێت کەرەستەکانی لـەدەرەوەی فـامی تونـدوڕەوی کـۆنترۆڵ بکـات، بەهـەمان شـێوە ناتوانێت خواستەکانی بەدەر لەتونـدڕەوی پیادەبکات بەتایبـەت بەرامبـەر نەیارەکانی. هەر بۆیە هـەمان جۆری توندڕەویـە کـە لـە هەمـوو جێگایەکی پاوانەکەی خۆیدا پیڕەوی دەکات، ئەم توندڕەویانەی باسـیان دەکەیـن بەتایبـەتی دەردەکەون، لـەکاتی هـەڵبژاردن، خۆپیشاندان، مانگرتن یان ڕاپەڕینەکاندا کەدەرفـەتی هـەڵتۆقینی ئـەو رقانـەن پیـادە دەبـن لەلایەن سـایکۆلۆجیای فیـوداڵەوە.

سـایکۆلۆجیای فیـودال لەدوو پنتـی سـەرەکیدا کـاردانەوەی توندڕەوانەی هەیە، چونکە فیودالٚ بوونەوەریکی نەخوینەوارە، بـوونەوەری نەخـوینەواریش بـوونەوەریکی نـاعەقلانیە لەسەردەمی شارستانیەتی عەقلانیدا، شاریستانیەتی عەقلانی: لەپـاش بـوونی فەلسـەفەو لـۆجیکیکی پـڕ حـیکمەتەوە بونیـاد نراوەو ئەو تەکنەلۆجیایە ئەمڕۆی بۆ مرۆڤایەتی خستوەتەوە. ئەو دوو پنـتەی فیـودالٚ تییـدا دەمـارگیر دەبیـت مەترسـی و ڕووشانی لووتبەرزیە..

مەترسی مەرج نیە مەترسی ڕاستەقینە بیت و هەولٚ بیت بۆ دەرباز بوون لەمردن، بەلٚکو زۆرجار مەترسی تەنیا سەرابی تیڕوانینی فیودالٚ خۆیەتی کە پیی وایە مەترسیە. لووتبەرزی فیـودالیش لـووتبەرزیەکی ئەزەلـیە لەپەروەردەی نەخوینەوارانەی پاتریارکەوە سەرچاوەی گرتووە پیی وایە ئەو بوونەوەری بالایە یان پیی وایە دریژە بیدەری کبریائی خیزانی حـوکمڕانە. ئـالیرەوەو لەم لـوتبەرزیەوە مـاس چەوسـاندنەوە دەسـت پیـدەکات، ئەگەرچـی مـاس چەوسـاندنەوە لەشـوینیکی وەک میسری کۆندا هەرەمەکانی دروستکردوە یان دیواری چینی بونیادنـاوە، بەلام لەو پنـتەدا مـرۆڤ هەلٚویسـتەی هەیەو لـووتبەرزی نەخۆنەوارەکـان نـاتوانێ قبـوولٚ بکـات کاتیـک گیلکردنی کـۆمەلایەتی دەبیـتە بەرهەمـی لـووت بەرزیەکـان. دوجـار لـووت بەرزی سـەردەمی فیرعەونەکـان تیڕوانینـی زانسـتی لەپشـتەوە بـووە بەئەنـدازەی گەشـەی ئەو کـاتەی زانست. لـووت بەرزی دەسـەلاتی کـوردی هـیچ مەعریفەیەکـی

لەپشتەوە نیە، جگە لەو مەعریفە شیعریە یان ئەو مەعریفە دەروێشیەی کە بۆ خەلیفە دەکرێت.. لێرەدایە، خەلیفە دەبێتەوە بەسەرۆک و سەرۆک دەبێتەوە بە خەلیفە.

دیوی دوەمی ستەم لەشەڕانگێزیدا دەردەکەوێتەوە کاتێک بەرامبەر بزووتنەوەی گۆڕانو بەرامبەر یەکگرتوو و بەرامبەر کۆمۆنیستەکانو بەرامبەر چالاکوانانی کایە مەدەنیە جیاوازەکان...تاد ئەم شەڕانگێزیە پیادە دەکات. ئێتر ئەمە کولتوورو سیستەمێکە ناتوانێت لەناوەڕۆکەوە دان بەئاشتیخوازیدا بنێتو بەتەنیا لەژینگەی شەڕانگێزدا گەشە دەکات، مێژووی دوورودرێژی سەرکەوتنی هێزی چەکدار ئەوەی سەلماندوە.. شەڕانگێزیو ملکەچی بۆ مۆنارش (جەنگاوەرێکی قارەمان دەکاتە سەرۆکی حکومەتێک کەلەکاری دەوڵەتی نازانێت)، شەڕانگێزیو ملکەچی بۆ مۆنارش (تەحسین شاوەیسی لەخۆفرۆشیەوە دەکاتە شەهید، فایلدارێک دەکاتە سەرکردەی سیاسی...تاد)، ئەمەش شەڕانگێزی فیوداڵییە کەشەڕانگێزیەکی سیستەماتیکە، تاکی مۆنارش بەرەو توندڕەوی بەردەوام ڕەوانە دەکات کەلەبنەڕەتدا لەخەسڵەتی ستەمەوە هاتوە. ئەوەی سەیرە لێرەدا، ئەوەیە شەڕانگێزی بەتاک پێڕەو دەکرێت بەڵام بەهۆی پێشکەوتنی شارستانیەتی مرۆڤەوە لەڕووی تەکنەلۆجی و کارگێڕیەوە لەلایەک و دواکەوتنی عەقڵیەتی حوکمڕانی مۆنارشەکانی لای ئێمەوە لەلایەکی ترەوە، شەڕانگێزی دەچێتە جەستەی سیستەمەوە. لەجەستەی سیستەمەوە جارێکی تر تاک پێڕەویان دەکاتەوە،

تـاكی پـۆلیس تـاكی بەڕێـوەبەر، بەرپرسـی لـق یـان دەزگـا تۆقێنەرەكـان. ئەمە داهێنـانی سـەركردایەتی سیاسـی كـوردیە كەلە شەست ساڵی ڕابردوودا بەرهەمی هێناوە.

بـــەپێی ئاركیۆلۆجیـــای تونـــدڕەوی، (كلاســـتریس 1994/ لەشـــەرانگێزی ســـەرەتاییدا) دەڵێـــت: "دەســـەڵاتی مۆنـــارش بنـەماكانی لەكۆمەڵگایـەكی سـەرەتاییەوە هێنـاوە، وەک هێـزیش بەرامبەر بەهێز كۆمـەڵگای مۆنـارش شـەڕانگێزە بەرامبـەر هـەر هێزێـــک، ئەگـــەر هـــاتوو ئـــەو هێـــزە ببێتـــە هۆكـــار بـــۆ هەڵوەشـاندنەوەی یـەكێتی هێـزی دەسـەڵاتدار، واتـە ببێتـە هـۆی كاریگـــەری دانـــان لەســـەر گـــۆڕینی پەیوەنـــدی نێـــوان فـەرمانڕەواكانو فـەرمانپێكراوەكانو هاوكێشـەی دەسـەڵاتداری تێیـدا ناهاوسـەنگ بكـات" هەمیشـە ئـەم شـەڕانگێزیە لـەئاقارە فیوداڵیەكەیدا وەک هەڕەشە سەیری جیاوازیـەكانی نـاو كۆمـەڵ دەكـاتو بـەو پێیـە شـەڕانگێزانە مامەڵـەی لەگـەڵ دەكـات. ئـەم دەسـەڵاتە بنـەماكانی لەتۆتالیتێتـەوە هێنـاوە، ئۆتۆریتـەی خـۆی لەیـەک تۆتالیتێتدا پێ پەراوە دەكرێت، لـەو تۆتالیتێتە بترازێت بـەها بنەڕەتیـەكانی بـوونی دەكەونـە مەترسـیەوە. بەشـێوەیەكی سـادە نابێت كـەس قسـە لەقسـەی ئاغـادا بكـات، ئەگـەر قسـەی كـردو پاشـكۆنەبوو بۆ هـەژموونی ئاغـا، ئـەوا وەک تـابوو تێـی دەڕوانێـتو بـەئاگا یـان بێ ئاگایانـە شـەڕانگێزانە تێیـدەڕوانێت. لـەم بڕگـە چكۆلەیـەوە، پرسـی كۆمـەڵگای كـوردی چارەسـەر نابێت هەتا ئەم سیستەمو هەژموونە فیوداڵیە هەڵنەوەشێنینەوە، هەڵوەشاندنەوەی ئەم سیستەمەش تەواو وابەستی حوكمی ئەو

بنەماڵانەیە، هەروەها ئەو سیستەمەی کەبنەماڵەکان دووبارە دەکاتەوە.

شەرعیەتی فیودالی بۆ شەڕانگێزی شەرعیەتێکی لاواز و دوور لەلۆجیکە، هەمیشە گەورەیی بچووکیەکانی خۆی بەبچووکی گەورەکانی تر بەرورد دەکات.. هندێ کات دێنو دەڵێن هەموو ئەندامەکانی خێزانی بۆش، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، هەموویان لەدەسەڵاتدان.. یان لەوەلامدا دەڵێن: جا چیە با ئەمنستیو هەزاران ڕێکخراو ڕەخنە بگرێت، خۆ ئەمنستی ڕەخنە لەولاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکاش دەگرێت. ئەمە باشترین نمونەی شەرعیەت پێدانی شەڕانگێزیە، ئەمە پرسێکی پڕ نەگبەتیە کەهەمیشە دەگەڕێتە خۆی بەنمونەی بچووک بەراورد بکات، ئەگەر چی لەقەبارەشدا گەورە بن. ئەم پرسەیە، غاندیو ماندێلا بچووک دەکاتەوەو تاوانبارێکی وەک بۆش گەورە دەکات. ئەمەش نمونەیەکی تری شەڕانگێزی مەعریفیە کە دەسەلاتی کوردی بەرامبەر بەخەڵک پیادەی دەکات، بەتایبەتو بەبەردەوامی.

**میکانیزمی توندڕەوی و بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی**

گەر پێناسەیەکی سادەی زانستیانەی توندوتیژی یان توندڕەوی بکەین ئەوا دەڵێین: "بریتیە لەهەر هێزێکی فیزیکی یان مەعنەوی کەبەکاربێت بەمەبەستی ئازاردان یان خراپکردنی دۆخی ژیانی کەسێک یان گرۆیەکی دیاریکراو". ئازاردانو بریندارکردنی جەستەییو دەروونیش دەگرێتەوە.

ئــــەوەی لەشـــــەڕانگێزیدا هـــەبوو بریتــــی بـــوو لەمەبەســـت، کەمەبەســت یــەکێک بــوو لەدنگــە ســەرەکیەکان بــۆ هــەبوونی سایکۆلۆجیای شـەڕانگێزی، بـەڵام لەتوندوتیژیدا مەبەست زۆر شاراوەیە، واتـە بەئەندازەیـەک مەبەسـت شـاراوەیە کەئـەتوانین بڵێن گرنگـی پـێ نادرێت. هەربۆیـە توندڕەویـەکانی دەسـەڵاتی ســـتەمکار بـــەردەوام لـــەدۆخی توندوتیژیـــدا دەمێنێتـــەوەو بەباشترین شێوەش لەپاوانکاریدا بۆی بەرجەسـتە دەبێت. ئـەم جـۆرە لەدەسـەڵات لەکوردسـتاندا، بنەڕەتەکـەی بـۆ ئـەو جـۆرە لـــەپاوانکاری دەگەڕێتـــەوە کـــەماکو خەســـڵەتەو پەیوەنـــدی بەکـەموکورتی پـەروەردەی خێزانـیو کۆمەڵایـەتی سـەرکردەوە هەیە. (ژینگەی سـەرکردە ژینگەیـەکی پاوانکارانـەو ئۆتۆریتارانـە بووە بەهەموو پێکهاتەکانیـەوە، ئـەم ژینگەیـەش دەبێتـە ژینگـەی پـەروەردەیی گەشـــەکردنی ســـەرکردە). ئـــەم کـــەموکورتییە لەکۆمەڵگای دواکەوتوودا لەخۆیەوە درووست نابێت، بەشێوەی ڕێکەوت، بەڵکو تەنانەت لەکۆمەڵگای پێشکەوتووشدا ماکەکانی دەمێننــەوەو لەشـێوەژیانو سیســتەمی فیودالّیــەوە ســەرچاوە دەگرن.

سیســـتەمی فیـودالّی پاوانکـاریو ســتەمکاری دەکاتــە بنــەمای پـــەروەردەی هێـــز. تونـــدوتیژی بـــەردەوامی دەســـەڵات کەبەرئـەنجامی خەسڵەتی ستەمکارانەیە، کردارێکە هەرکـەسو سیستەمێک پێی هەستێت دەبێت ئەمانەی لای خوارەوە ئـەنجام بدات:

1. دەسەڵاتو هێزێکی گەورەو زۆر بەکار بهێنێت. پارتی و یەکێتی کەلەڕابردوودا ناڕاستەوخۆ و لەئێستادا بەڕاستەوخۆ وەک دەسەڵاتی شێوازبەند لەکوردستاندا، هەرچیان هەیە بەکاری دەهێنن لەپێناو مانەوەیانەدا لەدەسەڵاتدا، وەک پارە، هێزی سەربازی کەخۆی لەمیلیشیاو پێکهاتەی یەکە سەربازیە پاوانکراوەکانیاندا دەبینێتەوە هەموو تواناییەکانی تریان ...تاد.
2. کرداری بریندارکردن، کاولکردن یان ڕووخاندن ئەنجام بدات. بەسادەیی ئەمە دەسەلمێت بۆ ئەوەی بزانین ئەم دوو هێزە هێزێکی توندوتیژی بەردەوامن، بڕوانە لێدانی نەیارەکانیان لەمێژوودا تەنانەت بەرامبەر بەیەکتری.. ژمارەی ئەو پێشمەرگانەی لەدوو شەڕی ناوخۆدا نادیارن، دەگاتە هەزار کەس. چەندین نووسینگەی نەیارەکانیان سووتاندوە لەماوەی هەڵبژاردنەکاندا...تاد، کەلەوانەیە تۆی خوێنەر نمونەی زیاترت لابێت.
3. مەبەستی کاولکردنو ڕووخاندنەکە ویستێکی ئاشکرای لەپشتەوە بێت، بۆ نمونە سڕینەوەی ڕکابەرو بەدوژمن کردنی. ئاشکراترین کردەوە تیرۆرو بێسەروشوێنکردنی ڕۆژنامە نووسانو چالاکەوانە نەیارەکانە، وەک ڕەوف ئاکرەیی، نەزیر عومەر، قابیل، شاپوور، خاڵە حاجی، عەبدولستار تاهیر شەریف، قادرزیرەک، سۆرانی مامەحەمە، سەردەشت عوسمان...تاد. ئەوەش ئەو کاتەیە کە بەئاشکرا تیرۆر دەست دەکات بەسەرهەڵدان لەپێناوی بردنەوەی دۆڕاندندا.. ئەمە مێژووەو بەتەنیا لەسەر

دۆخێـک ڕانەوەسـتاوە، گـەر پیاچوونـەوەیک بکـەین بـۆ ڕابـردوو دەریـدەخات کـەمێژووی دیاردەکـانی توندڕەوی لەکوردسـتاندا تەریبـە بـەمێژووی مانـەوە لەحوکمـدا، مێـژووی کـاولکردن‌و سـڕینەوەی ڕکابـەرە بەدوژمنکراوەکانـە. بـەم پێیـەش شـەرعیەتی دەسـەڵات نامەشـروعانە لـەڕێگای هێزەوەیـە نـەک لـەڕێگای متمانـەی خەڵکـەوە. لەلایـەکی تـرەوە ئـەم پرسـە نـەیاری نیشـتمانی‌و نەیاری چینایەتی‌و نەیاری ئایدۆلۆجی دەسڕێتەوە دەیکاتـە نەیاری دەسەڵات، هەر بۆیـە ململانێی دەسـەڵاتیش بەتـەنیا بەبنەمایەکی دیاریکراوەوە مەحاڵ دەبێت. بۆ نمونە بنـەمای ئـابووری، بنـەمای ئایـدۆلۆجی، بنـەمای نیشـتمانی، چونکـە خـودی دەسـەڵات‌و ماشـێنەکانی ڕاگەیانـدنی ئـەم دەسـەڵاتە ئەمانـە هـەمووی بـەکار دەهێنێـت، بـۆ پـەراوەکردن‌و تاقیکردنەوەی نوێترین ئامرازو شێوازی توندڕەوانە.

4. تونـدوتیژی ڕێکخـراوەو پێکهاتەیـەکی دامـەزراوەیی پێـوە دیاربێت: ئەو دامەزراوەیە، گرۆبێت، کولتوور بێت یان هەر پێکهاتەیـەکی تـر تەنانـەت ئەگـەر تـاکیش ئـەنجامی بـدات ئـەبێت لەبنـەڕەتی سیسـتەمێکەوە کـۆی توندوتیژیەکـەی هـەڵهێنجا بێـت. سیسـتەمی سیاسـی‌و دەسـەڵاتی کـوردی لەبری دامەزراوەیەک، چەندین دامەزراوەیان بۆ ئـەم کـارە لـەبونیادەوە درووسـتکردوە، وەک جۆرەهـا دەزگـای سیخوڕی‌و سەرکوتکاری‌و ناچارکردنی خەڵک بۆ پەراوەی ڕەفتاێکی دیاریکراو.

WHOڕێکخراوی تەندرووستی جیهانی، بەم جۆرە پێناسەی توندوتیژی دەکات: "بەکارهێنانی هێزو دەسەڵاتە لەلایەنێکەوە بۆ لایەنێکی تر بەمەبەستی ترساندن یان بەراستی هێرشکردنە سەر کەسێک یان گروپێک یان کۆمەڵگایەک کەببێتە هۆی یان بەتوندی لەوانەبێت ببێتە هۆی بریندارکردن، مردن، زیانی دەروونی، خراپی گەشە بێت یان بێبەشکردن". ئەمەش بەتەواوی لەلایەن دەسەڵاتی کوردیەوە بەرامبەر نەیارەکانیان پێڕەو دەکرێت. واتە دەسەڵاتێکی توندڕەوە، ئەمەش لەقۆناغی دەسەڵاتی مەدەنیەوە دەگوێزێتەوە بۆ یەکێک لەدوو ئاستی: دەسەڵاتی میلیشیایی، یان دەسەڵاتی تیرۆری دەوڵەت. کەلەڕووی کارخانەییو لەڕووی سەلماندنەوە دەیکاتەوە بەتۆتالیتار واتە شێوەی دەسەڵاتی بەعس وەردەگرێت. بۆیە گرفتێکی گەورەیە ئەگەر کۆسپ لەبەردەم ئەو تێگەیشتنەدا دابنێین کەهەریەک لەیەکێتیو پارتی بەبەعەس بچوێنین، چونکە ئەگەر خۆمان پاراست لەلێکچواندیان بەبەعس خۆمان دەپارێزین لەچارەسەرکردنی درووست. کە لەڕاستیدا تەوواو لەبەعس دەچن بەپێی پێناسە زانستییەکان، ئەوەی جیاوازە ئەوەیە کەبەعس لەپێناسەیەکی دەوڵەتیدا بەعس بوو، بەڵام ئەمان ئەو پێناسە دەوڵەتیەیان نیە. هەروەها خۆگونجاندنێکی کەمیان کردوە لەگەڵ ئەو بارودۆخەی کە ئێستا لەجیهاندا دەگوزەرێت. لەلایەکیترەوە لێکچوواندن ئاستی تیۆری تێپەڕاندوە، هەروەها ئاستی مومارەسی لێرەو لەوێی تاکڕەوانەشی تێپەڕاندوەو گەیشتوەتە ئاستی کردەوەی بەردەوامی سیستەماتیکی ڕۆژانە. وەک: (کۆکردنەوەی خەڵک

بـــۆ خۆپیشـــاندانی دەســـەڵات، کۆکردنـــەوەی خـــەڵک بـــۆ ئاراســـتەکردنیان لەدەنگدانـــدا، نـــانبڕینو بێـــدەنگ بـــوون لەنانبڕین...تاد)

جیاوازی توندڕەوی لەگەڵ شەڕانگێزیدا ئەوەیە: کەدەکرێت شەڕانگێز مەبەستی بێت زیان بگەیەنێت بەڵام لەتوندوتیژیدا مامەڵە باوەکە سەیر دەکرێت کەتوندوتیژەو لەوانەیە ئەو لایەنە مەبەستیشی نەبێت زیان بگەیەنێت. ئەی کەواتە کەمەبەستی نەبێت زیان بگەیەنێت، بۆ پێڕەوی توندڕەوی دەکات؟ زۆر بەسادەی چونکە ستەمکاری لەخەسڵەتی ئاغادایە (فیوداڵ.. مۆنارش)، کەبێگومان دەرئەنجامی ئەم بەرئەنجامە توندڕەوی بەمافی خۆی دەزانێتو لەچوارچێوەی توندڕەویشدا پێناسەی ناکـــات! ئەمـــەش بـــەهۆی پـــەروەردەکردنو کـــەموکورتی فێربوونـــەوە ڕوودەدات.. بـــەم پێیـــە دەســـەڵاتی ئـــەمڕۆی کوردستان کەم توانایە لەئاست پێویستیەکانی مەدەنی بووندا و ناتوانێت مەدەنی بێت. بۆیە دەبێت لاچێت لەسەر حوکمو چیتر ئەو دەسەڵاتە حوکممان نەکات ئەگەر بڕیارە لەکوردستاندا ئاشتی سەقامگیر بێت، ئاشتیش بەواتا فراوانەکەی، واتە ئاشتی هەموو لەگەڵ هەموو.. ئەمە هەمان ئەو بنەڕەتە نهێنیەیە کەهـــەرگیز یـــەکێتیو پـــارتی لـــەنێو خۆشـــیاندا نـــاتوانن پرانســـیپەکانی ئاشـــتی جێبـــەجێ بکـــەن، بۆیـــە لـــەڕووی توندوتیژیـــەوە بـــەردەوامن بـــەڵام ئاســـتی توندوتیژیـــەکان دەگۆڕێـــت، لەئاســـتێکەوە دادەبـــەزن بـــۆ ئاســـتێکی تـــر یـــان

بەرزدەبنەوە بۆ ئاستێکی تر کەگومانی تێدانیە لەدۆخی شەڕی ناوخۆدا دەگەنە بەرزترین ئاستی توندڕەوی بەرامبەر بەیەکتر.

زانایەک لەبواری ئەنترۆپۆلۆجیای توندوتیژیدا (Krug 2002) سێ جۆری توندوتیژی ڕیزبەند دەکات بەم جۆرە:

1. SIV، Self Inflicted Violence ئەمانە هەموو جۆرەکانی خۆکوژیو ئازاردانی جەستە دەگرێتەوە.. بەڵێ سیستەمی حوکم لەکوردستاندا سیستەمێکی خۆکوژەو بەردەوام لەڕێگەی کوشتنو پاکتاوکردنەوە کێشەکانی ناوخۆی چارەسەر دەکات، بەتایبەت نەیارێک کەدەبێتە هەڕەشە لەسەر کەینونەی مۆنارش، لێرەوە مۆنارش پێی شەرم نیە بچێتە دۆخی دکتاتۆریەتەوە، بەلام بۆ پێناسەبەخشین بەتەصفیەی ناوخۆی حیزب پەنا دەباتە بەر وێکچوواندنی ناپاکی بەرامبەر پرسەکانی حیزب، پرسەکانی حیزب پرسی بنەماڵەکانە، دەیکەنە پرسی حیزب، دواتر پرسی حیزبیش دەکەنە پرسی نیشتمان، یان پرسی چینێک یان پرسی ئایینێک... تاد.
2. IV ، Interpersonal Violence ئەم جۆرە لەتوندوتیژی لەنێوان کەسە نزیکەکاندا ڕوودەدات. باشترین بەڵگە لەسەر توندڕەوی بەردەوام لەدەسەلاتی کوردیدا ئەو هێرشکردنو تاوانبارکردنانەیە کەلەنێوان بەرزترین دوو کەسی یەکێتیدا ڕووی دا یان لەنێوان تالەبانیو بارزانیدا ڕوویدا سەردەمی شەڕی ناوخۆ. دەسەلاتی ستەمکار لۆجیکێکی هەیە، دژ بوونو

هاوپشـتیوانی، ئـەو دەمانـەی هاوپشـتیوانی دەکـات، هـیچ جیاوازیـــەک نابینێــت، ئـــەو دەمانـــەی دژ دەبێــت هـــیچ هاوبەشیەک نابینێت. ئەمەش خەسڵەتی توندوتیژی خێزانیە کەلـەچوارچێوەی خێزانـدا یـان قبـوڵکردن ئامادەیـە یـان وەدەر نـان لـەچوارچێوەی خێزان کەبەهۆیەوە توندوتیژی نێوان کەسە نزیکەکان دەست پێدەکات.

3. VIS، Violence in Institutional Setting

هـەموو توندوتیژیـەکی دامـەزراوەیی دەگرێتـەوە، وەک تونـــدوتیژی خوێندنگـــەو شـــوێنی ئـــیش‌و یـــان هـــەر دامەزراوەیـەکی تـر. ئەمـە توندوتیژیـەکی بەردەوامـە لـەنێو دامەزراوەکانــداو لەماوەیــەکی دووردرێــژدا دەســەڵاتی کوردی نەیتوانیوە سادەترین بەربەستی بۆ دانێت، چونکە لەگـەڵ بوونیـادی خۆیـدا تەبایـە. لێـرەوە لێـدانی منـداڵ لەخوێندنگەکانـدا پرسـێکی گـەورەی دسـەڵاتی کـوردی نیـە چارەســەری بکــات تــا دەگاتــە گــەورەترین پــرس وەک سووتاندنی ژنان‌و کوشتنی ڕۆژنامەنووسان.

توندوتیژی و شەڕانگێزی زۆر لەیەکەوە نزیکن‌و چوونیەکیەکی باش لەنێوانیاندا هەیە، بەلام هێشتا جیاوازی خۆیشیان هەیە.. شـــەڕانگێزی بـــەتاک دەکرێــت‌و چارەســـەری لەچارەســـەری تاکدایــە... چارەســـەری تونــدوتیژی بــەبێ هێــزو دەســەڵات ناکرێت‌و بنەڕەتێکی دامەزراوەیی هەیە بۆیە دەبێت بەتوانایـەکی دامەزراوەییــەوە ڕووبــەڕووی ببینــەوە، بەواتایــەکی تــر ئــەو توندوتیژیــەی یــەکێتی‌و پــارتی بەرامبــەر نــەیارەکانیان پێــی

هەڵدەستن شەڕانگێزیەكی سادەی ئاسایی نیە، بەڵكو شەڕانگێزی سەركردەیە شەڕانگێزی دوو خێزانی گەورەكراوە، واتە لەبنەڕەتدا خێزانۆچكەیەكن بەپرسی حیزبو تواناییەكانی حیزب گەورەكراون، حیزبیش بەپرسی نیشتمانو نەتەوەو ئایین گشتیكراوتەوەو تێكڕا ئەمانەش دواجار لەچوارچێوەی توندڕەویەكی سیستەماتیكدا پیادە دەكرێتەوە بەسەر تێكڕای خەڵكدا. لەم دوو هێزەوە تێدەگەین دەسەڵاتی سیاسی كوردستان ئەنجامی كۆبوونەوەی چەند كەسێتیەكی شەڕانگێز سیستەمێكی توندڕەوانەیان درووستكردوە، تێكرای یاساو پراكتیكەكانیان پراكتیكو یاسای تۆتالیتاریە، كەلەخودی خۆیدا بووەتە كولتوورێك چەندین دامەزراوەی تایبەتی هەیە بۆ پەراوەی توندڕەویەكانو بەرهەمهێنانەوەی ئەولادی شەڕانگێز بۆ حوكمێكی هەمیشەیی پاوانەكەیان.

**ئاشتیخوازی و ناتوندوتیژی لەكولتووری فیودالْدا**

كاتی ئەوە هاتوە بێینە سەر دوو چەمكە پۆزەتیڤەكەی بابەتەكەمان كە ئەوانیش هەر یەك لەئاشتیخوازی و ناتوندوتیژیە، ئەم هێزانە وەك كەرەستەیەكی دوو دەم بەكاردێت، واتە دەكرێت دەسەڵات بەكاری بهێنێت، دەكرێت ئۆپۆزسیۆن یان بەرنگاران بەكاری بهێنن. ئەگەرچی گرفتی سەرەكی ئێمە لەوەدایە ئایا دەتوانین دەسەڵاتێكی فیودالی ناچار یان قایل بكەین بەم دووكەرەستەیە بێتە بەرنگاریەكی نابەرامبەرەوە لەگەڵ ئەو هەموو هێزو تێفكرینەی تردا؟ چونكە لەبەكارهێنانی ئەم دوو چەمكەدا (ڕەوایەتی پرس) حوكم

دەکـات، (ڕەوایـەتی پـرس)یش وابەسـتەییەکی زۆری بـەهێزی زانینـەوە هەیـە. هیـزی زانیـنش جارێکی تـر پەیوەسـتە بـەدۆخو ڕەوشی ژێرخانی مـەعریفی هـەردوو لەدەسـەڵاتو نادەسـەڵات، بەواتای مەحکومو حوکمڕان.

لەبەرامبـەر لۆجیکو قەبارەی عەقڵانیانـەی ئـەم پرسـە دەڵێین: ئـەم دەسـتەواژانە دەسـتەواژەی تـەمو مـژاوین بـۆ هۆشـمەندی حــوکمڕانی ئــەمڕۆ، بەتایبــەت حوکمڕانیــەک وەک ئــەوەی لەکوردسـتاندا هەیـە. گومـان دەکـەین تاچەنـد ئـەو دەسـەڵاتەی کوردسـتان دەتوانێـت ڕەوایـی (پرس)ەکـانی خـۆی بسـەلمێنێت بــەو هۆشــمەندیەوە کــە هەیــەتی؟ لەســادەترین نمونــەدا، لەقــەیراناویترین ســەردەمی هــەر دووپــارتی دەســەڵاتداری کوردسـتاندا، یـەکێکیـان دێـتو لـەکۆنگرەی فـەرمیو شـەرعی خۆیدا هـەرچی ئەوانـەی پەروەردەی جـەنگو تـاوانن دەیانکاتـە سـەرکردە، بڕوانـە کۆنگرەکـەی یـەکێتی نیشـتمانی (ئەنجامـە بڵاوکراوەکـان هـەردوو ڕۆژنامـەی هـاوڵاتیو ئاوێنـە). هـەرچی ئەوانـەی تریشـیانە، پـارتی دیمـوکرات، لەقەیرانـەکانی نەوتـەوە دونیـای خـۆی دەبینێـتو لـەپێناو نەوتپارێزیدا هـەموو سـامانو دەسـتکەوتێکی تـری نیشـتمانی وەلا دەنێـت، بەنمونـە ئـازادی، ئاسـایش، نـاکۆکی لەگـەڵ دراوسـێکان.. تەنانـەت سـەرۆکەکەی ئـەویش ئامـادەی گـەورەترین سـووکایەتی دەبێـت لەبـەردەم دەوڵـەتێکی وەک تورکیـادا لەلایـەک بـۆ پاراسـتنی حـوکمڕانی خۆیەتی، لەلایەک بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتێکی تری مـادی. لـەم ڕوانگانـەوە دەپرسـین ئایـا ئـەم قـوڕە تـۆزێکی لـێ بـەرز

دەبێتەوە بەناوی ئاشتیخوازی؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە هێشتا لەڕووی زانستیەوە ناچارین چەند چەمکو پێوانەیەک بخەینە بەردەست، بەڵام بەکورتی:

ئاشتیخوازی :Pacifism
چەمکی ئاشتیخوازی سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو سەریهەڵداوە! بۆ نمونە لەقاموسی ئۆکسفۆردی چاپی 1904 دا ئەم وشەو زاراوەیە نیە!! بەڵام ئەی Pacifist بەواتای ئاشتیخواز کێیە؟ ئەو کەسەیە کەباوەڕی بەجەنگ نیەو پێی وایە جەنگ هەڵەیەو ناکرێت بەهیچ شێوەیەک بەشداری تێدا بکەین. پارتی و یەکێتیو کادیرە ڕابەرییەکانی ئەم دوو تەنە دەسەڵاتدارە زیاتر لە 50 ساڵە زمانی شەڕ زمانی سەرەکی بوونیادو پێکهاتەی دەروونیو فیزیکی جەستەیان بووە! بۆ ئەم پرسە بۆ گاڵتەو گەپیش زەحمەتە مرۆڤی هۆشیار باوەڕ بکات، سەرکردەیەکی شەڕانگێز زیاتر لە 50 ساڵی تەمەنی خۆی لەژینگەی شەڕدا گوزەراندبێت، خێرا بێتو بڵێت ئێمە تەنیا باوەڕمان بەئاشتیە. (بڕوانە لێدوانو وتەکانی مەسعود بەرزانی لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا، 2010/05/29). ئەو هێزەی ئەم جۆرە پەروەردەیەی هەبێت ناتوانێت مومارەسەی بنەما ئەخلاقیەکانی ئاشتیپارێزی بکات، بۆیە لەململانێی شەڕانگێزانەشدا شەرعیەت بۆ مانەوە نوێدەکەنەوە. ئەگەر دەمانەوێت هێزێکی مەدەنی بێتە سەرحوکمو شەرعیەتی هەتا هەتایی لەفیودالیزمی کوردی بسێنینەوە، کەبەتایبەت لەهێزی پارتیدا بەدیار دەکەوێت، ئەوا دەبێت کەسە ناشەڕانگێزەکان

هـــەڵبژێرین بــۆ دروووســـتکردنی دابـــڕان لـــەنێوان هـــەردوو قۆناغەکـەدا. واتـە دەبێـت خـەڵکێک بـەم کـارە هەسـتێت هـیچ پەیوەندیــەکی ســۆزداری، مــادی، ڕۆحــی یــان ئایــدۆلۆجی، و باشتریشە پەروەردەییشی لەگەڵ ئەم هێزانەدا نەبووبێت.

کەسـێتی مـەدەنی ناشـەڕانگێز، لەئیـدراکو لەپـەروەردەی پـڕی مەعریفیــەوە دێــت، ئەگــەر بــۆ جارێــک توانیمــان ئــەم جــۆرە لەدابڕان درووست بکەین، ئەوا دەرفـەت بـەفیکری فیـودالّی یـان پـاوانخوازی نادەیەنـەوە جـارێکی تـرو بەشـێوەیەکی تـر خـۆی نمـایش بکاتــەوە. نابێـت ئــەوە لــەخۆمان بشــارینەوە، خــودی ئـــابووری کوردســـتان زۆر لـــەبارە بـــۆ گـــۆڕینی مۆنـــارش بەمۆنارشێکی تر، بۆیە سوود وەرگرتن لەچەمکی ئاشـتیخوازی دوای حــوکمی ڕەهــای یــەکێتیو پــارتی یەکێکــە لەکلیلــەکانی چارەســەرکردنی دۆخــی دۆگمــای ئێســتاو گــۆڕینی پرۆســەی گـۆڕان لەپرۆسـەیەکی جـەماوەریی کـاردانەوەیی نادادوەریـەوە بۆ پرۆسەیەکی ئـەقڵانی و تیـۆریزە کـراو.. بـەبێ ئـەم پرۆسـەیە ڕۆڵـــی هێـــزە مەدەنیـــە ئەقڵانیـــەکان ون دەبێـــتو مۆنـــارش بەمۆنارش تازە دەبێتەوە. لێرە بەدواوە دەبێت قسە لەسـەر ئـەو هەنگاوە بکـەین کـەچۆن شـەڕانگێزیو هۆشـمەندی شـەڕانگێزی پـەراوێز دەخـەین.. کەبـەڕای مـن هێـزی یـەکێتیو پـارتی چەنـد بانگەشــەش بکــەن، چەنــد بــەدەنگی بــەرزیش قســە بکــەن دوو هێـزن نـاتوانن تـادوو نـەوەی تـریش مـەدەنی ببنـەوە، هـەروەها کاتێــک مــەدەنی دەبنــەوە، ئەگــەر بۆماوەیــەکی درێژخایــەن دەرفەتی دەسەڵاتو پارەیان لەدەسـتدا نـەمێنێت. ئەم دوو هێزە

خەسڵەت نا مەدەنیەش هەر لەو پێناوەدا پارەو دەسەڵاتیان دەوێت کە پاریزگاری لەڕۆحی نامەدەنی و سرووتی توندڕەوانەو هەمیشە لەموچوڕکەی زاڵبوونی پاتریارکیدا بژین، ئەگەر نا نەپارە نە دەسەڵاتیان ناوێت.

بەشێوەیەکی گشتی ئاشتیخوازیش دووجۆرە: یەکەمیان ئاشتیخوازی تەواو Absolute Pacifist کەناتوندوتیژی بنەڕەتی بنەمایەکی سەرەکیەتی‌و جەنگ هەڵەیەو لەهیچ بارێکدا ناتوانرێت پشت بەشەڕ ببەستین بۆ چارەسەر. بەڵام جۆری دووەم چەند ناوێکی هەیە: ئاشتیخوازی پراگماتیکی Pragmatic Pacifism، ئاشتیخوازی باری تایبەت Situational Pacifism، هەروەها ئاشتیخوازی مەرجدار Conditional Pacifism. ئەمانە هەموویان بەگشتی یەک مانایان لەپێناسەدا هەیە کەئەویش مانای ئاشتیخوازی مەرجدارە، واتە ئاشتی کاتێک بەرهەمدێت کەمەرجەکانی فەراهەم ببن، بەڵام لەهەندێ باردا شەرعیەت دەدات بەجەنگ! بۆنمونە لەهەموو ڕاپەڕینێکی جەماوەریدا تەنیا شەرعیەتێک ڕێگەی پێدراوە کەبەرەنگاربوونەوەی توندڕەوی بەردەوامی دەسەڵاتە.. لەم خاڵەدا ئاشتیخوازی بەشی یان ئاشتیخوازی ناتەواو دێتە ئاراوە لەسەر بنەمای توندڕەوی بەردەوامی دەسەڵات. هەر ئەم شەرعیەتەشە کەدەستەڵاتی ستەم قرچۆکتر دەکات، کەپێچەوانەکەشی ڕاستە (دەسەڵاتی قرچۆک ناچار دەکات ستەمکارتر بێت، ستەمکارتر بوونیش قرچۆکتر بوون درووست دەکات) بەم جۆرە لە لوپێکی بازنەیی بەردەوامدا

دەخولێینەوە. هەر بەهۆی ئەم هۆکارەوە دەڵێن: دەبێت لەلایەک بازنکە بشکێنین، لەلای دوەمیشەوە دەرفەتو سەرچاوە لەستەمکاری وشک بکەینەوە .

بەڵام ئەگەر هەڵوێستەیەک بکەین و بمانەوێت بزانین بۆ ئەو جۆرە لەدەسلاتی قرچۆک ستەمکار دەبێت؟ ئەوا دەڵێین: کاتێک دەسەڵات بەهۆی قالبێکی ناشەرعیەوە پێناسەی خۆی دەکاتەوە، ئەوا بێگومان هەموو ئەگەرەکانی شەرعیەت لەدەست دەدات کەلەوانەیە بەشێوەیەکی شاراوە بەدیار بکەوێت. بەمجۆرەش تاکە ڕێگا بۆ مانەوە بریتی دەبێت لەستەمکاری. هەندێ کات ستەمکاریەکان دەردەکەوێت، وەک دەمکوتو سەرکوتی دەنگی ئازادانەی دەستەبژێرو ئیلیتی سیاسیو نووسەرو ڕۆشنبیرو بەتایبەتیش چالاکەکانیان! هەندێ کاتیش دەبێت ڕاگەیاندنو دەستەبژێر زەقیان بکەنەوە، هەر بۆیە یەکەم ئامانجی توندڕەوی دەسەڵات ڕۆژنامەنووسان دەبێت. دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی هەموو شەرعیەتەکانی خۆیان لەدەست داوە، بەوەی پەراوەیەکی بەرفراوانی گەندەڵی دەکەن، بازرگانی بەجەستەوە دەکەن، کۆیلایەتی نیوەی دانیشتوانی قبوڵە (مەبەست لەژنانە) سووکایەتی بۆ دوژمنان پێ ڕەوایەو ملدان بەنەیارە ناوخۆییەکان بەخیانەت هەژمار دەکات، لەپێناو مانەوەدا هەموو سازشێک دەکەن، تەنانەت گەیشتوەتە ئاستی سازشی کڕینو فرۆشتنی دەنگەکانی هەڵبژاردنو فێڵی سیستەماتیکو گوشاری بەرفراوان بۆسەر هاوڵاتیان. ئەمانە هەمووی بەڵگەن لەسەر قرچۆکی و بەڵگەشن کەئەم دەسەڵاتە تەنیا لەڕێگەی ستەمکاریەوە دەتوانێت

بمێنێتـەوەو تەنیـا ستەمکاریشـە دەتوانێـت کۆتـایی پـێ بهێنێت، بـۆیە ئایـندەی ئەم سیسـتەمە مەرگێکـی حەتمـیە، کە خـۆی بـۆ خۆی چاڵی خۆی هەڵدەکەنێت.

تـەنیا لەبـەر کـورتی بابەتەکـەو گرنگی تێزەکـە دەمـەوێت بڵـێم: "زانایـەکی ئایینناسـی بـەناوی / J.H.Yoder 1992 Varieties of religious pacifism. Scottsdale, PA: Herald Press" بیسـتو چـوار جـۆری ئاشـتیخوازی ڕوونکردوەتەوە. لێرەدا گرنگە بۆ ئێمە باس لەجۆرێکیان بکەین وەک سـەرچاوە Pacifism of Nonviolence Social : Change واتـە گۆڕینی کۆمەڵایـەتی بەڕێگەی ناتونـدوتیژی، ئەم جۆرە لەئاشتیخوازی لەلای مارتما مەهاتما غاندیو مـارتن لۆتەرکینگ پێڕەویان لێکراوە.

گۆڕانی کۆمەڵایەتی ناتوندوتیژانە یەکێکە لەداخوازیـەکانی هـەر کەسـێک کـەداوای عەدالـەتی کۆمەڵایـەتی بکـات، چونکـە داواکردنی عەدالـەت بەبنـەڕەتێکی توندڕەوی دەبێتـە هۆکـار بۆ خولقاندنـەوەی ئـەو تەڵەیـەی ئـەمڕۆ یـەکێتی و پـارتی تێـی کـەوتوونو بـەردەوام دەیانـەوێت دووبـارەی بکەنـەوە.. لێرەبـەدواوە یـەک شـەرعیەت بـۆ کـردەی شـەڕانگێزانە دەمێنێتـەوە، ئـەویش خۆپارێزیـە تائـەو سـاتەی سـەرئەنجامی ستەمی گـەورەی زۆردارانـەی دەسـەڵات ڕاپـەڕینی جـەماوەری درووست دەکات، کەئیتر هیچ دەرگایەک نامێنێتەوە بۆ ڕێگرتن

لەتوڕەیی دەرەوەی بزووتنەوە ناشەڕانگێزەکە. بەڵام پرسیاری سەرەکی لەسێ ئاراستەی ستراتیژیدا خۆی دەبینێتەوە:

1. ئایا ئێمە وەک پێویست هەوڵ دەدەین بۆ گەیشتن بەو تۆڕەییە جەماوەرییەی دەتوانێت ڕاپەڕین بخولقێنێت و بەپێی شەرعیەتی ڕاپەڕین دەسەڵات وەرگرێتەوە؟
2. ئایا ئێمە چۆن دەتوانین ئەو توڕەییە جەماوەرییە بەشێوەیەکی زانستیانە دابەش بکەینە سەر مەیدانو کایە جیاوازەکان تا لەلایەک بتوانین پارێزگاری لەخەباتی ئاشتیخوازانە بکەین، لەلایەکی تریشەوە دەسەڵات بگۆڕین؟
3. ئایا ئەگەر ئێمە ویستمان یان نەمانویستو تورەیی جەماوەری ڕاپەڕینی خولقاند، چۆن ئاکامەکانی ڕاپەڕین دەتوانرێت بەئاشتی بکرێتەوە؟

**ناتوندوتیژی وەک هێزێکی کاریگەر**

سیستەمی سیاسیو دەسەڵاتی کوردی بۆ ناتوانێت ناتوندوتیژ بێت؟ ئەمە یەکەمین پرسیارمان دەبێت بۆ گەیشتن بەو دۆخەی چەندین ساڵە پارتە سیاسیەکان بەتایبەت دەسەڵاتدارەکانیان بانگەشەی بۆدەکەن لەژێر دروشمی دیموکراسیو ئاشتیدا. ئەمە ئەو نهێنیەیە کەهەردوو دروشمی دیموکراسیو ئاشتی دەخاتە ژێر پرسیارەوە لەبەرامبەر عەدالەتی کۆمەڵایەتیدا. یان لایەنی کەم جۆرەکانیان بەشێوەیەکی ڕێژەیی دەکاتە دیموکراسی و ئاشتی ساختە. لەوانەیە کە وشەی ناتوندوتیژی دەبیستین یەکسەر وابزانین ئەم زاراوەیە مەبەستی توندوتیژی

نــەکردن بێــت؟ خۆزگــە بــەوجۆرە دەبــوو، بــەڵام چــەمکی ناتوندوتیژی زۆر زیاتری لەباسی تیۆری هـەڵگرتوەو بەتـەنیا وشــەیەکی پێچەوانــەی خــۆی ناتوانێــت تــەواو ڕاڤــەی بکـاتو بەپێناســەیەکی گونجـاوەوە لــەدنیای بــەدواداچوون دەربازمـان بکات.

غانــدی لـــەلای زۆربـــەی زانایـــانی بـــواری ســـایکۆلۆجیای ناتونـدوتیژیی‌و ئنترۆپۆلۆجیـای تونـدوتیژی‌و سۆسـیۆلۆجیای تایبــەت بــەم بــوارە وەک بـاوکی ناتونـدوتیژی دەژمێردرێـت، بۆنمونە:
Mayton 1954، Pelton 2001، Bondurant 1974، Fischer 1965و زۆرێکی تر لـەزاناکان لـەم بارەوە تیۆرو توێژینەوەیان ئەنجامداوەو سەرچاوەی واقعی‌و سـەرەکیانەیان بریتیە لـەتێڕوانین‌و بۆچوون‌و کردەوەکانی غاندی. زۆربـەیان باوەڕیـان وایـە کەغانـدی وەک فەلسـەفە سـەیری ناتونـدوتیژی کـردوە، بۆئـەوەی لـەم فەلسـەفەیەش تێبگـەین پێویسـتە لەسـێ بنـەڕەتی سـەرەکی غانـدی شـارەزا ببـین کەئەوانـەش بـریتین لـــەکۆی ڕای ئەوزانایانـــە لەســـەر شـــیکردنەوەی ڕێبـــازی ناتوندوتیژی بەڵام ئەم سێ بنەڕەتـە بـەتێڕوانین بەهزرمەندی‌و ئەزموونی دەسەڵاتی کوردیەوە گرێ دەدەینەوە:

1. Ahimsa وشــەیەکی سانســکریتیەو لــەڕۆژئاوا بەناتونـدوتیژی وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمانـەکانی ئـەو بەشـەی زەوی. بەڵام لـەزمانی بنەڕەتیەکەیدا ئاهیمسا واتایەکی تۆزێک جیاوازتری هەیە، هیمسا بەواتای بریندارکردن، (ئا) پێشگرێکی

نەفیکردنە لەوزمانەدا، بەوجۆرە دەبێتە بریندار نەکردن، بەڵام لەبنەڕەتەوە گەر سەیری زاراوەکە بکەین‌و بەقوڵتر تێی بڕوانین، مەبەست لێی خۆشەویستیەکی بەردەوامە، واتە جۆرە سۆزێکی داینامیکییە. بەبەردەوامی ئەم جۆرە لەخۆشەویستی لە بوونیادی دەسەڵاتی کوردیدا نادیار بووە و بەدیمان نەکردوە، بەتایبەت لەسیمبوڵەکانی دەسەڵاتەوە سەیر بکەین، دووریەکی گەورە هەیە لەنێوان ئەوان‌و خەڵکدا، پێوانە زۆرن بۆ ئەم ڕاستیە لەئۆفیسەکانیان، لەماڵەکانیان، لەدابڕان‌و سەیارەو موڵکو دووریان لەخەڵکەوە بڕوانین دەیسەلمێنن کەئەو دەسەڵاتە لەمێژە ڕایەڵەی خۆشەویستی‌و پەیوەندی سۆزداریانەی لەگەڵ خەڵک نەماوە.

ئەم خاڵە بەتەنیا گوناحی خودی دەسەڵاتداران نیە، ئەمە نەریت‌و خوڕەوشت وپەروەردەی فیوداڵیە، کەهەمیشە ناتوانێت ئاشتەوایانە لەگەڵ مەحکومدا مامەڵە بکات، بەڵکو هەمیشە مەحکوم وەک نەیار دەبینێت، بۆیە خۆشەویستی لەگەڵ پەیدا ناکات‌و ناتوانێت ئاشتبێتەوە لەگەڵیدا. لەدەلاقەی دەسەڵاتیشەوە تێی بڕوانین، دەسەڵاتدارانی کوردستان پۆستەکەیان بەحاکم نازانن بەڵکو خۆیان بەحاکم دەزانن. گەر سەیری نمایش‌و ڕەفتارە سایکۆلۆجیەکانی کەسێکی وەک مەسعود بارزانی بکەین، ئەوا خۆی بەحاکم دەزانێت نەک سەرۆکی هەرێم بەحاکم بزانێت، بەواتایەکی تر بەهۆی پۆستەکەیەوە حوکمڕان نیە، بەڵکو بەهۆی خۆیەوە پۆستەکەی سیفەتی حوکمڕانی هەیە. ئەمەش پڕاوپڕ سایکۆلۆجیای فیودالیزمە،

کەلەچوارچێوەی سیستەمی دەوڵەتدا کارناکات، ناشتوانین ئەم بنەمایەی ناتوندوتیژی لێ داوا بکەین. نمونەیەکی تر بڕوانە پۆستی سەرۆکی حکومەت لەکابینەکەی نێچیر بارزانی و لەکابینەکەی بەرهەم صالحدا، ئاسمان‌و ڕێسمانیان جیاوازە. بێگومان هەمان گرفت لەلای (ی ن ک) سەری هەڵداوە لەماوەی ڕابردوودا بەڵام بەشێوەیەکی ترو ساواترە.

2. Satyagraha لەلای غاندی (مقاوەمەی سلبی) یەکێک بوە لەڕێگاکان کەلەسیاسەتدا گرتویەتیە بەر، بەواتایەکی تر، بۆ ئەوەی ئاهیمسا جێبەجێ بکات هەستاوە بەڕێگای بەرەنگاری نێگەتیڤانە ڕووبەڕووی توندوتیژیی‌و چەوساندنەوە بۆتەوە. ئەم وشەیە دوو جێکەوتەی گرنگی هەبووە جگەلەوەی بریتی بوە لەکارێکی سیاسیی‌و چالاکی‌و ڕێبازێکی سیاسی، لەهەمان کاتدا، ڕێگایەکیش بووە بۆ گرێدانەوەی فەلسەفەی ناتوندوتیژی غاندی بەواقعی کاری سیاسیەوە. واتە غاندی وەک باوکی هزری ناتوندوتیژی بەهۆی هۆشمەندی بالاوە توانای چەسپاندنی ناتوندوتیژی هەبوە. ئەم هۆمەندیەش لەنێو هزرو پەروەردەی دەسەڵاتی کوردیدا نادیارە. دەستگرتن بەڕاستیەوەو سووربوون لەسەر ڕاستی‌و بەردەوام بوون بۆ بەدەستهێنانی ڕاستی، پرسێکی تر بوە لەپرسەکانی تری ناتوندوتیژی لەلای غاندی، چونکە ڕاستی تەواو ئەو گیان‌و ڕۆحەیە کەبەهۆیەوە مرۆڤ دەتوانێت بگاتە ئاکام‌و بەهۆیەوە دەتوانێت بەردەوامی بەخەبات بدات‌و واز لەپرانسیپەکانی نەهێنێت.

دەسـەڵاتی کـوردی هەمیشـە خـۆی بـەمیوان زانیـوە لەسـەر حـوکمو نـەیتوانیوە سـووربێت لەسـەر داوایـەکی خـۆی، نـەک لەپرانسیپێکی دیموکراتیانەوە کەئەم دەبێت حوکم چۆڵ بکات. بـەڵکو لەخەسـیوی‌و دۆڕاوی بیروبـاوەڕی خۆیانـەوە هـەرگیز باوەڕیـان نـەبوە تاسـەر دەتـوانن لەوحوکمـەدا بمێننـەوە، بـەڵام هەمیشـە هەڕەشـەی دەرەکیـان بـەهۆکاری لاچـوونی خۆیـان زانیـوە. بۆیـە ملکـەچیان بـۆ هێـزی دەرەکـی یـەکێک بـوە لەسـتراتیژەکانیان بۆ مانـەوە، ئەمـەش لەکـەمتوانایی مـەعریفی خۆیـان‌و سیسـتەمەکەیاندا بـەدی دەکـەین کەنـەیانتوانیوە بگەنـە ئاستی متمانەی تـەواو بەڕەوایـەتی ئـەو پرسـەی سـەرکردایەتی دەکەن، بەتەنیا ئەم پێوانەیە بەسە بۆئـەوەی دەسـەڵاتی کوردی بخەینە ژێر پرسیارو گومانەوە بۆ ئەوەی بزانین ئایا پاشکۆیە بۆ داگیرکەرەکان، یان پاڵەوانی نیشتمانیە لەبەرامبەریاندا.

سـەلماندنێکی تـر تەواوی ڕیسـی پـۆز و گەنـجەفەی دەسـەڵاتدارانی کـورد دکـاتەوە بەخـوری، ئەویـش گوتـار و تێڕوانینیـانە بـۆ نەیـار. لەیەکەم ئاوەڵناوەکـانی نەیـار ئەمـانەن: تـابووری پێنج، ئاژاوەگێڕ، دەستی دەرەکی، پیـاوی فـلان یـان فیسارە دەوڵەت... تاد، ئەم ئاوەڵناوانە بۆ نەیار لەبەرهەمی دوو دایک و باوکن: یەکەم نەریتی خودی دەسەڵاتدار، کەبەردەوام بەدرێژایـی مێژووی خـۆی نـۆکەری و سەرشـۆڕی بـۆهێزێکی بـاڵتر قبـوڵکردوە. ئەمە یەکێکـی تـرە لە ملهوڕیەکـانی نەریتـی حوکمی فیوداڵی بۆیە هەمیشە بەرامبەری نەیار لەوێنای مامەڵە سیاسـیەکانی خۆیـدا وێنـا دەکـاتەوە. دوەم: دەربـاز بـوون

لەپێویستیەک کەئەویش مقاوەمەی سلبیە. بەتەنیا ئۆپۆزسیۆن نـــیە کەپێویســـتی بە مقـــاوەمەی ســـلبی هەیە، زۆرجـــار دەســەڵاتداریش پێویستی بەمقاوەمەی سلبی هەیە لەبەرامبەر ناقـایلییە گشـتیەکاندا. بەڵام دەسـەڵاتی کـوردی، ناتوانێـت ئەم نەریـتە لەکـاری سیاسـی و سیسـتەمی حـوکمی خۆیـدا جێگـا بکـاتەوە، چـونکە خـاڵیە لە ئەگەر و تەکنیکەکـانی ناتونـدوتیژی. دواجـار لەبیرمـان نەچێـت دەسـەڵاتی فیـوداڵی دەسـەڵاتێکی پاتریارکیە، کەهەمیشە بەدوای نەخشیکی بەرامبەردا دەگەڕێت بۆمەترســی شـــەرفی پـــاوانەکە، بـــۆ ئەوەی شـــەرعیەتی تونـدڕەوانەی خـۆی پیـادە بکـات. بـۆیە بەم دوو سـەلماندنەی دواییمـــانەوە دەردەکەوێـــت کەخەســـلەتی ئاشـــتیخوازانە لەدەسەڵتی فیودالیدا ناتوانێت بژی.

3. Tapasy : ئەو ڕێبازەیـە کەتێیـدا مـرۆڤ خـۆی دەخاتـە ناخۆشیەوە لەپێناوی بەدەستهێنانی ئامانجەکاندا، دیارە ئامانجە ڕەواکان، کەبەهۆیانەوە نەمردەمێنێتەوە. بەجۆرێک تەواو خۆی ئـازاردەدات بـۆ ئـەوەی ئـەو ئامانجانـە بەدەسـت بهێنێـت کەدەیـەوێن، Groves. 2008 The anti-war quote book . San Francisco. لـەماوەی ڕابردوودا کە مـاوەی 20 ساڵە نەمانتوانیوە سەرکردە دیارەکـانی کورد لەناخۆشـیو بەختکردندا ببینـەوە، بـەدرێژای خـەباتی 50 ساڵەشیان جارێک بریندار نەبوون یان دیل نەکراون، یان کەسێکیان لێ دیار ئـاخر نـەبوە. لێـرەدا دیـارە قسـەو گفتوگۆمـان دەربـارەی هـەردوو بنەماڵەی حوکمڕانە نەک ئەو سەرکردانە کەتەنانەت تا بـەردەم

پـەتی سـێدارەش هـەر لەخەباتـدا بـوون. ئـەتوانین بڵێـین وەک پێویسـت کشمەلیکیشـیان لـێ نـەکراوە، ئەگـەر کردبێتیشـیان خۆبەخۆ لەنێوان خۆیاندا بووەو بەپشتیوانی هێزە دەرەکیەکانی کوردستان.

بـەپێی بنـەماکانی ناتونـدوتیژیو سیاسـەتی یـاخی بـوونی مەدەنیانـە لەخـەباتی ئاشـتیخوازانەدا، دەبێـت ئـەو هێـزەی دەیـەوێت لـەڕێگای دەنگـی خەڵکـەوەو لـەڕێگای پشـتیوانی جەماوەریەوە کار بکات، هەوڵ بدات بەجۆرێک لەجۆرەکان ئەم بنەمایانە لەلای خۆی جێ بکاتەوە. چونکە بەجێبەجێکردنی ئـەم بنەمایانـە، هێـزی تونـدڕەو یـان دەسـەڵاتی سـتەم قرچـۆکتر دەبێت.. دەسەڵاتی ستەم ناتوانێت توندڕەوانە بەرامبەر کردەی نەیار ڕەفتار نەکات.

ئێمـە لێرەداو لـەم نووسـینەدا قسـە لەسـەر دووریـە ئـابووریو پێکهاتـە دوورەکـانی کـاری سیاسـی و سیسـتمی بنەماڵـەکان ناکـەین، چونکـە ئـەوە لەسـەردەمی عەولەمـەدا بـەتیرۆانینو تیۆرەکـانی سـەنتەرو کـەنار لـەفکری دکتـۆر سـەمیر ئەمینـدا لێکدەدرێتـــەوە. بـــەڵام ناچـــارین بەشـــێک لـــەو تیرۆانینـــە لەچوارچێوەی "تیۆری پیاوبوون" ئەلموتزقە، کە بەپێی پاشخانە مێژووییـەکان، ئـەم هێزانـە لەسـەر پیـاوبوون ڕاهـاتوون کەلـە خـودی خۆیـدا مـاکێکی فیـوداڵی تـرە.. واتـە ئـەوە کولتـووری فیوداڵیە ناچاریان دەکات هەموو زەمانو کاتێک پیاوی هێزێکی لەخۆیان گەورەتر بنو هەرگیز ناتوانن بـەڕێگای دانوستاندنو

خۆ سەپاندن جێی خۆیان لەهاوکێشە نیشتمانیو ئیقلیمییەکاندا بکەنەوە. هەرگیزیش ناتوانن بچنە هاوکێشە جیهانیەکانیشەوە. ئەمەش شێوازێکی تری سەلماندنی قاڵبی ستەمکاریە، کەبەردەوام توندڕەوی بەرهەم دەهێنێتەوەو ڕۆژ بەڕۆژ لە ناتوندوتیژی دووردەکەوێتەوە، چونکە ناتوانێت هەناردەی گرفتەکانی خۆی بکات بۆ دەرەوە، بەڵکوە بەردەوام گرفتەکانی دەرەوەی خۆی گەورە دەکاتەوە بۆ دواخستنی گرفتەکانی ناوخۆی کۆمەڵگاکەی خۆی. چونکە ئەم هێزانە ئەگەر چارەسەری گرفتەناوەکیەکانیان پێ بکرێت هەرگیز هێزە دەرەکیەکان هەڕەشەنابن لەسەریان، بەحوکمی پابەند بوونی کوێرانەی نەزان بۆ زانا، جارێکی تر هیوادارم تیۆری سەنتەرو کەنار لەفکری ئابووری سەمیر ئەمین بخوێنیتەوە.

دەرئەنجام: دەسەڵاتی کوردی دەسەڵاتێکی فیوداڵیە، ئەگەرچی لەهەندێ ماوەی مێژوویدا توانیویەتی لاسایی هێزێکی ناسیونالیستی بکاتەوە، بەڵام لەبەر نەبوونی ماکی ناسیونالیستیو تەسفیەکردنی جەسەدی هەموو ئەوانەی خواستێکی جڤاتیان هەبووە، وەک مۆنارشێکی ستەمکارو پاوانکار ڕۆڵی بینیوە. باشترین هەڵتۆقینی ئەم ڕاستیەش لەماوەی حوکمی کورد خۆیدا پیادەیان کردوە. ئەم دەسەڵاتە مۆنارشیە، ناتوانێت دەستبەرداری دەسەڵات ببێتو لەوپێناوەشدا هەموو ڕێگاکانی توندڕەوی دەگرێتە بەر، واتە هەتا ئەگەری لەدەست دانی دەسەڵات زیاد ببێت، ئەوا زیاتر پەنا دەباتە بەر توندڕەوی، بەپێچەوانەشەوە بانگەشەی ئاشتی

دەکــات.. باشــترین چارەســەریش بــۆ بــەرەوپێش چــوونی پرســەکانی هــاوڵاتی، پرســە نیشــتمانیەکان، پرســە چینایــەتیو کولتوورییەکان، پرسی گرۆ پەراوێز کەوتوەکان..تاد دەبێت ئـەم دەسـەڵاتە لاببرێت، واتـە چیتـر حـوکم نـەکات لایـەنی کـەم بـۆ چەند نەوەیەکی داهاتوو تالەژێر کاریگەری بەخۆدا چوونەوەدا دەتوانێــت لەچەنــد نەوەیەکــدا پێناســەیەکی تــر بــۆ خــۆی بدۆزێتــەوە.. خـۆ ئەگـەر خانەنشـین بـوونی خـۆی ڕاگەیـەنێت سـەروەریەکی باشـتر تۆمـار دەکـات، یـان بـەهۆی بڕیـارێکی لــەوجۆرەوە دەتوانرێــت لــەبری ملنــان بــەرەو ڕاپــەڕینی جەماوەری ئاشتبوونەوەی جەماوەری درووسـت بکات.. کـەمن بەداخەوە بەدگومانم! ئومێدیش دەکەم گومانەکانم هەڵە بن.

**ژینگەو دەوروبەری توندڕەو لەئەزموونی فیوداڵیدا**

گــەر ســەیری مێــژووی تونــدڕەویی بکــەین لــە ڕێگــەی خوێندنـەوەی ئەفسـانەکانەوە تـا دەگاتـە سەرگوزشـتە ئایینیـە نووسـراوەکان تـا دەگاتــە تیرۆرکردنــی ڕۆژنامەنووسـان لــە ئێراقدا.. ئـەوا دەتـوانین جـەخت لـەوە بکەینـەوە کـە توندوتیژی تەکنیکێکە لەبەرەوڕووبوونەوە کۆمەڵایەتییەکانداو ڕەچەڵـەکێکی مێژوویی هەیە! بابزانین بەشی دەسەڵاتی سیاسـی کـوردی لـەم ڕچەڵەکــە مێژووییــە چــی بــوە؟ بەکاریگــەری ژیــانی ئــەو سیاســەتمەدارانەی لەبازنــەی ملمـلانـێ توندڕەوەکانـدا ژیـاون؟ ناسینەوەی ئـەو میراتیـە بابـەتێکی توێژینـەوەی زانسـتیە زیـاتر، بـەڵام بەدەرخسـتنی سـیمبوڵەکانی دەریـدەخات کەهۆشـمەندی فیـوداڵی تـەنیا لەدرووشـمدا توانیویـەتی گۆڕانکـاری بکـات نـەک

لەمێژووی ناوچەکەدا. هەر بۆیە ناتوانێت پرسێکی مرۆیی یان نیشتمانی یان نەتەوەیی یان ئاییبی پێش بخات لەکوردستاندا. بەم جۆرە لەبازنەی ململانێی دەسەڵاتدا ماوەتەوەو هیچی تر. واتە بازنەی فکری ئەم هێزە تەنیا بەڕەنگ، ڕەنگی نیشتمانی گرتوە، یان ڕەنگی ئاییبی یان هەندێ جاریش ڕەنگی چینایەتی گرتوە نەک بەفکر.

کوشتن و تیرۆر لە قابیل و هابیلەوە بۆ ئەشکەنجەکانی مەحاکمی تەفتیش بۆ تیرۆر لەسەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین و ئیمپراتۆریەتی کۆمۆنیزمی سۆڤێت و تیرۆری ڕێکخراوی ڕۆژئاوا و ئیغتیالی سیاسی لە لای (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) تا دەگاتە تیرۆری دەوڵەتی دژ بە کوردەکانی هەرچوار پارچەکەی کوردستان و دواتر بۆ سەرهەڵدانی باڵە سیاسیە ئیسلامیە توندڕەوەکان و جەنگی دژ بە تیرۆریش، سەراپا کاریگەرییەکی گرانیان لەسەر مەسەلەی دەستەمۆ بوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ داناوە. ئەگەرچی هەندێکیان بەبێ توێژینەوەی زانستی باسکردنیان ئاستەنگە بەڵام توێژینەوەی زانستیش دەبێتە خەون لەسەردەمی ژیانی حوکمڕانی تیرۆریستیدا. بەڵام پێشەکی بەدەر لە ڕێگاچارەی <u>کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی</u> ئەم مەسەلەیە بۆ دەیان سەدەی تریش درێژەی دەبێت. لێرەدا گرنگە باس لەپرسێکی بنەڕەتی بکەین، کاتێک دەسەڵات خۆی سەرچاوەی درووستکردنی ترس بێت، ئەوا کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی لەڕێگای دەسەڵاتەوە دەبێتەوە

بـــەمیکانیزمێک بـــۆ درووســـتکردنەوەی تـــرس و تیـــرۆر نـــەک چارەسەرکردنی.

بەشـێوەیەکی گشـتی بیرۆکـە تونـدڕەوەکان کاتێـک هـەڵگری شوناسـی نەتـەوەیی یـان ئایـدۆلۆجی بـوون نمونـەی نـازیزم، مەغۆلـــەکان، کۆلۆنیـــالیزمی ڕۆژئـــاوایی، ڕەگـــەز پەرســـتی شـــۆفێنیزمە جیاوازەکـانی دەوری کوردسـتان...تاد سـەرجەم ئەمانە ئەو تەوژمە سیاسیە درێژخایەنانە بوون کە نەوەستاون بـە پانتاییـەکی جـوگرافی دیـاریکراوەوە، کـە ئـەو جوگرافیایـە بریتی بێت لە جوگرافیای نیشتیمانی خۆیان، تەنانەت ئەمانـە لـە خـودی خۆیـان و خوێندنەوەکانیانـدا دراوە نیشـتمانییەکانیان وەلانـاوە و تێگەیشـتنیان بووەتـە سـەراپاگیری لـە دونیـادا و پـەراوەی سیاسـەتێکی توندڕەوانـەیان کـردووە کـە لەسـەر ئاسـتێکی ئیقلیمـی بەرفراوانـەوە دەسـتی پێکـردووە بـەرەوە نـەمانی سنووورە جیهانیـەکان ئەوەنـدەی پێیـان کرابێت. بـەڵام پـەراوەکردنی هـەمان تونـدڕەوی بەشوناسـی فیوداڵیـەوە لـەدەوری خـۆی گیردەخـوات و ناتوانێـت سـنووری تێریتـۆری خۆی تێپەڕێنێت.

هۆشـمەندی فیـوداڵی ئـایین وەک بـەرگر بـەکار دەهێنێـت لەشەرعیەت بەخشین بەتوندڕەویەکانی خۆی. بۆیە هندێ جار چـۆن پێویسـتی بەپۆشـینی بـەرگی نیشـتمانی هەیـە، ئـاواش پێویستی بەهەڵگرتنی هیما ئایینیەکان هەیە. میراتی توندڕەوی ئـایینیش لـە ئێراقـدا بـەم جـۆرە دەسـت پێـدەکات: هـەر

لەسـەرەتاکانی ئیسـلامەوە کوشـتن و تیـرۆر بەشـێوەیەکی مەنهـەجی بـەردەوام بـووە. خەلیفـەکانی ڕاشـدی سـیانیان بـە کوشـتن ڕۆشـتووە کـە دوا خەلیفـەیان لـە ئێراقـدا تیرۆرکـراوە. دواتـر خەلیفـەکانی ئەمـەوی و عەباسـی، کـە ئەمانـە هـەر لـە کۆنـەوە واریسـی حـوکمکردن بـوون لـە ئێراقـدا و دواتـریش بەسـەر بەشـێکی کوردسـتاندا. بۆیـە زۆر سـەیر نیـە کاتێـک دەسەڵاتی ئێراقی هێزە سەربازیەکانی خۆی بەنـەوەی قعقاع و سـەعدی کـوڕی وەقـاص دەناسـاند و پـەراوەی تونـدوتیژی دەوڵـەتی دەکرد. خۆ ئەگـەر بێینـە سـەر دەسـەڵاتە فیوداڵیەکـە، بـەرگی ئـاییني لەبـەردەکات بـەڵام لەبـەر نـەبوونی هـەمان شوناس، ناتوانێت هێزەکانی خۆی جگـە لەناوی بنەماڵـەکانیان وەک هێمایەکی ئاییني یان هێمایەکی نیشتمانی بناسێنێت.

بـەپێی ڕیزبەنـدی شـوناس مـرۆڤ تـاک بێـت یـان بەکۆمـەڵ لـەدیارترین شوناسـەوە دەسـت پێدەکات، بۆنمونـە لەناسـاندنی کەسـێکدا یـان گرۆیەکدا بـەناوی کەسـەکە یـان گرۆکـە دەسـت پێدەکـەین، چونکـە دیـارتین شوناسـە. هێـز ڕاسـتەوخۆ بـەهۆی دیـارترین شوناسـەوە خـۆی دەناسـێنێت، کاتێـک دەڵێـت هێـزی سـکرتاریەتی مـام جـەلال، یـان هێـزی بـارزان، ئەمانـە هێـزن و شوناسیشیان دیارە فیوداڵیە. ئەگـەر پرسـیار بکـەین بۆ ناویـان هێزی کاوە نیە وەک لەشۆڕشی ئەیلولدا ئەم نـاوە هـەبوو یـان بۆ ناویان بەناوی ناوچەیەکەوە نیە کەوەک لەشۆڕشـی 1976 دا باسی لێوەدەکرا، ئەوە ڕاسـتەوخۆ مـۆرکی شـوناس مـۆرکی بنەماڵەکانـە، کـە بنـەڕەتێکی هزرمەندانـەی فیـوداڵی هەیـە. لـە

هەمان کاتدا ئەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت کە سەرهەڵدانی شۆڕش و گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە بیری ئۆپۆزیسیۆنەوە سەر هەڵدەدات، کە ئەمەش ماکەکانی دەگەڕێتەوە بۆ تەبانەبوون لەگەڵ دەسەڵاتدا، تەبانەبوون لە دیدی کۆمەڵایەتیدا، تەبانەبوون لە بەرژەوەندی و فەلسەفەی حوکمڕانیدا. کاتێک دێینە سەر ئۆپۆزسیۆن بەشێک لە کارە سیاسیەکانی یان بەرنامەکانی کاری سیاسی خۆی لە دەسەڵاتەوە فێر دەبێت، بەشێکیشی ماکە سیاسیەکانی مرۆڤ خۆیەتی، دوابەشیش تەواوی مۆرکی ئەو کاردانەوانەی پێوە دیارە کە بەرامبەرەکەی لە گەڵیدا ڕەفتار دەکات. ئەم هێزانەی دەسەڵاتی کوردستان کەلەتیرۆری دەوڵەتیدا بەشدارن، بەشێکی گەورەیان لەسەردەمی ئۆپۆزسیۆن بوونیانەوە بۆ ماوەتەوە. بۆیە نابێت بەلامانەوە سەیر بێت کاتێک هەمان میکانیزمی دەسەڵاتی پێشوو بەکار بێنن و بەهەمان شێوەی صەدام حسێن فیدایی تایبەتی خۆیان هەیە.

لە مێژووی عێراقدا ئەوانەی ئاشکرا دیارن زیاتر لە 155 سەرکردە بە تیرۆر ڕۆشتوون و حوکمیان چۆڵ کردووە. (باقر یاسین، مێژووی خوێناوی ئێراق) ئەمەش لەسەر دەمی مەلیکی سۆمەری (لۆکال زاکیزی) کە لە نێوان 2365-2340ی پ ز دا کوژراوە تا دەگاتە ئەحمەد حەسەن بەکرکە ساڵی 1978 ز کوژراوە لە کەشێکی تەم و مژاویداو پاشان صەدام حوسێن بەو شێوە ناشایستەیە لەسێدارەدرا.. شێوازی کوشتنەکانیش سەرجەم تۆقێنەر بوون، بۆ نمونە گەر سەیری کوشتنی حەلاج

بکـەین لـە عێراقـدا ((سـەربڕین و پـەل قرتانـدن و پاشـان سووتاندن))، مەغۆلەکان بەشێوەیەکی گشتی لە بەندیخانەکاندا دەکوژران و لەسێدارە دەدران، زۆربەی عەباسیەکان چاویان کـوڵراوەو پاشـان کـوژراون، زۆربـەی ئەمەویـەکان دەرمـانخواردکراون یـان بـە شمشـێری ژەهـراوی کـوژراون. لەسـەردەمە نوێکانیشـدا گولـەباران و گـۆڕی بەکۆمـەڵ و لەسێدارەدان و پاش مردنیش ڕاکێشـان بـە دوای زریپۆش و بارهەڵگرەکانـدا پـەراوەکراوە بەتایبـەتیش بەرامبـەر هێـزە ئۆپۆزسیۆنەکان. ئەمە سەرەڕای چەندین ڕووداوی ئۆتۆمۆبیل کـە هـەموویان سـوکایەتی بـە مێژووی ئـەو کەسـانەوەکراوە. ئێسـتاش گـەر بڕوانینـە شـێوازی تیـرۆر بەرامبـەر ڕۆژنامەنووسان لەکوردستاندا هەمان ڕیتم دووبارە دەکاتـەوە، بڕوانـە تیـرۆری سەردەشـت عوسـمان، پاشـان فڕێـدانی لاشەکەی، ئەمانە هەمووی ئاماژەو مۆرکی تیرۆری ڕێکخراون.

ئـەو هـزرەی ئـەمڕۆ حـوکمی کوردسـتان دەکـات، خاڵیـە لەتێگەیشـتن لەناتونـدوتیژی، خاڵیـە لـەڕووی مەعریفیـەوە، وەک پێشتر باسمانکردوە. هیچ ڕایەڵەیەکی کۆمەڵایەتی ئابووری نیە بیبەستێتەوە بە ماکە مرۆییـەکانی خەڵکەوە، وەک لەپێکهاتـەی حـوکمی فیوداڵیـدا هەیـە. هـەروەها خاڵیـە لـەڕووی شوناسـی مێژوویەوە وەک ئێستا باسمانکرد، چونکە لەڕێگەی مەعریفـەوە نـەیتوانیوە داهێنانێـک بکـات بـۆ تێپەڕانـدنی تیـۆرو میکـانیزمی سیاسـی بـاوی چواردەوری خـۆی! لێرەدا ئـەو پـەڕی ناهـەقی بەرامبـەر ئـەم دەسـەڵاتە دەکـەین ئەگـەر خوازیـار بـین ئـەو

داهێنانە بکات، چونکە هۆشمەندیو ئاستی خواستەکانی ئەو بایی ئەو داهێنانە پێگەیشتوو نین. ئەمەش ڕێک وەک ئەوە وایە داوا لە ڕادیۆیەکی یەک مەوج بکەین وێنەی سینەماییمان پیشان بدات.

**هەڵوەشاندنەوەی فابریکی توندڕەوی**

ماکی توندڕەوی لەنێو بنەماڵە حوکمڕانەکانی کوردستاندا چوەتە فابریکی درووست بوونی خێزانەکانیانەوە، چونکە کاتێک توندڕەوی و ئازاردانی نەیار لەپەروەردەی دەسەڵاتدا ڕەنگ دەداتەوە، هەموو ئەگەرە هەڵبژێردراوەکانی دەسەڵات بۆ پەراوەی توندڕەوی دەچێتە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیەوەو دەبێتە خەسڵەتێکی خێزانی لەلای خانەوادە دەسەڵاتدارەکان. بەشێک لەلێکدانەوە ئەنترۆپۆلۆجیەکان سەبارەت بە توندڕەوی پشت بەلێکدانەوەی بایۆلۆجی دەبەستێت بۆ ئاماژەدان بە هۆکاری سەرهەڵدانی توندڕەوی. لەلێکدانەوەی بایۆلۆجیدا چەمکی ڕکابەریکردن بەهێزترین چەمکە، کە پێی وایە ڕکابەرەکان لەسەر سەرچاوەکان ململانێ دەکەنو ئەمەش بنەمای توندڕەویە. ململانێو ڕکابەری توندڕەوانە لەسەر سەرچاوەکان دەگەڕێتەوە بۆ پشت بەستن بەسەرچاوەی سروشتی، چونکە لەکۆنەوە سەرچاوە سروشتیەکان لەگەڵ گەشەی دانیشتواندا بەرەو دەگمەنی ڕۆشتوون. لەبەرامبەردا گەشەی تەکنیکیو زانستی دێتو بەهۆی تەکنۆلۆجیاوە مرۆڤ بەبەرنامەو پلانی ورد بەرەوڕووی ئەو دەگمەنیە دەبێتەوە. ئەوەی خوازیاری بەردەوامی دەگمەنیە سیستەمی

سـەرمایەداریە چونکـە ئـەو سیسـتەمە بـەبێ قـازانج ناتوانێـت بڕواتە پێش. ئەگـەر چی لێرەدا پرسـی ئێمـە لێکدانـەوەی لایەنـە ئابووریەکـە نیـە، بـەڵام لایەنـە ئابووریەکـە بـۆ ئێمـە هۆکـارە تابەهۆیــەوە تونــدڕەوی دەســەڵات لــەڕووی ئــەنترۆپۆلۆجیو پێکهاتــەی فــابریکی خێزانــەکانی حوکمرانــەوە لێـک بدەینــەوە لەکوردســتاندا، بەتایبــەت چــەقی فیــودالی کــەخۆی لەبنەماڵــەی حوکمڕانی پارتیدا دەبینێتەوە.

مـن پـێم خۆشـە لێرەدا، خـەڵکی کوردسـتانو خوێنـەریش دوو جیـاوازی بکـەن، یەکـەم لـەنێوان بنەماڵـەی حـوکمڕانی پـارتی، هـەرواها لـەنێوان بەرزانیەکانـدا، چونکـە بارزانیـەکان حـوکمڕان نین، ئەوە تـەنیا خێزانێکە لـەنێو کوردسـتاندا دەسـەڵاتی بەسـەر پـارتی دیموکراتـدا دەڕواتو هـەر بریتیشـە لەدەسـەڵات. هـەمان شێوە بۆ تاڵەبانیەکانیش ڕاستە .

بەپێی لێکدانەوەی ململانێی بایۆلۆجی، دەسـەلاتی کـوردی تـەنیا سـەرچاوە سروشـتیەکان بەسـامان دەزانێـت، بۆیـە لـەخودی بەرهەمهێنانیشــدا پایــەگا ئابووریــەکانی لاوازەو بەشــێوەی ئابووری ڕەیعی سـەیری سیسـتەمی ئـابووری دەکـات. جـا ئـەم تێڕوانینە ڕاستەوخۆ بـە پـلان بێـت یـان بەشـێوەیەکی غـەریزی، بڕوانە چوار وتاری مامۆستا محمد کریم لەڕۆژنامـەی هـاوڵاتی بەناونیشــانی "ئــابووری کوردســتان ئــابووری ڕەیعیــە" واتــە فرۆشتنی سـامانی سروشـتی، پاشـان بـوون بـەمیر یـان فیـوداڵ بەسـەر دەسـتکەوتەکانی ئـەم سـامانەوە. ئـەم جـۆرە لـەئابووری

تـــەنیا بەزینـــدوویی هێشـــتنەوەی سیســـتەمی فیـــودالّی بـــەهێز دەکات .

ڕکابەریی کاتێک دەست پێدەکات کە دوو یان زیارت تاکەکەس، یان کۆمەڵ یان گرۆ ململانێ دەکەن لەسەر هەمان سەرچاوەی سنووردار؟ لەکوردستاندا سەرچاوەکان زۆر نەگشتوونەتە ئەو ئاستەی سنووردار بن، واتە کەس لەبارێکی گوزەرانی هێندە قاتیدا ناژی ترسی مردن گەیشتبێتە لێوارەکانی ژیان. بۆیە سنوورداری دەگەڕێتەوە بۆ ململانێ لەسەر فراوانکاری پاوان ململانێی کوردستان لەسەر هەموویەتی، واتە هێزی حوکمڕان ململانێی سێ داواکاری دەکات: یەکەم، مانەوەی هەتا هەتایی لەدەسەڵاتدا، شێواز شێوازی میرنشینی کۆنە. دووەم، مانەوەی سامان لەدەستی بنەماڵەیەکدا، بنەڕەتەکەی ئابووری ڕەیعیە کەلەسەردەمی فیودالّیدا لەوپەڕی گەشیدا بووە. سێیەم، ململانێ لەسەر کەسی یەکەمی ملکەچ، کە ئەمە بۆ تێکڕای ئەو خیانەتە مێژوویانە دەگەڕێتەوە کە بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان پەیڕەویان کردوەو هەمیشە ئاغای ناوچەیەکی چکۆلەکراوە بوون بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هێزێک کەلەخۆیان گەورەتر بێت، هندێ جار ئیمپراتۆریەتی سەفەوی بوە، هندێ جار سیستەمی ئێرانیو قەرارگای ڕەمەزان.. لەم دواییانەشدا دەولّەتی تورکو هێزە ئەمریکییەکان. لەکۆندا خۆی ئاغا پاوانێکی بچوکی هەبوو "گوند" بەلّام هەموو پاوانەکەی ویستوە، ئێستا هەمان بیرکردنەوە لەچوارچێوەی دەولّەتدا مومارەسەی هەمووی دەکات. ئەم لێکدانەوەیە لەبنەڕەتدا بۆ

هۆشمەندی و سیاسەتی ئەمریکیش ڕاستە.. بەڵام جیاوازی لەنێوان ئەم دوو پاوانخوازیەدا شێوازی پەراوەی پاوانخوازیەکەیە.

لەوانەیە پرسیار بکەین، کە ئایا بۆ یەکێتیو پارتی لەیەک تەرازوودا پێوانە دەکەین، کاتێک دوو مێژووی جیاوازیان هەیە؟ بەڵام لەوەڵامدا دەڵێین؛ بەراوردی دوو حیزبی سیاسی نیە، بەڵکو بەراوردی هەیمەنەو دەسەڵاتی دوو ئێنتیتی فیوداڵیە.

لەباشترین نمونەدا بابڕوانینە کۆنگرەکانی ئەو دواییە: ئەگەر بڕوانینە هەڵبژاردنی کۆنگرەی سێی یەکێتی ئەبینین ئەو خەڵکە لەخانەدانیەوە نەبوونە سەرکردە، بەواتای Nobel man ، کە ئەمە لەزلحزبێکی بۆرجوازیدا قابیلی ڕوودانە، بەڵکو ئەمانە لەشەڕانگێزی و پارێزگاری لەشەڕانگێزیەوە گەیشتنە سەرکردایەتی. لەلایەکی ترەوە بڕوانە کۆنگرەی سیانزەی پارتی، نەوەی نوێی بنەماڵە پێدەگات و دەچێتە سەرکردایەتی حزبێک کەبەتەنیا بەناو سیفاتی حیزبی هەیە، ئەمەشیان بنەماکەی بۆ میرنشینی ناگەڕێتەوە وەک بنەڕەتی بنەماڵەیەک، بەڵکو بۆ پێگەیشگنی نەوەی نوێی حوکمڕانی توندڕەوانە دەگەڕێتەوە. پارتی لەم کۆنگرەیەدا پیشانی دەدات توندڕەوی لەپاراستنەوە دەست پێدەکات، سەرکردەی فیوداڵەکەی ئەوانیش دەبێت بەو قوتابخانەیەدا تێپەڕێت.

لەم دوو نمـــونەیەوە یەک جیـــاوازی و یەک هاوشـــێوەیی تێدەگەین، تاکە جیاوازی شێوەی چەقبەستنی دەسەڵاتە لەلای ینــک، ئەم چەقبەســتنە بــۆ هاوپەیمــانی دۆمینــانتی بانــد دەگەڕێتەوە، باند لەسەر بنەمای مێژووی بەخزمبوونی مێژوو هاوبەشــەکانە. بەڵام لەپارتیدا چەقبەستنی دەسەڵات لەسەر بنەمای خوێنە، لۆجیکی خوێنیش لۆجیکێکی ئەتنۆڕاسیستیە و تیایـــدا شــــەڕانگێزی بـــاڵاترین دەســــەڵاتی هەیە. بەڵام لەهاوشـێوەیی لە میکـانیزمی شـەرعیەت پێـدانی توندڕەویـدا دەبینینەوە، لەکۆنگرەی یەکێتیدا، سێنترالیتی دەسەڵات بۆلای توندڕەوترینەکان دەڕوات. لەکــۆنگرەی پارتیشــدا بەهەمــان شێوە، سێنتراڵیتی دەسەڵات بۆلای توندڕەوەکانی بنەماڵەکە دەڕوات.

ئەمەش ئەوە تەفسیر دەکات کە یەکێتی و پارتی ئەنجامی نزیکایەتیو ململانێ لەیەکترەوە فێر دەبن، چونکە لە بنەڕەتەوە هەمان لۆجیکیشیان هەیە.. پەڕاپەڕی ئەم دوو نمونەیە پێمان دەڵێت لە شوناســی فیــودال بەولاوە ئەم دوو هێــزە هیچیــان لەیەک جیاواز نیە، یەکێکیان فیوداڵە بەبنەمای خوێن، ئەویتریان فیوداڵە بە بنەمای بەرژەوەندی. پارتی سەرسەختانە توندڕەوی دەکات بۆ پاراستنی خوێنی بنەماڵە، یەکێتی تەنانەت پەیوەندی خــوێنیش بەکــار دەهێنێــت بــۆ بەردەوامــی لەدەســەڵاتدا و پارێزگاری لەبەرژەوەندیەکانی باند.

ئەگەر ئەمانە دوو هێز بن: پارتی هێزی یەکەم (هـ1) یەکێتیش هێزی دووەم (هـ2) ئەوا هـ1 کە بنەڕەتێکی فیودالّی خەسلّەتی بەهێزتری هەیە. کاتێک ململانێو یاریە سیاسیەکان بەیاسای ئەو بەڕێوە دەچن ڕاستەوخۆ یاریە سیاسیەکان دەبنە ئەو یاریانەی کە ئەو تێیاندا بالآدەستە. هـ1 تیۆریزەکردنو بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیا لە هـ2 وەردەگرێت، بەلآم پارێزگاری لە کۆنەپارێزی و هێشتنەوەی لۆجیکی سەربازی خۆی دەست پێوە دەگرێت: لێرەدا پێم زەرووره باس لەلۆجیکی سەربازی پارتی بکەم، ستراتیژی بەسترانەوە بەهێزی گەورەترەوە، ئەمە خەسلّەتی هەمیشەیی پارتی بوە بەدرێژایی مێژوو چونکە پێکهاتەی هۆشمەندی ئەو تەنیا بەتیۆری هۆشمەندی فیودالّی لێک دەدرێتەوە ئەگەر لەسەردەمی پۆست کاپیتالیزمیشدا بژی.. بڕوانە مەکیاڤیلی کاتێک باس لەو ئەمارەتانە دەکات کەتازە پێک دێن. بەلآم هـ2 تەنیا موحافزکاری و چەقبەستنەوە لەدەوری خێزان لە هـ1 فێر دەبێت. ئەوەی بۆشی دەمێنێتەوە دروشمبازیو مێژووەکەیتی، بۆ نمونە زۆر پێویستی بەکەسێتیەکی دروشمبازی وەک "مەلا بەختیار" هەیە، زۆر پێویستی بەکەسێتیەکی وەک د.بەرهەم صالّح هەیە کەببێتە ئاکتەرێکی باش بۆ نمایشی ئەو دروشمانە.

سێ ڕێگاچارە هەیە ئاشتیانە بێت لە ململانێی نێوان ئەم دوو هێزەدا، ئەم ڕێگەچارانە هەرسێکیان لەنێوان (ی ن ک) و (پ د ک) بەکارهاتوە. بەلآم هەرگیز هیچ کامێکیان لەنێوان هیچ یەکێک لەم دوو پارتەو خەلّکدا بەکار نەهاتوە.

سێ ڕێگا چارەکەی Bettina E. Schmidt 2001 :

1. دەستنیشانکردنی بەش reallocation
2. ئاڵوگۆڕ exchange
3. ناوچەگەریێتی tritoriality

(ی ن ک) و (پ د ک) هەموو ئەمانەیان لەگەڵ یەکتردا بەکارکردوە بەبێ ئەوەی لەگەڵ خەڵکدا ئەنجامی بدەن. ململانێی نێوان گرۆکان دەبێت خودی ململانێی ناوگروپەکە کەمکاتەوە، بەڵام تەنیا سەرکوتی کردوە لەرێگا مەترسی بەرامبەرەوەو بەخیانەت وەسفکردنی بەرامبەر، ئەم ئیختیارەی (ی ن ک) و (پ د ک) لەبنەمای لۆجیکی ئابووریەوە هاتوە نەک بنەمای لۆجیکی ئەخلاقی.

- لۆجیکی ئەخلاقیەکە ناچارمان دەکات مرۆڤ مرۆڤ نەکوژێت
- بەڵام لۆجیکی ئابووری دەڵێت، لەرێی کوشتارەوە تێچوون زۆرترو قازانج کەمترە هەمان لۆجیکیشیان هەیە ئەم دوو هێزە بۆ مامەڵە لەئێراقو لەگەڵ دراوسێکاندا ئەم ستراتیژانە دەگرنە بەر.

بەڵام ئەم گۆشەنیگایە لەڕوانگەی حوکمو دەسەڵاتەوەیە نەک خەڵک .. بەدوو دەلالەت:

1. خەڵک ئەگەر نەیاری ڕاستەقینەبێت هەر دەیکوژن، واتە حوکمی کوشتن وەک پرسێکی ئەخلاقی بەرۆکی ئەمانی بەرنەداوە.

2. ئـەو داهاتـەی پاوانیـانکردوە بەشـێوەیەکی عـادیلا نـە و عەقڵانیانە بۆ خەڵک نیە.

ئەو هێزەی هۆشمەندی فیوداڵی هەبێت تەنیا بەهێز دەتوانین شتی لێ وەرگرینەوە، بەڵام شت وەرگرتن لێی سنووردارە، بڕوانە ئەزموونی بەعس. بەڵام بۆ ئەوەی ئەوە بەدەست بهێنین کـە دەمانـەوێت دەبێـت لـەڕێگای لابردنـی ڕیشـەییەوە بێـت. لـەڕێگای جـەنگو هێزەوە بـەعس ناچاری حوکمی زاتـی بـوو، بەهــەمان شـێوەش بێدەســەڵات بــوو لەبەرامبــەر حــوکمی دیفـاکتۆی هـەرێمی کوردسـتاندا، بـەڵام لـەڕێگای داگیرکـاری و ڕاپەڕشـنەوە لەسـەر کـار لابـرا. ئەمـە بـۆ میسـرو سـووریاو هـەموو وڵاتـەکانی تـری ناوچەکـەش ڕاسـتە، ئەگـەر مەتلـەبمان بێت لەئێراندا حوکمی دیموکراتیو عیلمـانی بێتـە سـەرکار، ئـەوا نەبەبزووتنــەوەی ســەوز دەبێــتو نەبــەڕێگاچارە دیموکراتیــە باوەکە. هەمان لۆجیک لەگەڵ پارتیو یەکێتیش کاردەکات.

(ی ن ک) کولتــووریکی لاوازتــری هەیــە لــە (پ د ک) بــۆ کــۆنترۆڵی هێــز، بــەڵام (پ د ک) کولتــووریکی بــەهێزی دواکـەوتووی هەیـە بۆ هـەمان مەبەسـت. بۆیـە بەهـەردووکیان کولتـووریکی بـەهێزی دواکـەوتوویان درووسـتکردوە لـەڕێگای ئەو ڕێکەوتــنە لاشــعوریەوە کەناویــان نــاوە "ڕێکــەوتنی ســتراتیژیو حــوکمی هاوبــەش". شــەڕانگێزی درێژخایــەن سـایکۆلۆجیای گـروپ بەشـێوەیەک لێدەکات کـە تونـدوڕەوی وەک کەرەستەیەکی سەرکەوتووی ململانێ بەکار بهێنێت.. ئـەم

حاڵەتە لەلای خودی خۆشی پەراوە دەکات، هەروەها لەلای حوکمکراوەکانیش تەنانەت دەبێتە بەشێک لەپرۆسەی گەشەسەندنی سروشتیانو لەناو فابریکی خێزانەکانیاندا دەبێتە ڕیتمی سەرەکی بۆ بەردەوامی دان بەدەسەڵاتی بنەماڵەکان. بەم جۆرە دەڵێین ئەو توندوتیژیەی لەماکی خێزانیەوە دەسەڵات دەپارێزێت ئەمانە لەخۆ دەگرێت:

1. توندوتیژی هەرگیز بەڕێکەوت ناکرێت، بەڵکو مەبەستدارە، دژ بەگرۆیەکە، ئەگەر قوربانی توندڕەوی تاکە کەسیش بێت، بەڵام هێشتا هەر بەرامبەر گرۆیەک دەکرێتو ئەو تاکە کەسە وەک نوێنەری گرۆ سەیر دەکرێت.
2. هەمیشە بێهەستانە دەکرێت، بەڵام هەرگیز بێ مانا نیە.
3. هەرگیز دابڕاو نیە لەڕووداوەکانی دەوروبەری خۆی.

بەم دەلیلانە ناتوانین کۆتایی بەدەسەڵاتی فیودالی بهێنین لەدەرەوەی هێز، بەڵام ئەو هێزەی بەکاری دەهێنین دەبێت لەچ جۆرێکو بەچ شێوەیەک بێت بۆ ئەوەی نەکەوینەوە هەمان تەڵەیی مێژوویی؟ ئەی دەبێت کێ بەکاری بهێنێتو کێ ڕابەرایەتی ئەو هێزە بکات؟ ئەی دەبێت ئەو ڕێکخستنە چۆن بچنرێت لەو تەڵە کولتووریانە دەربازی ببێت؟ ئەمانە هەموو پرسیار گەلێکن دەکرێت لەگروپە جیاوازەکاندا گفتوگۆ بکرێت.

### چەمکی حەتمیەت و توندڕەوی لەدەسەڵاتی فیوداڵیدا

توندڕەوی وەک خەسڵەت تەرجەمەکردنێکی عەمەلی نێگەتیڤە بۆ بەربەرەکانی لەسەر بەرژەوەندیەکان بۆ هەندێک، هەروەها هاوکاری بەرژەوەندیەکانی نێوان هەندێکی ترە. کەواتە

بەربەرەکانی و هاوکاری پنتێکی سەرەکیە لە مەسەلەی توندوتیژی سیاسیدا. گەر سەیری هاوکاری بکەین لە نێوان تاک و گرۆ سیاسی و کۆمەڵایەتیە جیاجیاکاندا سەرەتا زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێین هیچ گرۆیەک ناتوانێت کۆک بێت بەدەر لە بنەمای هاوکاریکردنی بەرژەوەندیە مادی و مەعنەویەکانی یەکتر، تەنانەت ئەگەر جیاوازی گەورەش لە نێوان تاکەکانی خۆیدا هەبێت. گرۆیەکانگیرەکان یان تاکە پەرتەوازەکان، بەشێویەک لە شێوەکان هاوکاری یەکتر دەکەن بە ڕاستەوخۆیی لە سایەی بەدەست هێنانێکی هاوبەشدا. ئەمەش بە جۆشدانێکی دیاریکراو، کە ئەم خەسڵەتە بۆ گرۆ لەیەکچووەکانیش ڕاستە. بۆیە لە کردەیەکی سیاسی تیرۆریستیدا دەبێت سەرجەم تەوژمە لەیەکچووەکان وەک یەک تەوەرەی سەرەکی سەیر بکەین. لێرەداو لەم باسەدا زۆر لێکچوونمان پیشاندا لەنێوان هێزی بنەماڵەکاندا، هەروەها چەند جیاوازیەکی چکۆلانەشمان خستەڕوو، وەک ئەو جیاوازیەی لەنێوان دووهێزدا هەبوون لەسەردێڕی ڕابردوودا.

گەر پرسیار بکەین، توندڕەوی سیاسیو تیرۆری سیاسی بەدەستی کێ بووە لەکوردستاندا؟ ئەوا ڕاستەوخۆ دەڵێین لەدەست ئەو هێزانەدا بوە کە چەکدار بوون، یان هۆیەکیان هەبوە بۆ بەئاسانی ئەنجامدانی تیرۆر و توندڕەوی. لەسەردەمی شۆڕشدا توندڕەویەکان بەقاڵبێکی شۆڕشگێڕانەی نیشتمانی پاساو دەدرانەوە یان تیۆریزە دەکران. بەڵام لەسەر دەمی حوکمی شاردا، بەهۆی ئاسایشەوە پاساو دەدرێنەوەو

تیۆریزە دەکرێن. ئەو هێزانەش (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) بوون لەگەڵ چەند هێزێکی توندڕەوی ئیسلامی لەنێوان 1996 – 2003 دا.

لەڕووی هاوبەشیەوە هێزەکانیان بەرژەوەندیەکی بەهێزی مادی و مەعنەوی لەنێوانیاندا هەیە، هەر بۆیە جیاوازیەکانیان وەلا ناوەو لەسەر بنەمای لێکچوونو هاوبەشی بەرژەوەندی دەتوانن بەسادەیی پێکبێنو توندڕەوی بەهاوبەشی پەراوە بکەن. ئەوەی ناهێڵێت جیاوازیەکانی نێوانیان ڕێ بەتوندڕەوی بگرێت، بریتیە لەجیاوازی تێریتۆری خۆیان، ئەمەش ئەو خەسڵەتەیە لە پێکهاتەی فیودالییەوە بۆیان ماوەتەوە. لێرە بەدواوە زۆر بەئاسانی پێکدێن لەسەر بەردەوامی چەوساندنەوەو ئەگەری بەکار هێنانی کاری توندڕەوانە لەبەرامبەر نەیارە پێکەوەییەکانیاندا. ئەگەر پارتیو یەکێتی یەک تێریتۆری هاوبەشیان هەبوایە بەئاسانی دەکرا جیاوازیەکان کاریان لەسەر بکرێت، بەڵام ئێستا بەهۆی جیاوازی تێریتۆریەوە ناتوانرێت بە ئاسانی کار لەسەر ئەو جیاوازیانە بکرێتو گەورە بکرێتەوە.

هەرکاتێک دوو کەس یان دوو گرۆ هەمان بەرژەوەندی ئایدۆلۆژی، ماددی، مەعنەویان هەبوو ئەوا زیاتر ڕوو لە هاوکاری دەکەن، نەک بەربەرەکانی. بەهەمان شێوە ئەم بەرەژەوەندیە دژ بە ئەو بەرامبەرانەیانە کە بەرژەوەندی پێچەوانەیان هەیە، کە لە خۆیدا سەرچاوەیەکە بۆ دەست

پێکردنی کاری توندڕەو بەپێی کلتور و سیستەمی بەربەرەکانی لەگەڵ نەیارەکانیاندا. کۆمەڵگا بە جۆرێک لە جۆرەکان دەکەویتە بۆتەی بەربەرەکانیەکانەوە لەسەر ئاستی مەترسی شکست خواردن کە بۆ بەرگرتن بەم ڕووداوانە پەنا دەباتە بەر کردەی توندڕەوانە.

هەرکاتێک دوو کەس یان دوو گرۆ بەرژەوەندیە ئایدۆلۆژی، ماددی، مەعنەویەکانیان نزیک بوون لەیەکتریەوە ئەوا ڕوو لە هاوکاریەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆدەکەن. لەم بارەیاندا دەبنە هاوکار بۆ ئەو چالاکیە توندڕەوانەی کەبەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دژ بە بەرژەوەندی نەیارە ناڕاستەوخۆکانیانە وەک لە هاوکاری ناڕاستەوخۆی نێوان گرۆ توندڕەوە جیاجیاکاندا دەر دەکەوێت. لەنێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) یشدا بەهەمان شێوەیە، ئەم شێوازەیان لە کاری تۆقاندندا ئاسانکاری زیاتر لەبەردەمیدا فەراهەمە، چونکە هیچ کام لەو هاوکاریە ناڕاستەوخۆیانە ڕاستەوڕاست بەرەوڕووی ئاکامەکانی کاردانەوەی کاری توندڕەوانە نابێتەوە. تەنانەت لە تەوژمە توندڕەوەکاندا ئەمانە پێویستە وەک زەمینەی توندڕەوی سەیربکرێن نەک کەرەستەی ئەنجام دانی توندڕەویەکە. باشترین دەربڕین بۆ ئەم ڕاستیە لە واقعی خۆماندا، ئەو پەندە سیاسیەیە کە دەڵێت ((دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە))، ئەم پەندە چەندین پرۆتۆکۆلی سیاسی شاراوەی نێوان گرۆ توندڕەوەکان بەمۆرکردن گەیاندوە، ئە پەندە تەنیا لەململانێی ئاشتیخوازانەی تەواودا دەتوانێت پوچەڵ بکرێتەوە، واتە

هەرکاتێک پێکهاتە ڕکابەرەکان پێکهاتەی خاوەن تێزی کۆمەڵایەتی خۆیان بوون. ئەم پرۆتۆکۆلانە ماکی توندڕەوی لە شێوە ئاشکراکەیەوە دەبەنە قۆناغێکی نهێنییەوە کە مەترسیەکانی زۆر زیاترە لە باری ئاشکرا بوون.

گەر لە قۆناغی هاوکاریەوە بچینە قۆناغی بەربەرەکانی، دەڵێین سەرچاوەکەی هۆشمەندی مرۆڤ خۆیەتی لە بەرامبەر دیاردەکان و شیکردنەوەیان هەروەها ئەو ڕێبازەی دەیگرنە بەر بۆ پەراوەی بەربەرەکانی. هەموو شێوازەکانی توندڕەوی کۆمەڵایەتی و سیاسی بریتین لەو چالاکیانەی کەسێک دژی کەسێکی تر ئەنجامی دەدات، یان گرۆیەک دژی گرۆیەکی تر ئەنجامی دەدات. کاتێک باس لە بەربەرەکانی دەکەین، دوو جۆری بەرەبەرەکانیمان دێتە بەرچاو، ئەوانیش بەربەرەکانی ڕاستەوخۆ و نا ڕاستەوخۆن. بەڵام لە ڕاستیدا لە نێوان ئەم دوو پۆلێنەدا سەدان جۆری تری بەربەرەکانی بە شێوەیەکی هارمۆنی ڕێزیان بەستوە.

بەربەرەکانی ڕاستەوخۆ هەمیشە دەکەوێتە نێوان ئەو تاک و گرۆیانەوە کە هەوڵ دەدەن بۆ هەمان دەستکەوت، واتە کاتێک من و تۆ یان ئێمە و ئێوە دەکەوینە بەربەرەکانیەکی ڕاستەوخۆوە، ئەگەر هەردوو لامان بۆ هەمان دەستکەوت هەوڵ بدەین، لە کاتێکدا ئەو دەستکەوتەش قابیلی بەشکردن نەبێت لە نێوانماندا. هەرچەند، دەستکەوتە سیاسیەکان لە خۆیاندا سەرجەم قابیلی ئەوەن بەش بکرێن لە نێوان

گرۆجیاجیاکانـدا.. بـەڵام ئـەوەی تـەوژمی تونـدڕەوی بـەهێز دەکات لـەم پانتاییـەدا بریتیـە لـە هەوڵدان و داکۆکی کردن بۆ بەدەسـت هێنانی سـەرجەم دەستکەوتە سیاسیەکان بۆ خۆی. بەڵام هەرچی بەربەرەکانی ناڕاستەوخۆیە، ئەوا کاتێک لـەنێوان جیاوازەکانـدا درووسـت دەبێـت کـە هەریەکـەیان مەبەسـتێکی جیاوازی هەبێت، ئەمەش پێش مەرجێکی تری هەیە کە دەبێت بەدەسـت هـاتنی یـەکێکیان ڕێگر بێت لـە بەدەسـتهاتنی ئـەوەی دووەم. بۆیـە ئەمـەیان زیـاتر ڕێگـرە لـە بەدەسـت هێنـانی بـە مرۆڤایـەتی کردنـی خەسڵەتەکانی تونـدڕەوی و ڕاسـتەوخۆش پەیوەنـدی هەیـە بـە مەسـەلەی بـاوڕبوون بـە پیرۆزکردنـەوە. بنەماڵـەی حـوکمڕانی پارتی هەمیشـە کـار لەسـەر ئـەم چەمکـە دەکـات، چونکـە پێـی وایـە پیرۆزبـوون دەتوانێـت شـەرعیەتێکی دەستکاری نەکراو بـەو ببەخشێت، بۆیـە باشـترین میکانیزم بۆ بەرەوڕووبوونـەوە پیـرۆز نەهێشـتنی پیرۆزیـەکانێتی. لەهەنـدێ کایـەدا هەوڵـدەدات پیرۆزیـەکانی ئـەم دەسـەڵاتە بخاتـە پـاڵ پیرۆزیـەکانی ئـایین، هنـدێ کـاتیش پیرۆزیـەکان بـە پیـرۆزی نیشـتمانیەوە دەبەستێتەوە. ئـەوەی وادەکات هێزەکانی بنەماڵـە ئـەم میکانیزمـەیان بـۆ بچێتـە سـەر، لاوازی یـادەوەری خـەڵکی کوردسـتانە، چونکـە بەئاسـانی مێژووی تـاوانو خیانەتـەکانیان لەبیر دەچێتەوە، بۆیە جگە لەداڕووخاندنی پیرۆزی ئـەم هێزانـە دەبێـت کـار لەسـەر بـەهێزکردنی یـادەوەری خـەڵکیش بکـەین. هەرچی بەربەرەکانییە ڕاستەوخۆ کان هەیە لە ناو سیاسـەت و دەسـتکەوتە سیاسـیە ئـابووری و کۆمەڵایەتیەکانـدا قـابیلی دانوسـتاندنە تەنانـەت لـە نێـوان بیـروڕا زۆر دوورەکانیشـدا،

چونکە ئەمەیان زیاتر پەیوەستە بە دەستکەوتە مادديەکانی ناو بەربەرەکانی سیاسییەوە. بەڵام هەرچی بەربەرەکانیە ناڕاستەوخۆکان هەیە پەیوەندی بە بوونەوە هەیە، ئەوەی من یان ئێمە دەمانەوێت بیکەین تەواو دژ بەوانەیە کە تۆ یان ئێوە دەتانەوێت بیکەن. گەرچی بۆ خەڵکی ئاسایی لەوانەیە زۆر جیاواز نەکات، بەڵام بۆ سیاسەتمەدار و سەرپێ بوەکانی هەمان گرۆی سیاسی ئەمە مەسەلەیەکی بنەڕەتییە، وابەتسەیە بە پیرۆزبووەکانیەوە. ئەوەش چونکە، هەمیشە دەسەڵاتی ناعەقلانی تیۆری سیاسی بەکردەوەی ترادیسیۆناڵی دەگۆڕێتەوە، ئەمەش تاکە هۆکارە بۆ مردن، هەروەها تاکە هۆکارە بۆ سەرکەوتنی کورت مەودای ئەم هێزانە.

بەشێوەیەک لە شێوەکان هەموو بەرژەوەندیەکی هاوبەش بە ئاکامی هاوکاریکردن و هەڵوێستی سیاسی هاوبەش دەگات، هەموو بەرژەوەندیەکی هاوشێوە بە ئاکامی هاوکاریکردن و هەڵوێستی سیاسی هاوشێوە دەگات.. لە هەمان کاتدا هەموو بەرژەوەندیەکی دژ بەیەک کەبەرژەوەندیەکە توانای بەشکردنی نەبێت بە ئاکامی هەڵوێستی سیاسی دژ بەیەک دەگات. هەروەها هەموو بەرژەوەندیەکی جیاواز بە ئاکامی هەڵوێستی سیاسی جیاواز دەگات. ئەوەندەی بزووتنەوە سیاسیە توندڕەوەکان پەراوەی دەکەن بە ئاشکرا دیارە کە سیاسەت و تێڕامانیان دوورە لە بەرژەوەندیە گشتیە هاوبەشەکانەوە کاتێک لە یەک یەکەی سیاسی دیاریکراودا دەژین. سەرئەنجامی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ قایل نەبوونی زۆرینە بە

کردەسیاسیەکانیان بۆ یە بە ناچاری پەنا دەبەنە بەر کردەی توندڕەوی تا بتوانن بەرامبەرەکانیان ناچاربکەن. بڕوانە ئەو تەوژمە جەماوەریەی لەسەر دەسەلات دەخوێنێت، کەدەیەوێت دەسەلات ناچار بکات بەگۆڕان، بەلام مل نەدانی دەسەلات بەگۆڕان بەرەو هەلدێرگەی توندڕەوی دەبات.

ئەم جۆرە هێزە توندڕەوانە سەراپای بیروڕا و میکانیزمەکانیان لە دەرەوەی کۆمەلەکە خۆیەوە دەهێنن و پەراوەی دەکەن، چونکە هەرگیز ناکرێت بتوانن زۆرینە بن و لەسەر خواستی زۆرینە ئەو پەراوەیە ببێتە توندڕەوی کەمینە، گەر بەو جۆرەش بێت ئەوا بە ئاسانی دەتوانن ژیان لەسەر شێوەی خۆیان پەراوەبکەن لە ناو واقعی کۆمەلەکەدا. کاتێکیش دەلێین ئەو تیۆر و پراکتیکەیان لە دەرەوەی کۆمەلگاوە هێناوەتە ناو کۆمەل ئەوا مەبەستمان چەن شێوازێکی هاوردەکردنە، ئەکرێت ئەو هاوردەکردنە ڕاستەوڕاست بەرهەمی نەیارە دەرەکیەکان نەیارە گلۆبالیەکانبن بەرامبەر بە شێوازی ژیانی گرۆی کۆمەلایەتی هەمان پانتایی. ئەکرێت ئەو هاوردەکردنە لە داهاتوویەکی دوورەوەبێت کە ناتوانرێت لە واقعی کۆمەلایەتی ئێستادا دەستەبەر بکرێت، تەنها کۆمەلە کەسێکی دیاریکراو دەیانەوێت تیۆریەکانیان لە ناو واقعی ئێستای ئەو کۆمەلەدا پەراوەبکەن. کاتێکیش کۆمەل نەتوانێت بڕوایان پێ بهێنێت ئەوا پیرۆزکردنی ئەو ڕا و بۆچوونانە لە پانتاییەکی تیۆری پێشکەوتوودا دەبێتە کەرەستەی توندڕەوی و ئەم جۆرە بزووتنەوانە هەولدەدەن لە ژێر گوشاردا خەلک بە خۆیان قایل

بکەن. ئەکرێت ئەو تێزانە لە ڕابردوویەکی دوورەوە هاوردە کراین بەو پیرۆزیانەی کە لە کلتور و ئاین و نەستی کۆمەڵایەتیدا سەقامگیربوون، بۆیە ئەوەندەی خەڵک دەکەوێتە بارێکی پێشکەوتنی شارستانی دیاریکراوەوە و چیتر ئەو تیۆریانە ئەرزشیان نامێنێت، ئەوا ئەم گرۆیانە ناچارن پەنا بەرنە بەر توندڕەوی تۆقاندن بۆ فەراهەم کردن و گێڕانەوەی شێوازی ژیانی کۆن بۆ سەردەمێکی نوێ.

**هاوکێشە جیهانی و ناوچەییەکان و چارەسەر**

پرسی کوردستان پرسێکی نیشتمانی مێژوویی درێژخایەنی مافو ئازادیو سەربەخۆییە. پرسی دەیان ملیۆن خەڵکە کەبەهەر هۆیەکەوە بێت بێت لەناوچەیەکی دیاریکراودا دەژینو جوگرافیایەکی سیاسی ئاڵۆزیان هەیە. چارەسەری پرسی نیشتمانیو میللیو چینایەتیەکانی ئێمە بەداخەوە بەتەنیا لەناو کوردستانەوە ناکرێت، ئەگەرچی بزاوتەکانی ناوەوەی کوردستان دەبێت جەوهەری چارەسەر و گۆڕانەکانی دۆخی چەقبەستوو دەبن. جارێکی تر دووپاتی دەکەینەوە دەسەڵاتی سیاسی کوردستانو ئاڵگۆڕە ناوچەییەکان هۆکار بوون لەدرووستکردنی ئەم دۆخەدا. هەر بۆیە ئەو پرسانە چارەسەرەکانیان لەواشنتۆنو لەندەنو برۆکسلو مۆسکۆو پەکینو پاریسو تەلئەبیبەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە تارانو ئەنقەرەو دیمەشق و بەغدا، بۆ هەریەکێکیش لەمانە ستراتیژو دەستەو دامەزراوەو لێکۆڵینەوەی تایبەتی دەوێت.

زۆرکات چارەسەر سەختەو ناکرێت هەموو پنتو قوژبنێکیشی ئاشکرا بکەین، بۆیە لێرەدا چەند دەرزوازەیەکی ستراتیژی لەباسکردن دەکەینە سەرچاوەی نووسین و شیکردنەوە. تەنیا وەک نمونەیەکی بچووک دەمەوێت ئەم زانیاریە لەپشتی سەرماندا هەڵبگرین بۆ کاتی پێویست! یەکێک لەکەرەستەکانی کۆمیتەی ئەمنی قەومی ئەمریکی کەبۆ شیکردنەوە بەکاری هێناوە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە ساڵی 1967 ئەو ئەدەواتە خانەنشین دەکرێت، بەڵام دوای ساڵی 1980 دەخرێتە بازاڕەواوەو دواتر هێشتا زۆرێک لەڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی تا ئەمڕۆش بەکاری دەهێنن. ئەو کەرەستەیەش بریتی بوو لە LFA, Logical Framework Approach. ئەمە تەنیا وەک نمونەیەک دەتوانین سوودی لێ ببینین.

چارەسەر بۆ ئێمە و لەکوردستاندا بریتیە لەگۆڕینی سیستەمو ئەقڵو مەنتیقی سیاسی ئێستا، کەپتر لە 60 ساڵە ممارەسە دەکرێتو بەهۆی دواکەوتوویەوە بەردەوام چەوساندنەوەی دەرەکی بۆسەر کوردستانیان چەند هێندەدەکاتەوەو خودی دەسەڵاتیش بەماهیەتێکی فیوداڵیەوە چەوساندنەوەکانی خۆی دەخاتە سەر بارە گرانەکەی دانیشتوانی ناوچەکە. لەسەردەمی شۆڕشدا باجو سەرانە دەسێنرا، لەمۆدێرنیزەکردنەکەیدا بوو بووە گومرک، تا دەگاتە قەباڵەکانی گەندەڵی ئاشکراو شاراوە، ئابەو جۆرە تا ئێستاش هندێک لەهێزە کوردیەکان پەراوەی هەمان هۆشمەندی دەکەن لەسەر خەڵک. پرسی ئێمە درەباز

بوونــە لەشــەڕانگێزیو تونــدڕەوی کــە دوو ســەرچاوەن بــۆ نــەبوونی ســەقامگیریو ئاشــتی لــەناوچەکــەداو ئێمــەش سەرەکیترین زیان لێکەوتوانی ئەو پرسەین. بۆ ئێمە گرنگ نیە کــێ دەســەڵات دەگرێتــە دەســت، بــۆ ئێمــە گرنگــە دەســەڵات لەدەســتی کەســێکو بنەماڵەیەکــدا قــەتیس نــەبێت.. بــەپێی سیستەمێک ئاڵوگۆڕ بکات.. ئەو سیستەمەش ئاشتیانە پەراوە بکرێت لەنێو هەموو خەڵکی کوردستاندا.. ئەگەر ئەو خەڵکانەی حــوکم دەگرنــە دەســت کــورد بــن یــان هــەر نــەژادو ڕەگــەزو ڕەنگێکــی پێســتیان هــەبێت... ئــەمڕۆ کوردســتان چیتــر دابــڕاو نەماوەو چەندین نەوەی تر لەگەڵ کوردەکاندا تێکەڵاو بوون، بۆیــە پرســی ئێمــە لەگــەڵ ئــەو مۆنارشــەی چەنــدین دەهەیــە حوکمــان دەکــات پرســی ئــەخلاقو ئــابووریو حــوکمو زۆر پرســی تــرەو لەشــوێنێکدا دەبێــت کۆتاییــەکانی دەرکــەون بــۆ ئەوەی بەشێوەیەکی درووست بچینە پێشەوەو چارەسەرێکی ڕیشــەیی بــۆ ئــەو گرفتــە کۆمەڵایەتیانــە بدۆزریتــەوەکە دەرهاویشتەی ماوەیەکی مێژووی درێژخایەنی ئەم سیستەمە سیاسیەیە وبەردەوام بەدەستیانەوە گرفتارین.

ئەو هاوکێشەیەی لەودیو ئۆقیانووسەکانەوە کاریگەری لەسەر کوردســتانو پرســی فیــودالێی هەیــە لەکوردســتاندا ناهێڵێــت ئاشتی پەیت بەرهەم بێت، بۆیە دەبێت بەتەکنیکی جیاواز سیســتەمی ســتەمی فیــودالی بگــۆڕین. ئەگــەرچی ئێمــە خوازیــارێکی سەرســەختی ئاشــتی بــینو ئومێــدمان هــەبێت ئاشتیخوازی پەیتو بێ خەوش ببێتە شێوازێک بۆ ژیان، ئەوا

ئەو ئاشتیخوازیە بەدی نایەت تا ئەو کاتەی ئاسایشی مرۆڤ سەراپای ناوچەکەمان نەگرێتەوە، مەبەستیش لەناوچەکەمان خۆرهەڵاتی ناوینە. هێزە جیهانیەکان ناخوازن ئەو ئاشتیە لەناوچەکەدا درووست ببێت، چونکە لەڕێگای بازنەکانی سەنتەرو کەنارەوە، ئابووری سەرمایەداری بەردەوامی بە پرۆسەی قازانج دەداتو هەر بەو هۆیەشەوە دەتوانن خۆیان لەقەیرانە دەوریەکان ڕزگار بکەن، ئەم پرۆسەیەش پێویستی بەنوێنەرێکی مۆنارشی دەستەمۆی ئاست نزم هەیە تا بتوانێت بەردەوامی بەپرۆسەکە بدات. ئەم سیستەمە جیهانیە تەنیا لەبەردەم تەوژمی جەماوەریدا چۆک دادەدات، ئەمە دەستەواژەیەش لەسوچێکی تری پشتی سەرمانەوە بپارێزین بۆ کاتی پێویست.

سەرمایەداری لەسەر سێ بازنەی سەرچاوەی سروشتیو بازاڕدا دەژی: بازنەی یەکەم بەرزی ئاستی چۆنێتی ژیانە لەناوجەرگەی سیستەمو دەوڵەتە سەرمایەداریەکاندا، پایەگای قازانجە زەبەلاحە جۆریەکان. بازنەی دووەم ئەو سیستەمە ئابووریو دەوڵەتیانەن کەلەدۆخی گواستنەوەدان لەڕووی پیشەسازیو بەرهەمەوە بەرەو دەوڵەتی ئابووری پێشکەوتووی سەرمایەداری، بازنەی قازانجە بەردەوامەکان، کە تەنیا دەتوانن بەرهەمی نیمچە درووستکراو بەرهەم بهێننو بەهۆیەوە پایەگایەکی ئابووری نێوانیان هەیە. بازنەی سێیەم سیستەمی ئەو دەوڵەتانەیە کەلەسەر ڕەیعی سەرچاوە سروشتیەکان دەژینو بەهۆی ئەو ڕەیعەوە دەبنە پاشکۆی

پاشکۆکان، وەک ئەنگۆلاو کۆنگۆو ئێراق...تاد، بازنەی قازانجە زەبەلاحە چەندێتیەکان، دیارە بەهۆی تەقینەوەی دانیشتوانەوە ئەم قازانجە چەند هێندە نابێتەوە، ئەگەر ئاژاوە ناوچەییەکان بەردەوام نەبێت. بەڵام دەبێت ئاژاوەیەکی کۆنترۆڵکراو بێت، کە ئەمە بابەتی باسێکی ئابووری سیاسی جیهانی ترە. لەباشترین حاڵەتیشدا هەندێک لەو دەوڵەتانە لەپای ڕەیعە زۆرەکانیاندا دەتوانن بۆ مەودای کورتخایەن گرنگی بەبازرگانی بدەن.

لەهاوکێشەی کوردستاندا، دەبێت کوردستان ببێتە بازاڕ بۆ تورکیاو سوریاو ئێرانو...تاد، بۆ ئەوەی بەئاسانی ئەو دەوڵەتانەی دووەم ببنە بازاڕ بۆ زلهێزە ئابووریەکان. هەر بەم هۆیەوە دەبنە سەرچاوەی کەرەستەی خاوی مرۆییش. بۆ ئەوەی ئەم بازرگانیە بەرکەماڵ بێت، ئەوا دەبێت ژیان سیماو مۆرکێکی مۆدێرن بەخۆ وە ببینێت، بەلام لەهەمان کاتدا دەبێت قازانجی ئەو مۆدێرن بوونە شکلی و وەهمیە بەش بکرێت، ئەوەی کەمترین بەشی بەردەکەوێت خەڵکی کوردستانە. بۆ بەردەوامی ئەم سیستەمە دەبێت دەسەڵاتێکی سیاسی هەبێت لەکوردستاندا کە ئەم دەسەڵاتە بتوانێت ئیمتیصاصی نارەزایەتیە ناوخۆییەکان بکاتو خەریکی بکات بەپرسی لاوەکیەوە، ئەو پرسانەی بەئاسانی چارەسەر دەکرێن، نەک لاوەکین لەماهیەتدا، بەڵام کاتو خەڵکو توانایەکی زۆریان پێویست دەبێت. وەک ڕەنگی عەلەم، خەتەنەی ژنان، سەیارەی پەرلەمانتاران...تاد .

ئەگـەر ئێمـە خوازیـار بـین یـان نـا، ئـەوا ئاشـتی بـێ مـەرج لەکوردستاندا بەدی نایەت، تا ئەو ساتەی ئاسایشی نیشتمانی بۆ هەموو بستو پانتاییەکی ئەو نیشتمانە بەدی دێت. ئەمـەش بەبێ دوو مەرجی گرنگ بـەدی نایـەت: یەکەم؛ تەنیا تەوژمـی جەمـاوەری دەتوانێت ئەم هاوکێشـانە تێکشـکێنێت وەک ئەوەی لەسەردەمی شادا ڕوویدا، دووەم؛ دەبێت هاوکێشە جیهانیـەکان بگۆڕین. تەوژمی جەماوەری بەبێ هۆشیاریی و چوونیەکیەک لەداخوازی و ڕێکخستنێکی سـەرکەوتوو دەبێتەوە سـووتەمەنی بـۆ هێـنەنە سـەرکاری سیسـتەمێکی هاوشـێوەی ئێسـتا، بەڵام گـۆڕینی هاوکێشــە جیهانیەکــان بــەڕۆژو دوو ڕۆژ ناکرێـت، دەبێت بەکاوەخۆ کاریان لەسـەر بکەین‌و ئومێد بکەین لەچەند دەهەیـەکی داهـاتوودا بـتوانین گۆڕانکـاری چۆنایـەتی ئـەنجام بـدەین. بـۆ ئـەم پرۆسـەیە ئـەوەی لەمپـەڕە لەبـەر دەممانـدا دەسـەڵاتی کوردیە، چونکە ئێمـە چەند بمانـەوێت بچینـە پێش، ئەم دەسەڵاتە بەقەواڵەیەکی سیاسی ئابووری هـەموو ڕیسـەکە دەکاتـەوە بـەخوری. بۆیـە دەبێت ئـەم دەسـتە یان بیبڕین یان توشـی شکسـتی بکـەین، دیـارە هـەر شـتەو ڕێگـای خـۆی هەیـە، چونکـە ماهیـەتی ئـەم دەسـەڵاتە بازرگانـە دەسـت بـەرداری سـامانی وڵات نابێـت تـا ئـەو کاتـەی قـازانجی وەبـەر هێنـانی سـامانی بنەماڵـەکان بەرابـەر نەوەسـتێتەوەو زیـاتر نـەبێت لەقازانجی سامانی سروشتی نیشتمانەکە، ئەمەش ئاستەمە. بۆ ئـەم ڕاسـتیەش بەڵگـەمان هەیـە، بـۆ نمونـە: ئەنـدامی مەکتـەبی سیاسی حیزبە باڵادەستەکان هەیە، تا ئەو شوێنەی قازانجی دەستکەوتی حیزب گەورەتر بوو لەقازانجی سـەرمایەی تایبـەت

لەناو حیزبدا مانەوە، بەڵام پاش گەروەر بوونی سەرمایە تایبەتەکانو چونە بازاڕەکانی نەوتو چەندین مادەی ترەوە، دەستبەرداری قازانجە کەمەکانی مەکتەبی سیاسیان بوونو ئێستاش ناشرینترینو قێزەونترین بازرگانیەکان لەناو کوردستانو لەدەرەوەی کوردستاندا ئەنجام دەدەن.

وەک باسمکردن، بۆ ئەوەی بگەینە قۆناغی ئاشتی دەبێت هاوکێشە گشتیەکان دەستکاری بکەین. هاوکێشە گشتیەکان گرانن، بەڵام ئاستەم نین، چونکە هەموو سیستەمو حوکمڕانیەک لاوازی خۆی هەیەو پڕە لەوەرچەرخان کە دەتوانرێت دەستی تێدا بوەشێنرێت. بۆ ئەم مەبەستە پاش شیکردنەوەیەکی زۆر بۆمان دەرکەوت هۆشمەندی حیزبەکانی کوردستان ناتوانێت چارەسەری ئەو قەیرانە بکات کە لەمێژە کوردستان تێیدا دەژی. هەر بۆیە پێویستمان بەکارێکی گەشەپێدانی سیاسی درێژخایەن هەیە لەپاڵ درووستکردن دابڕانێکی گەورە لەو عەقڵەی ئەمڕۆ کۆی کایە سیاسیەکان بەڕێوە دەبات.

ئەوەی هاوکێشە جیهانیەکان لەکار دەخات، ڕەفتاری پێکهاتەکانی خوارەوەی کۆمەڵگایە، ڕەفتاری تاکە، کە ئەمە تەنیا بەپرۆسەی هۆشیاریو ڕێکخستنێکی حەکیمانە دەکرێت. ئەم هێزە دەکرێت بەکار بهێنرێت بۆ پوچ کردنەوەی تێکڕای ئەو پیلانو ناپاکیانەی بەدرێژایی مێژوو لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی کوردیەوە کراون. بۆ ئەم ڕاستیە فایلدارەکانو

خیانەتـەکانی وێنـەی 31ی ئابو چەنـدین ڕێکـەوتنی تـر لەگـەڵ هێزە ئیقلیمیەکانـدا گـەواهی ئـەو ڕاسـتیەدەدەن. لێرەوە کاتێک ئاشـتی پـەیتو پوخـت بەرهـەم نایـەت ئـەوا ئێمـەش ناچـارین هاوکێشـەکانی شـەڕانگێزی بـەم جـۆرەی خـوارەوە هـەن پێچەوانەیان بکەینەوە:

شـەڕانگێزی تاکـە کـەس بـەهۆی "حیزبێـک"ەوە کراوەتـە شەڕانگێزی خێزان........هاوکێشەی 1.
شـەڕانگێزی خێـزان، بـەهۆی "نیشـتمانپەروەریەوە" کراوەتـە شەڕانگێزی حیزب .... هاوکێشەی 2.
شەڕانگێزی حیزب، بەهۆی "نەتەوەپەرستیەوە" هندێ جار ئاین، هندێ جاریش پرسی چینایەتیـەوە کراوەتـە شـەڕانگێزی کورد بەرامبەر نەتەوە کانی دونیا... هاوکێشەی 3. لەم هاوکێشـەیەوە وێنای بەعس دەردەکەوێتەوە لە سیاسەتی بنەماڵەکاندا.
پێچەوانەکردنـەوەی ئـەم هاوکێشـانە! وەک باسـمانکردووە، شەڕانگێزی یان بنەمایەکی بایۆلۆجی یان ئەنترۆپۆلۆجی هەیە، واتە لەڕکابەریەکی سروشتی یان مرۆییەوە پەیدا دەبێت. لێرە بەدوا دەبێت:

تورەیی نەتەوەپارێزیو چینایەتی و ئایین و هـەموو جۆرەکانی بگۆڕینـە سـەر کـارێکی سیسـتەماتیکی سیاسـی جیـاواز. لەسـەرەتاوە نـاتوانین ئـەوە بشـارینەوە کـە کوردسـتانو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان پێویستی بەزیاتر لەکۆبەنـدێک هەیـە بـەڵام لەهـەمان کاتـدا پێویسـتی

بەیەکانگیریـەکی سـتراتیژی هەیـە بۆ دەربـاز بـوون لـەو بازنـە داخراوانەی ئەمڕۆ حیزبەکان لەسەری دەژین. بەهـەمان شێوە دەبێـت کـاری جـدی بخەینـەوە نـاو پێکهاتـەی کـۆمەڵایەتی و پەروەردەیی سیاسی خەڵکی کوردستانەوە کەبنەماکەی مۆراڵی ڕێکخراوەیی بێت، پاشـان ئاراسـتەی تاکە کـەس بکـات بـەرەو ئامانجە گشتیەکان بەبێ ئەوەی خەسڵەتو ماهیـەتی تاکەکـەس ون بکات.

لەوانەیـــە بـــۆ هەنـــدێ بـــار وەک خــــەیاڵ بڕوانـــرێتە پێچەوانەکردنـەوەی ئـەم هاوکێشـانە، بـەڵام میکـانیزمی خـۆی هەیەو لەشوێنی تر کە لەکوردستان ئاڵۆزتر بوە تاقیکراوەتـەوە. لەم سەروبەندەدا ئەکرێت پرسیار بکەین، ئایا کۆی ئەو هێزە ئۆپۆزسیۆنانەی ئـەمڕۆ لەکوردسـتاندان چیـان لـەم ڕووەوە پـێ دەکرێـت؟ یـان پرسـی ئۆپۆزسـیۆن بـەرەو کـوێ دەگوزەرێـت لەکۆی ئەم چارەسەرە گشتیەدا؟

مـن بـاوەڕم وایـە کێشـەو گرفتـی ئێمـە لەگـەڵ ئۆپۆزسـیۆن ڕەوایـیو نـاڕەوایی ئۆپۆزسـیۆن نیـە، یـان میکـانیزمی کـاری ئۆپۆزسـیۆن نیـە، بـەڵکو گرفتـی ئێمـە گرفتـی زانـینو ئـاڵۆزی ئـەقڵیو هۆشـمەندیە لەگـەڵ ئۆپۆزسـیۆندا. سـەرکرادایەتیو تاکـەکانی نـاو هـەموو جۆرەکـانی ئۆپۆزسـیۆن بەهـەمان قوتابخانـەو پـەروەردەدا تێپـەڕیون کـە پارتـە دەسـەڵاتدارەکان تیایـدا ژیـاون، هـەر بۆیـە نـاتوانن ئـەو خواسـتە بەشـێوە بنەڕەتیەکـەی بهێننـە دی کـە خـەڵکی کوردسـتان دەیخوازێـت.

لەباشترین باردا هەندێ لەگرۆکانی ئۆپۆزسیۆن دەتوانن کۆمەک بکەن، کە ئەوانیش: دڵسۆز و ژیر و ئازاکانیان، خەڵکە دڵسۆزەکانی ناو ئۆپۆزسیۆن دەتوانن هاوسۆزی بۆ خەمی جەماوەری دەرببڕن وخۆیان بەشەریکی خەم بزانن لەکاتی ناخۆشیەکاندا. بەڵام ژیرەکانیان ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان دەدەن بۆ ئەوەی شتێک بخەنە سەر بارودۆخی سیاسی کە ئەمەش بێ کەم و کورتی نابێت، دوابەشیشیان کە ئازاکانیانن دەتوانن بەرەوڕووی هەندێ لەناخۆشیەکان ببنەوە.

ئێمە نابێت ئەوە لەیاد بکەین، ئۆپۆزسیۆن لەماوەیەکی کورتدا سەری هەڵداوە کە وەک پێویست پێگەیشتنی بەخۆوە نەبینەوە. خاڵێکی تر ئەوەیە کە هاوکێشە ناوچەییەکان‌و جیهانیەکان بەدەر نین لەکاریگەری دانان لەسەر ئۆپۆزسیۆن‌و بەپێچەوانەوە ئۆپۆزسیۆن هێشتا ئەو توانایەی نیە کاریگەری لەسەر هاوکێشەکان دابنێت. کاتێک ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت کاریگەری دانێت ئەگەر ناڕەزایەتی جەماوەری بگۆڕێت بۆ ڕاپەڕینی جەماوەری، بۆیە دەبێت پیاچوونەوەیکی ورد بۆ ئەم پرسیارە بکەین بەر لەهەر بڕیارێک.

بەگشتی پێویستە پشتیوانیەکی پێویستی هەبوونی ئۆپۆزسیۆن بکەین، چونکە ئەو ئۆپۆزسیۆنە دەتوانێت پرۆسەی پاوانی دەسەڵات لاواز بکات. هەروەها دەبێتە هۆکارێک بۆ درووستکردنی پرسیار لەلای خەڵک، کەسەرچاوەیەکی سەرەکی هۆشیاریەو بۆ ئێمەش ئەم پرۆسەیە زۆر گرنگە. خۆ

ئەگـەر ئۆپۆزسـیۆن تـوانی ببێتـە ئـەو هێـزەی لـەدرێژماوەدا پێکهاتـەی گـۆڕینی کۆمـەڵگا زانسـتی بکاتـەوەو وردتـر تێـی بڕوانێـتو سیسـتەماتیک پیـادەی بکـات، ئـەوا دەبێـت هـەموو پشتیوانیەکی لێ بکەین. بەڵام ئۆپۆزسیۆن لەئێستادا بۆ ئێمە تـەنیا دیوارێکـە تـا بتـوانین لەپـەنای ئـەو دیـوارەدا گەشـە بەبزووتنەوەیەکی سیستەماتیکی زانستیانەی درێژخایەن بدەین بـۆ ئـەوەی بتـوانین لـەدوور مـەودادا بـە دوو ئـەرک هەسـتین، یەکـەم: ڕەگـو ڕیشـەی شـەڕانگێزو پاوانخوازانـەی دەسـەڵاتی سیاسـی کـوردی دەربێنینـە دەرەوە. دووەم: لـەپاڵ ئـەم کـارە ناوخۆییەدا بتوانین کۆمـەک بەپرسـە گشتیەکان بکـەینو بـەرەو ئامانجـە چارەسـەرکارەکان هـەنگاو بنێـین. ئەمـەش وامـان لێدەکات نەتوانین لەئاشتیخوازیەکی بێ مەرجدا بژینو دەبێت کـار بکـەین بـۆ دەسـتکاریکردنی ئـەو ئـەخلاقو سیسـتەمـە سیاسـیەی ئـەو بیرکردنـەوە پاوانخوازانەیـە بەرهـەم دەهێنێت. چونکە دواجـار گومـانم هەیـە لـەڕێگای فکرو مەنتیقـەوە لەگەڵ ئـــەم دەســـەڵاتەدا بتـــوانین بەرهەڵســـتکار بـــین. چونکـــە بەرهەڵستکارێک داوای گۆڕینی دەسـەڵاتو سیسـتەمی سیاسـی بکات، ئەو بەنەیار دەیبینێتو بەردەوام کـار لەسـەر سـڕینەوەی دەکات. تـەنیا ئـەم هـەنگاوە بەسـە بـۆ ئـەوەی شـەرعیەت بداتـە خـەڵکو هێزە ئاشتیخوازەکانیش کـە ناچـار بـن بیر لەڕاپـەڕین بکەنـەوە، لـەدۆخی ناچاریدا. هیـوادارم گومانـەکانی مـن ڕاسـت دەرنەچن بەڵام هەرگیز باوەڕم نیە هێزی سیاسـیو دەسـەڵاتی کوردی دەست بەرداری حوکمی بنەماڵەکانیان ببن.

خولقاندنی دابڕان چارەسەرێکی ئاڵۆزو پێویستیەکی بنەڕەتی یەکێک لەچارەسەرە سەرکیەکان بۆ درووستکردنەوەی کۆمەڵگای کوردستان لەسەر شێوازێکی نوێ، بریتیە لەدرووستکردنی دابڕان. دابڕان بەواتایەکی سیاسیی مێژوویی کولتووریی لەنێوان نەوەی کۆنو نەوەی نوێدا، بەبێ درووستکردنی دابڕانێکی خەسڵەتی لەگەڵ چییەتیە سیاسی و مەعریفیە کۆنەکەدا، ئاستەمە بتوانین نوێگەری یان جیاوازی لەپاشەڕۆژی کوردستاندا درووست بکەین. کوردستان وەک پانتاییەکی جوگرافیی مێژوویی سیاسی، هێندە گەشەی نەکردوە لەڕووی پێکهاتەی ئابووری‌و کۆمەڵایەتیەوە بتوانین بەشێوەیەکی هارمۆنی پەراوەی ئەو ململانێیە بکەین کە لەنێوان نەوەکاندا هەیە. چونکە پێکهاتەی کولتووری پاتریارکی‌و شێوەنەزمی بیرکردنەوەی فیوداڵی تەواوی پانتاییە ڕۆشنبیری‌و مەعریفیەکانی گرتوەتەوە، تەنانەت ئەوانەی بەناوی فەلسەفە و مەعریفەی پۆستمۆدێرنیشەوە قسەدەکەن کۆمەکێکی نمونەیی پێشکەش بەبەردەوامی دۆخی فیودالیزمی کوردی دەکەن.

زانکۆ بەم سیستەمە کاردەکات، ڕۆژنامە بەم سیستەمە کاردەکات، ڕیزکردنی کتێب لەکتێبخانەکاندا بەم سیستەمەیە، سواربوونی پاس بەم سیستەمە بەڕێوە دەچێت. خانوو شوێنی نیشتەجێ، تەواوی بوارەکانی کۆمەڵگا بەم سیستەمە دواکەوتوە فیودالیە ڕێدەکات. لەهەمووی ئاستەمتر، ئەوەیە ئەوانەی ڕۆشنبیرن و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان بەڕێوەدەبەن

بەهەمـان لۆجیـک کـاردەکەن. بۆیـە دابـڕان تاکـە هۆکـارە بـۆ خولقاندنی چارەسەرێکی مێژوویی لەکوردستاندا.

هۆکـاری سـەرەکی ئـەم جـۆرە لەچارەسـەر بـۆ بنـەمای ڕەشـبینیەکی درێژخایـەن دەگەڕێتـەوە کـە لـەمێژووی خـەڵکی کوردستاندا پاش گەڕانێکی ورد بەدی دەکرێت، بەواتایەکی تر ناتوانین سەرپێیانە تێی بڕوانین و هەموو دووریەکانیان بەدی بکەین. گرێی سەرەکی ئەم قسەیەش لەخۆیدا، بریتیە لەناتەبایی سیاسـەتو ڕەشبینی، مەبەستمە بڵێم هەمیشە کاری سیاسی گەشـبینانە دەکرێت نـەک ڕەشـبینانە! هـەر بەوهۆیەشـەوە لـەم خاڵەدا کاری سیاسی لەهـەموو مەیدانێکی تر جیاوازەو کاتێک بوارەکـانی تـر تێکـەڵ بەسیاسـەت دەبنـەوە، ئەوا ئەو کـاتەیە لەپاشەڕۆژی کارەکانیان بەگەشبینیەوە دەڕواننە داهاتوو. بەڵام ئەو ڕەشبینیەی لەمێژووی بزووتنەوەسیاسیەکانی کوردستاندا بـەدی دەکـەین، دەگەڕێتـەوە بـۆ نـەبوونی فکرێکـی سیاسـی لەکوردسـتاندا کەدەرهاویشـتەی خـەمو پێویسـتیە هەنووکـەییو پاشـەڕۆژیەکانی ناوچەکـە بووبێـت! ئەمـە لەلایـەکو لـەلای دووەمـەوە، نـەبوونی بـەدواداچوونی پێویسـتی زانسـتیانە کەبەهۆیـەوە ئـەو فکـرەی بەرهـەمهێنابێت، ئەوە غیـابی فکـر و تـوێژینەوەی زانسـتیە کەبەرهەمـی ئەڵتەرنـاتیڤی پراکتیکیـانەی نەزۆککردوە.

ئەگەرچی، بە ئەندازەیەکی زۆر لەپرۆسەی گۆڕیندا پێویستمان بەمێژوو نیە. پێویستمان بەوپرسیارە نیە کێ چی کردو بۆچی

وایکرد؟! بەڵکو ئەزموونی مێژوو بەڕەشبینیو گەشبینیەکانیەوە تەنیا لەوساتانەدا دەخوازین کەلەلۆجیکی گەشەی کولتووری سیاسی تێبگەین، نەک بیکەینە بنەمایەک بۆ شیکردنەوەی کولتووری ئێستامان! ئەمەش ئەو هەڵە گەورەیەیە کەبەشێکی زۆری سیاسیو مێژوونووسەکانی کوردستانو وڵاتە دواکەوتوەکان تێیدەکەون. لەگەورە مێژوونووسێکی وەک محەمەد حەسەنێن هەیکەلەوە تا دەگاتە مێژوونووسەکانی ئێمە لەکوردستان. من لەیادمە چەند ساڵێک لەمەوبەر، لەگەڵ کەسێکی زۆر بەتوانای سیاسی، کەسێکی خاوەن هەڵوێستو سەرکردەیەکی دیار لێی پرسیم :

"چی باشە بۆ ئەمڕۆ؟"، لەوەڵامدا وتم: "زۆر شت، بەڵام لەهەمووی گرنگتر سەنتەرو پەیمانگایەکە بۆ پێگەیاندنی سیاسەتمەداری نوێو ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی خێرا". دواتر وتی: "ئێمە تەجروبەی پەیمانگای کادیرانمان زۆرە، ئەوە بەکەڵک نایەت، پێشمەرگە لەشەڕی یەکەمو دووەمدا نەکوژرایەو خۆی قابیلیەتی هەبوایە تا دەگەیشتە پلەی فەرماندەییو سەرکردایەتی هیچی لێ نەدەهات، مەگەر لوغم بیکوشتایە!".. ئەمە گرفتێکی سەیرە، گرفتێکی عەقڵیە لەلای کەلتووری سیاسی باشترین خەڵکەکانی ئەو کایەیە، کەبەم جۆرە لەبەتواناکردنو بەهێزکردنی کۆمەڵگا بڕوانێت!

ئێمە لەباسەکانی پێشوومانذا تێگەشتین بەرهەمی کولتوورێکی پاتریارکی، کۆلتووری سیستەمی فیودالی ئەوەی لێ بەرهەمدێت کە ئەمڕۆ بەدەستیەوە گرفتمان هەیە. بۆیە

گرنگترین پرسیار بۆ ئێمه چی بکەین؟ چۆن ئەو کاره بکەین؟ نەک ڕووداوەکان چۆن بوون؟! بۆ ئێمە گرنگە چۆن خەڵکی وڵاتەکەمان بەتوانا بکەین، نەک لەمەوبەر چۆن بەتوانییان بۆخیان پچڕیوه. بۆ ئێمە گرنگە چ جۆره کەسێکمان دەوێت؟ "بەواتای کێ نا"، نەک کێمان دەوێت؟ چونکە ئەو ساتەی پرسیارمانکرد کێ باشه بۆ کوێ؟ ڕاستەوخۆ دەکەوینە هەمان هەڵەی فیوداڵیەوەو بیر لەخۆمانو خێزانو خزمەکانمان دەکەینەوە. لەم ئەزموونە چکۆلەیەو لەسەدان ئەزموونی تر تێدەگەین کەدەبێت بۆ گەیشتن بەچارەسەرێکی گونجاو تەنیا ئەوەندە بزانین چۆن دابڕان لەگەڵ ئەو ڕەشبینیە مێژووییە درووست بکەین، ئەگەرنا خودی مێژووەکە پڕە لەدووبارەبوونەوەی ناپێویست، هەندێ کات پێویست بەخوێندنەوەش ناکات، چونکە ئەگەری لێفێربوونی خۆڕسک (التعليم التلقائی) زۆرەو لەوانەیە ببێتە هۆی دووبارەکردنەوەی ئەو مێژووە.

من لەڕوانگەی دژایەتی تیۆری مێژوویەوە ئەم تێڕوانینەم نیە، بەڵام هەرکەسێک بەرهەمە مێژوویەکان بخوێنێتەوە، لەشەرەفنامەوە دەست پێبکاتو لەڕاپۆرتو ئەزموونی خۆرهەڵاتناسەکان بکۆڵێتەوە تا دەگاتە بەرهەمەکانی ئەم سەردەمە، ئەوا بەئاشکرا یەک هێڵی سیاسی مێژوویی دەدۆزێتەوە کە بزووتنەوە سیاسیەکانی کوردستان کۆمەڵێک گرفتی بنەڕەتیان هەبووەو بەبێ درووستکردنی دابڕان

ئاســـتەمە بتـــوانین چارەســـەرێکی گونجـــاوی درێژخایـــەن بدۆزینەوە بۆ ئەو گرفتانە.

سیاســەت لەهــەموو پانتاییــەکو هــەموو کۆمەڵگایەکدا پرسـی حوکمڕانیــە. وەک هــەموو کایەیــەکی زانســتیش زانســتێکەو بنەمای خۆی هەیە. زۆر لـەمێژە بزووتنـەوەکانی کوردستانیش وەک زۆر نەتـەوەی تـر دروشـمی دیموکراسـی دەشـەکێننەوە. لەسادەترین پێناسەشدا، دیموکراسی بەواتای حوکمی خەڵک بۆ خەڵک، بەڵام لایەنی کەمی ئەم درووشمە بەبێ بەرهـەمهێنانی سیستـەمێکی سیاسـی شـێواز بەنـد نایەتـە دی. ئەوە لەنەریتی خێڵەکیدایە کەگرفتی سیاسی گرفتی دەسەڵاتە لـەنێو کێ و کێ ی تردا، نەک گرفتی سیاسی نێوان چەند ڕایەکی جیاواز. بـەم پێیــە سیســتەمی فیــوداڵی دریــژە بەگرفتــەکانی ئێمــە دەداتو هەمیشـــە حـــوکمڕانی خـــەڵک بـــۆ خـــەڵک وەک دروشـــم دەشـەکێتەوەو هیچی تر.ئـەم کولتـوور و مێژووە دەسـەڵاتێکی لەکوردسـتاندا هێناوەتـە سـەر حـوکم، گرفتـەکان تێیـدا بەبـەرد بوونو بەبێ درووستکردنی دابڕانێکی مێژوویی چارەسـەریان ئاستەم بووە.

بەپێی تیۆری گەمە، Game theory، ئەم تیۆرە باوەڕی وایە کە ژیانی سیاسی بریتیە لـەوازیکردنێک، بۆیە دەبێت هەمیشـە ئـــەو وازیـــە لەگـــەڵ بەرامبـــەرەکانمان بکـــەین، کـــە تێیـــدا ســەرکەوتووین. هەمیشــە ئــەو وازیــە دریــژە پێبــدەین کەتێیدا زۆرتــرین دەســتکەوتو چێــژ دەبینــین. بــەپێی هــەمان تیــۆر

کوشندەترین هەڵە ئەوەیە ئەگەر یاریەکە کۆتایی پێ بهێنین کە تێیدا سەرکەوتووین، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە بەرامبەر یاریەکی تر بێنێتە ئاراوە ئێمە هیچی لێ نەزانین، یان زۆر تێیدا کارامە نەبین. بۆیە ئەگەر ئێمە لەگەمەی فوتباڵدا سەرکەوتووین نابێت بهێڵین یاریەکە کۆتایی بێت، چونکە لەوانیە بەرامبەرەکەمان گەمەی باسکتبۆڵ بێنێتە ئاراوە کە ئێمە هیچی لێ نازانینو لەباشترین حاڵەتدا لەگەڵ بەرامبەرەکەمان یەکسان دەبین (Chris Brady and Tara Brady، 2000/ Rule of the Game) . لەسەر بنەمای ئەم تیۆرە دەبێت گەمەیەکی سیاسی بهێنینە ئاراوە کە ئەو دەسەڵاتە سیاسیەی کوردستان هیچی لێ نازانێت، یان تیایدا کارامە نیە. ئەگەر هاتوو سیاسەتمان بەهەمان میکانیزمو شێوە ئەنجامدا کە کادرو سەرکردەکانی کۆن، ئەوان، تیایدا کارامەن، ئەوا درووستکردنی دابڕان ئاستەنگ دەبێتو لەڕێگای بەپاترۆنکردنی کۆنەوە نوێ بوونەوە ڕوونادات.

بەم جۆرە تێدەگەین هەموو نوێیەک کۆن دەبێتو کە کۆن بوو وەک مارووپەیژە دەبێت کۆمەڵگا جاریکیتر بچێتەوە خاڵی سفرو چاوەڕوانی زاریکی تر بکات! دەبێت بڵێین چۆن چارەسەری ئەو ڕەوشە بکەین؟ بۆ نمونە دەبێت خەڵکێک بێنینە پێشەوە لەکاری سیاسیدا، ناشەڕانگێزو مرۆڤ دۆست بێتو لەڕووی زانستیو تواناییەوە بتوانێت بەکارەکانی خۆی هەستێتو لەڕووی ڕەوشتەوە هیچ پێی گرنگ نەبێت ئەو چەند موهیمەو چەند دەتوانێت ناودار بێت یان چەند دەتوانێت دەوڵەمەند بێت.

کەسـێکمان پێویسـتە لـەگرێو گۆڵـە کۆمەڵایەتیـەکان بەئەندازەیەک ڕزگاری بووبێتو بتوانێت مومارەسەی ژیانێکی سروشـتی بکـات. لەیـەنی کـەم خـۆی خـۆی بێـت نـەک ئـەو بوکەڵانـەی بەپـەتی دەسـتی کەسـانی تـرەوە سـەما دەکـەن، یـان شەرمەندەو شـەرمەزاری کولتووری کۆمەڵایـەتی بـاو بێت. بـۆ هێنانە سـەرکاری خەڵکێکی لـەم جۆرە، پێویسـتمان بـەو دابڕانـە هەیـە کـە خـەڵکانێکی نـوێ پـەروەردە بکـەین دوور لەقوتابخانـە سیاسیەکەی بنەماڵەکانو سیستەمی فیودالیو هـەر شێوازێکی هاوشـێوەی ئـەو سیسـتەمە. ئـەو کەسـانەی پێویسـتمانە بێنـە مەیـدانو کاربکـەنو ئـەزموونیان هـەبێت لەچارەسـەری کایـە سیاسـیەکاندا دەبێت پەیوەنـدی سـۆزداریو مـادییو ڕۆحـی و پەروەردەییان لەگەڵ دەسـەڵاتی کوردیـدا نـەبێتو تـەواو دابـڕاو بن لەچییەتییە ڕەوشتیەکانی ئەم دەسەڵاتە.

لێـرەدا بـۆ ئـەوەی لەیەکـەم هـەنگاوەوە لەگـەڵ خۆمانـدا ڕاستگۆبین، ئەوا دەبێت بزانین هەموو ئەندامانی کۆمەڵگاکەمان کـەم تـازۆر بارگاویـە بـەو ژیانـە سیاسـیە دژوارە، کـەم تـازۆر بـۆن و بـەرامی گەنـدەڵی سـەرتابەخواری پێکهاتـە کۆمەڵایەتیـەکانی گرتوەتـەوە.. بـەڵام هێشـتا دەرفـەت مـاوە لـەو گرفـتو قەیرانانـەدا خـەڵکێکی جیـاواز هـەڵبژێرینو پەروەردەیـەکی جیـاواز بونیـاد بنێـین، بەتایبـەت لـەڕووی سیاسـیەوە. هـەروەها دەبێـت ئـەوە لـەیاد نەکـەین لـەنێو ئـەو خەڵکـە کۆنـەدا هێشـتا کۆمـەڵێکی دڵسـۆز هەیـە بیـەوێت ژیـان بگاتـە مرۆڤدۆسـتیو ئـارامی، بـەڵام ئەوانـەش دەبێـت ڕابهێنـین

کەچیتر ناکرێت هەژموونی ئەوان تاکە حکومڕان بێت لەبەر ئەوەی سەلماندویانە دڵسۆزن. هندێ کات دڵسۆزی گەورەترین بەڵا دەخاتە بەردەممان! بۆ درووستکردنی ئەو دابڕانە (مێژووی دڵسۆزی ڕۆڵ نابینێت)، بەڵکو (دلسۆزبوون بۆ گۆڕینی داهاتوو بۆ نەوەکانی داهاتوو) ڕۆڵێکی کاریگەری دەبێت، هەرکەسیش بۆ داهاتوویەکی جیاواز دڵسۆز بێت ئاسایی دەتوانێت دەرفەت بەنەوەی نوێ بدات بێتە پێش‌و هەژموونی نوێ ئەزموون بکات.

ئێمە گرفتی زۆرمان هەیە لەگەڵ ڕەفتارو ڕەوشتی سیستەم‌و دەسەڵاتی سیاسی کوردیدا. گرفتەکانمان گرفتی سیستەمی سیاسین گرفتی مەعریفین، گرفتی عەدالەتن، گرفتی ڕەوشت‌و مامەڵە بازرگانی‌و ئابووریەکانن. ئەم گرفتانە بەشی گەورەیان لەنشێوی قەیراندان‌و بوونەتە شێرپەنجەی کۆمەڵایەتی‌و بەبێ درووستکردنی دیوارێک لەنێوان باو و نوێدا ئاستەمە بتوانین تێیان پەڕێنین. هەر کات گەیشتینە بیروباوەڕی گۆڕین، چەند هەوڵێکمان بۆ ڕیفۆرم داو پڕاوپڕ سەرکەوتوو نەبووین.. هەر کات ئاستە ڕۆشنبیریە بەرزەکانی کۆمەڵگاو سیمبوڵەکانی لەگەندەڵیەوە گلان، یان گرۆ پێشڕەوەکان ماکە ڕەوشتیەکانیان دۆڕاند.. ئەوە کاتی ئەوە هاتوە ئەو دەسەڵات‌و سیستەمە سیاسیە بگۆڕدرێت، گۆڕانێک سەراپا ستراکچەرو پرۆسێسی بگۆڕدرێت.. گۆڕانێک بتوانێت تەواو ڕەفتارو کردەوەیەکی کۆمەڵایەتی نوێ بەرهەم بهێنێت.

خولقاندنی دابڕان ئەو سیحرەیە کە دەتوانێت ئەم گۆڕانە درووست بکات، بۆیە سەرەتاییترینو پێشەنگترین پرسیار ئەوەیە ئایا دابڕان چۆنو لەگەڵ چی درووست بکەین؟ ئەم پرسیارە وەڵامی بەشێکی زۆری پرسی دابڕانو نوێگەری لەسیاسەتو دەسەڵاتی کوردیدا چارەسەر دەکات.

**بەهێزکردنی هێزی لاواز و پڵنگە کارتۆنیەکان**

هەموو پیرۆزکردنێ لەدەرەوەی بەها مرۆییەکان، مردنی تێرامانو پرس درووستدەکات. کاتێک تێرامانو پرس مردن، گشت ئەڵتەرنەتیڤێکی دەمرێت.. گەشەکردنی دادوەری دەپووکێتەوە.. پانتاییەک نامێنێت بۆ پیاداچوونەوەو لێپرسینەوە.. دواکەوتوویی باڵدەکێشێت بەسەر هەموودا. پیرۆزکردن ئەو لۆجیکە فکریەیە کەئیدی ناتوانین شتێکی بەرزتر، ڕاستر، زانستی تری پێ ببینین. بۆیە تەنیا بەها مرۆییەکان پیرۆزن، هەموو ئەو پیرۆزیانەی تر وەهمێک لەپشتیانەوەیە خاڵی نیە لە دەسەڵاتو هەژموونی سیاسی! ئازادیو داکۆکیکردن لەدادوەری دوو پارامیتەری مرۆیی بوونو ژیان دۆستین، مرۆڤ بەم دوو پارامیتەرەوە (دادوەریو ئازادی)ەوە مرۆڤە، هەر کەئەم دوانەش نەمان مرۆیی بوون تێڕوانینەکان دەچنە دۆخی ستەمەوە کە خاڵییە لەلۆجیکو خاڵیە لەهەستێک کە بەهۆیانەوە مرۆڤین.

گرفتی خەڵکی کوردستان بەگشتی لەگەڵ ژیاندایە.. خەڵکێک کەدەخوازێت ژیانێکی مرۆییانە بژیو ئامانجە شارستانیەکانی

خـۆی بەدەسـت بهێنێت. بـەهۆی ئـەو سـنووره تۆتالیتاریانـەی دەسـەڵات دەینەخشـنێت بـۆ ئـازادیو تێکـڕای ئـەو بێدادیـەی دەسـەڵاتی کـوردی دروووسـتیکردوە، ئـەم خواسـتەی خـەڵکی کوردسـتان پـڕ پرسـیارو ئاسـتەنگ بـووە.. ژیـان بـەجۆرێک دەگوزەرێت کـە جیاوازیـەکی گـەورە لـەنێوان تـوێژو گرۆکـانی کۆمەڵـدا ڕۆژ لـەڕۆژی فـراوان دەبێـت. ئـەم پرسـە پرسـی هەرکـەسو چالاکەوانێکـە کەلـەبواری کـاری سیاسـیدا بیـەوێت هەنگاوێک بنێت.

بەئەندازەیـەکی بـەرفره گرفتـی بێدادیو سـنووورداری ئـازادی تەشـەنەیکردوەو پرسـە نیشـتمانیو نەتـەوەییو چیانەیەتیـەکان ئاڵۆز بوون! نایەکسانی بەهەموو ڕووەکانیەوە پرسی سیاسـیی کردوەتـە پرسـی هـەموو کـەس. ئەمـەش هێنـدەی تـر ژیـانی هاوڵاتیـانی لەکوردسـتاندا نـاخۆش کـردوەو بـەردەوام خـەڵک لەملمڵانێیەکی بەردەوامی دەروونیدایە لەگەڵ یـەکترو بـەردەوام گرێی نامۆیی ئاڵۆزترو ئاڵۆزتر دەبێت. ئەوەی جێی سـەرنجە بـۆ خسـتنەڕووی چارەسـەرەکان، فاکتـەرەکانی هێـزن! ئـەو فاکتەرانەی چارەسەری سیاسیانەیان پێدەکرێت. چارەسـەرێکی تاڕادەیـەک بنـەڕەتی کـە بتوانێـت ڕێگـە بگرێـت لـەدووبارە بوونەوەی هـەمان سیسـتەمو هـەژموون، پاش وەرچەرخاندنی سیسـتەمی سیاسـی هـەرێمی کوردسـتان. چونکـە ئـەم سـتەمە قەڵـەو و ئەسـتووره زۆر زوو تێکدەشـکێتو کۆمـەڵگای کوردسـتانیش ڕاپـەڕین یەکێکـە لـەکولتوورەکانی گۆڕانکـاریی

تێیدا. بەڵام گۆڕان بەم ئاستەنگانەوە کە تێیدا دەژین تەنیا بەهەمهێنەرەوەی هەمان ستەم دەبێت.

ئەوەی لەدەست دەسەڵاتی کوردیدایە ئەمڕۆ بۆ حوکمڕانی سیاسی بریتیە لەچەند فاکتەرێکی سادە: هێزی چەکدار، پارەو داهاتی کوردستان. بەڵام کاری سیاسی چ لەدەسەڵاتدا بێت یان لەئۆپۆزسیۆندا بەهۆی چەند فاکتەرێکی هێزەوە بەڕێدەکرێتو ئەنجام دەدرێت. ئەو فاکتەرانەش بریتین لەمەعریفەو هێزی جەماوەری، لەپاڵ پارەو هێزی سەربازیدا. دەسەڵاتی کوردیش لەبەکارهێنانی ئەم فاکتەرانەدا، بەتایبەت هیزی سەربازی، مەعریفە، هێزی جەماوەریدا، زۆر لاوازو کەم دەستە.

لێرەوە پرسیارێک خۆی دەسەپێنێت، باشە ئەگەر دەسەڵاتی کوردی لەسێ سەرچاوەی سەرەکی هێزی سیاسیدا لاوازو دەستکورت بێت ئەی چۆن دەتوانێت لەحوکمی سیاسیدا بەرامبەر جەماوەرێکی تووڕەو نیگەران بمێنێتەوە؟ وەڵامی سەرەکی ئەم پرسیارە سادەیەو پەیوەستە بە لەلاوازی کۆمەڵگاو خەڵکی کوردستان لەهەمان ئەو فاکتەرانەی هێزدا، هەر ئەمەش وادەکات کەدەسەڵاتی فیوداڵی بتوانێت درێژە بەشێوازی حوکمڕانی خۆی بدات. ئەوەی لای دەسەڵاتی کوردی هەیە بڕە پارەیەکی زۆروزەوەندەو بەهۆی ئەم پارەیەوە هێزێکی میلیشیایی نازانستی ڕاگرتوە کەپارێزگاری لەسەرانی ئەو دەسەڵاتو بنکەو بارەگاکانی بکەن. هەروەها بەهۆی ئەم توانا داراییەوە کۆمەڵە دەزگایەکی ڕاگەیاندنی

دەرباری درووستکردوەو لەڕێگایانەوە کاردەکات بۆ بەردەوام لاوازکردنی تاکە کانی کۆمەڵ. ئەو برە پارە زۆرەی لەبندەستی ئەم دەسەڵاتەدایە، تاکە پانتایی بەهێزی ئەو دەسەلاتەیەو هیچی تر.

دەسەڵاتی فیوداڵی بنەماڵەی حوکمڕانی کوردستان کار لەسەر شێوازێکی کلاسیکی کۆنترۆڵکردن دەکەن، کەهەمان شێوازی کۆنترۆڵی باندە دەسەڵاتگەراکانی وڵاتە دواکەوتوو نادیموکراتەکانی کۆنگۆ و ئەنگۆلاو یەمەنو صۆمالو چەند سیستەمێکی دواکەوتووی تری جیهانیە. ئەم دەسەڵاتانە ئامانجێک لەئامانجەکانیان بریتیە لەشکست هێنانی پایەگا مەعریفییەکانی کۆمەڵگاکانیان، لەپێناوی مانەوەی هێزو دەسەڵات لەدەست تاقمە حوکمڕانەکانی خۆیاندا. ئەوەی ئەم پێکهاتە ناسیاسیە خەریکەو کاری لەسەر دەکات، سیستەمی نوێنەرایەتی تۆکنیزمانەیە کە کۆمەڵە خاوەن بڕوانامەیەک دەکاتە ڕووکارو دەمامکەکانی خۆی بەبێ ئەوەی بتوانن پەراوەی زانستیانەی ئەو بڕوانامانە بکەن کە هەڵیانگرتوە، هەر بەو هۆیەشەوە دەبنە کۆمەڵە کەسێک کەبەشێوەی لائیدریانە پارێزگاری لەدەسەڵاتی فیوداڵی دەکەن لەکوردستانو ڕێگا خۆشکەرن بۆ بەردەوامی ستەمی ئەم سیستەمە.

لەلایەکی ترەوە دەسەلاتی سیاسی کوردستان هێزێکی چەکداری "میلیشیایی" هەیە، بەهۆیەوە دەتوانێت سەرکوتی تێکڕای ئەو هێزو لایەنانە بکات ئەگەر ڕۆژێک لەڕۆژان بوونە

هۆکـار بـۆ گـۆڕینی ئـەو سیسـتەمە. ئـەم هێـزە لـەبچووکترین ڕووبەڕووبوونـەوەی دەرەکیدا ئەگـەر خـەڵک پشـتیوانی نـەکات تێکدەشکێت، ئەگەر خـەڵکیش پشتیوانی کرد بەرگـەی کـەمترین مـاوە دەگرێـت و زۆرتـرین قوربـانی دەدات. مەبەسـتمە لەسـەر وشـەی میلیشـیا کـەمێک بـوەسـتم بۆ ئـەوەی بزانین ئـەم هێزە تەمەنی زۆر کورتترە لەو ئاستەی ئێمە تێی بڕوانین.

میلیشـیا، Mi-li-tia وشـەیەکە بنـەڕەتێکی لاتینـی هـەیـە، نـاوە، بەواتای خزمـەتی سـەربازی دێت. ئـەم وشـەیە لەسـاڵی 1625 ەوە بەکار دێت لەئەدەبیاتی لاتینیو جیهانیدا. دوو واتـای هـەیـە: یەکـەم/ بەشـێکە لـەهێزی سـەربازی نـاو وڵاتێـک کـەبۆ بـاری نائاسـایی بـەکار دێـت، بـەواتای Emergency ، ئـەم هێـزە لەخــەڵکی ســڤیل درووســت دەکرێــت. دووەم/ ئــەو بەشــەی نێرینـەی کۆمـەڵگا بـووە کەهەمیشـە بـێ ڕێکخسـتن ئامـادەی جـەنگ بووە. بـەڵام ئـەمڕۆ بەواتایـەک بـەکار دێت کەخـەڵکێکی سڤیل بەکاربهێنرێت بۆ پێکهێنانی هێزێکی سـەربازی.. جیاوازی خەڵکی سڤیلو خەڵکی سەربازی لەزانستو هونەری جەنگدایـە، خــەڵکی ســەربازی زانســتو هونــەری جــەنگ دەزانێـت بــەڵام خــەڵکی سـڤیل بەغـەریزەو ڕق بەشـداری شـەڕ دەکـات، واتـە سـەرباز بـۆ ئامـانج بـەکار دێـت لەپارێزگاریـدا، میلیشـیاش بـۆ تۆڵـەو پاککردنـەوەو تـرس، بۆیـە ڕەسـمی نابێتـەوە. چونکـە لـەدەرەوەی وەزیفەکـەی بـەکاردێت، ئـەم هێـزە لەبنەڕەتـەوە بۆمـەرامێک دادەمـەزرێت کەبەدەسـتهێنانی ئامـانجێکی تایبـەتی هەبێت نـەک گشـتی. نمونـە سـەرباز کەجلە سـەربازیەکانی دانا

مرۆڤێکی سقیله، بەڵام میلیشیا لەکاتی مۆڵەتیشدا دەستی لەسەر چەکەکەیەتی.. بەواتای نوێ میلیشیا ئەمانە لەخۆ دەگرێت:

- ✹ هێزێکی سەربازیە پرێزگاری لەشوێنێک لەیاسایەکی دیاریکراو دەکات.. مەرج نیە ئەو یاسایە یاسای هەموو خەڵک بێت. ئەمەش بەتەواوی بەسەر پێشمەرگەی حیزبەکاندا دەچەسپێت لەدوای 1994. چونکە لەدوای ئەم ساڵەوە پێشمەرگە وەک پێشمەرگە بەکار نەهاتوە.. نەبوەتە هێزێکی نیزامی و هێزێکی شۆڕشگێڕیش نەبووە! هەندێ جار ڕۆڵی پۆلیسی نهێنیشیان پێ بینیوە، ئەمە جگە لەلیوا تایبەتەکانو زرێڤانییەکانو...تاد
- ✹ خۆبەخشانە یان لەژێر کاریگەری ناچاریدا، چەکی هەڵگرتبێتو بەباشیش ناتوانێت ئەو چەکە بەکار بهێنێت.. بەڵێ ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەوترێت پێشمەرگەی کوردستان، یان بەپیشەو پرۆفێشن لەچەکداری بەولاوە هیچی تر نازانێتو ناچارە چەکدار بێت لەژێر کاریگەرییە مێژوویەکانی شۆڕشی کوردستاندا، یان لەبەر بژێوی خێزان ناچارە پێشمەرگە بێتو لەپاڵ پێشمەرگایەتیەکی ناچارانەشدا کاسبیەکی بچووکی وەک دەستگێڕیو دووکانداری دەکات بەهاوکاری کەسەکانی خۆی. لەلایەکی ترەوە پێشمەرگە لەکوردستاندا بەکەمترین ئاست دەتوانێت هێزی زانستیانەی چەکەکەی خۆی بەکار بهێنێت.
- ✹ هێزێکی تایبەتە، واتە هێزێکە موڵکی حکومەت نیەو حکومەت ناتوانێت کۆنترۆڵی بکات.. بەڵێ لەسەردەمی شاخداو ئێستاش پێشمەرگە بەجۆرێک لەجۆرەکان میلیشیا بووە، بەڵام

لەسـەردەمی شـاخدا بـەهۆی ڕەمـزی مقاوەمـەی شـۆڕشو نەتەوەیەکەوە وەزیفەی پێشمەرگە بوون بەسەریدا زاڵ بووە. لەلایـەکی تـرەوە میلیشـیایەکی لۆکـاڵی پارتـەکان بـووە لەبەرەنگاری نێوان هێزەکان خۆیاندا بەکارهاتووە.. ئێستاش پێشـمەرگە دوو نـاوی بنـەڕەتی تـری پێـوە لکـاوە کەدەیکاتـە میلیشـیا، نـاوی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان (ف.ه.پ.ک - یـەکێتی)، لـەلای دوەمـەوە فەرمانـدەیی لەشـکری کوردسـتان (فەلەک - پارتی) کەتائێستا یەکیان نەگرتوەتەوەو لـەژێر ڕکێفی حکومەتی یەکگرتووی کوردستاندا نین. بەڵکو تەنانەت لەژێر دەسـەڵاتی دوو ئیدارەیشـدا نـین! بۆنمـونە: نـە بەرهـەم صـالح دەسەڵاتی بەسەر (ف. ه. پ. ک - یەکێتی)دا دەشکێت نە ئازاد بەرواری شەریکیشی فەرماندەی (فەلـەک - پارتی)یەو، ئەگەر چی لەڕووی فۆرماڵیەوە سەر بەهێزی سەربازی ئێراقیش بن، بەڵام لەڕووی کرداریەوە ئەم دوو هێزە میلیشیانو ئیلتیزامیان نیـە.. لەلایـەکی تـرەوە لـەماوەی ڕابـردوودا هێـزی تـریش درووسـت بـوون کەبەتـەواوی هێـزی کەسـەکانن، لیـوای تایبەتەکانیان باشترین نمونەن.

- هێزێکی نانیزامیەو بەناوی جیاواز بانگهێشت دەکرێت.. بۆنمونـە سـوپای سـوور، جونـدولا، سـوپای پاسـداران،لیوای تایبەت، هێزەکانی کاک فلانو مام فیسار.. پێویست بوو پاش ئازادی کوردستان ناوی پێشمەرگە بگۆڕایە بەشتێکی تر ئەگەر دەمانویست پێشمەرگە، وەک وشە خەسڵەتی شوڕشگێڕی تێدا بهێڵینەوە، هیچ شوورەیی نەبوو ئگەر ناوەکەیمان بگۆڕیایە بەسوپای کوردستان. لەڕووی زماناسی کولتووریەوە، ئەگەر

ناوێک لەسەردەمی خۆیدا بەکار نەهێنرێت، ئەوا وەزیفەی ناوەکە دەگۆڕێت، بەم جۆرەش هەردوو دەسەڵاتی یەکێتیو پارتی، ناوی پێشمەرگەیان پەلکێش کردە ناو کەینوونەی میلیشیا بوونەوەو لەدوای ڕاپەڕینەوە ئەم ناوەیان سیفەتێکی زاڵتری پێشمەرگەیە. بەپێی ئەم پێناسەیە، مەسعود بارزانی لەپاڵ تاڵەبانیدا بەرپرسی یەکەمن لەبەمیلیشیاکردنی پێشمەرگەداو سڕینەوەی خەسڵەتە بەرزەکانی ئەم ناوە کەمێژووی خەباتێکی نیشتمانی دووردرێژ پێی بەخشی بوو.

مەبەستی سەرەکی لەباسکردنی ئەم هێزە، دەرخستنی لاوازیەکانێتی کەدەکرێت بەئاسانی زەفەری پێ ببرێتو کۆنترۆڵ بکرێت لەلایەن هەر هێزێکی نیشتمانی یان تەنانەت نا نیشتمانیشەوە، چونکە هێزێکی لاوازە تەنیا دەتوانێت ڕووبەڕووی هێزە ناوخۆییەکان ببێتەوە، ئەوەش لەئاستێکی زۆر نزمدا.

ئەم تاکە دوو هێزەی کەلەدەست دەسەڵاتی کوردیدا هەیە، بەکار هاتوون بۆ مانەوەی خەڵک لەدۆخی نەزانیەکی بەردەوامدا تا بتوانن بەرەوڕووی پێکهاتەیەکی مەعریفی بەرزترلەخۆیان ببنەوە. یەکێک لەو میکانیزمانەی دەکرێت بەهۆیەوە ئاڵگۆڕ لەدەسەڵاتدا بکرێت بریتیە لە پێشکەوتنو پێشخستنی بنەوەی هەرەمی کۆمەڵگاکە، واتە گەشەپێدانی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو کۆمەڵگایە، کە ئەندازەی

پێشکەوتنیان بگاتە پلەیەک چیتر نەتوانێت قبوڵی ستەمو ڕەفتارەکانی دەسەڵات بکات.

میکانیزمی بەکار هێنراو بەسێ خاڵ ڕووندەکەمەوە:

1. پارە و سەرچاوەی داهاتی هەرێم بەکار هاتوە بۆ بەکۆیلەکردنی کۆمەڵگاو سنوورداری پێشکەوتنی جەماوەریو نیشتمانیو هێشتنەوەی گەشەسەندنەکان لەپێکهاتە مەتریاڵیەکاندا. سەرئەنجام تێکڕای پانتاییە مەعریفیو زانستیەکان پاشەکشەیان پێکراوە بەمیکانزمێک کەلەناو کۆمەڵدا نەزانی کراوەتە بنەمای دامەزراندنو هەموو ئەوانەش کە سێبەری دەسەڵاتن باشترین فێرکاریان لەدەرەوەی سنوورەکانی هەرێمی کوردستاندایە.
2. هێزی چەکدار، بەکار دەهێنرێت بۆ دەمکوتکردنو سەرکوتکردنی تێکڕای ناحەزە ناوەکیەکان.
3. ماشێنێکی ڕاگەیاندنی بەتەوژم پانتاییەکانی کوردستانی کۆنترۆڵکردوەو شوێنی هۆشیاری گشتی گرتوەتەوەو پرسی خەڵکی کوردستان بووەتە پرسی تێکڕای ئەو زنجیرەو گۆرانیو هەواڵو بەرنامە تەرفیهیانەی کەپرسیار لای هاوڵاتی دەکوژێت.

ئەگەر خاڵەکان بەگشتی لە ئەستۆی سەرکردایەتی سیاسی کورد بن و بەتایبەت خاڵی دوەم کەمۆرکی سیاسەتی فیوداڵی بەرجەستەدەکات، ئەوا خاڵی یەکەم و سێیەم سەراپا لە

ئەستۆی ئەوانەیە کەدەستیان قەڵەمی گرتوە و وشەیان بەرهەمهێناوە. ئەوانەی وشەیان بەرهەم هێناوە دابەش دەبنە سەر سێ جۆر، ئەوەی لەکۆمەڵگای کوردیدا پێی دەڵێن قەلەم فرۆش.. هەمیشە ئەوانە بوون لەدەزگاکانی راگەیاندنی دەسەلاتدا وەک دەربار کاریانکردوە. بەشێکی تر کەنووسەری جدی و خاوەن پرۆژەو توێژینەوە و شیکاری جدیان هەبوە لەپانتاییە مەعریفیەکاندا ئەوەکارەکانیان دیارەو دەتوانین بلێین ئەمان هەمیشە دژایەتیکراون و تەنانە لەبازنەی ئەقڵی فیوداڵیشدا و لەلایەن ئەوانەشەوە کەپێیان دەوترێت میدیای ئازاد، بەچاوی دوژمنکارانەوە سەیرکراون. دوابەش کەبەڕای من ئەو بەشە نووسکارەیە، کەشنەی بای دەسەلات لەکوێوە هاتبێت ئەوان پرسیان پێی کردوە، تەنانەت پشتیوانیشیان لەبەرهەڵستکاری و ئازادی کاتێک بوە کە هێزێکیان لەلای ئۆپۆزسیۆن شک بردبێت.

مەترسی گێلکردنی کومەڵگا بەپلەی یەک ئەکەوێتە ئەستۆی ئەو نووسکارانەی بەدرێژایی بیست ساڵ بەناوی مەعریفەو دژایەتی حیزب و دەسەلاتەوە، خەڵکیان بێهیواکرد و هەمیشە لەخزمەتی گێلکردنی خەڵکدا بوون و خزمەتی حیزبیان کردو بەشێکیش لەدەسەلاتیان هەبوو. لەخەسڵەتەکانی ئەم نووسکارانە کە بۆمن پشتیوانی سیستەمی فیوداڵین ئەمانەی لای خوارەوەیە:

1. بەشێکی گەورە لەنووسینەکانیاندا ونە، ئەویش پرسیاری تێفکرینە لە گرفت، بەلام قەرەبووی ئەم کەم و کورتیەیان

به خواســـتنی مەعریفەکـــردوەتەوە لەجیهـــانی دەرەوە، زۆربەی کاتەکانیش نا ئەمینانە بەناوی خۆیانەوە بڵاوی دەکەنەوە.

2. لـۆجیکی زانســتی و تـوێژینەوەی زانسـتی لەنووســین و بەرهەمەکانیاندا ونە! بەڵکو بەپلەی یەک جۆرێک لەنەسەقی ســۆزداری و شــیعری بەدی دەکەیــن کەبەردەوام لەگەڵ سۆزی خەڵکدا یاری دەکەن و چۆن دەسەڵاتەکانی ستەم پیاوانی ئاینیان بەکار هێناوە، ئەمانەشیان بەهەمان شێوە بەکارهێناوە.
3. هەمیشــه دەســەڵات بەرامـبەر بەکارهێنانیـان وێنەکانیـانی لەڕۆژنـــامەو گۆڤارەکانـــدا گەورەکـــردوەو بەوهـــۆیە دیماگۆگیەی ڕاگەیاندنەوە بوونەتە سیمبووڵ، کەبەڕاستی کــاریگەری ئەم نووســکارانە وەک زنجیــرە تەلەفزیــۆنیە تورکی و مەکسیکیەکان وابوە لەماوەی ڕابردوودا.
4. ئەم تـاقمە لەنووسـکار، هەمیشــە پێیــان وا بـوە کەئەمـانن مـوفەکری کـایە سیاسـیەکان و ئەمـانن دەتـوانن لەبـری دەســەڵات و ئۆپۆزسـیۆن بیـر بـکەنەوە، بەڵام لەڕاسـتیدا ئەمــانە لەلایــن دەســەڵاتی سیاســیەوە بەتەواوی بەکــار هێنـراون و دژایەتـی قۆنـاغ بەقۆنـاغی داواکـانی خەڵکیـان کردوە.

ئەم پێکهـاتە ئـاڵۆزەی دونیـای ڕۆشـنبیری بەتەواو لەفەلەکـی سیستەمی فیودالیدا ڕۆڵی ئەو پیاوە ئاینیانەی پێ بەخشراوە کەلەکۆندا بەجۆرێک لە جۆرەکان ڕایەڵەیەکیان لەگەڵ دەسەڵات

هەبــوو، هەروەهــا لەلایەکــی تریشــەوە پیــاوی دادوەری و نمایندەی خواکان بوون. ئەمڕۆ لەکوردستاندا بەهەمان شێوە لەلایەک نمایندەی دادوەری و فکــری ئــازاد و مــافە سەرەتاییەکانی مرۆڤن و سیمبوڵی میدیای ئازادن لەلایەکی تریشەوە هەمیشە لە پەیوەندیدان لەگەڵ دەسەڵات و زۆرجار بەبێ پرسی ئەوان ناوێرن بەشداری خۆپیشاندانەکانیش بکەن.

بۆیە مانەوەی خەڵک لەدۆخی نەزانیدا بەردەوامی بەزاڵ بوونی ئەو پارەو چەکدارانە دەدات کەئەمڕۆ حوکمڕانن. هێزی ئۆپۆزسیۆنی بگۆڕ پێویستی بەچەندین کەناڵی ڕاگەیاندنی جیاوازو جدی هەیە، کە بتوانێت ستەمەکانی ئەو دەسەڵاتە زەقبکاتەوە.. بۆ ئەوەی ئەگەر ئەو دەسەڵاتە تەنانەت لەدوور ماوەدا خۆی گۆڕی ئەوە بەقازانجی خەڵک کۆتایی بێت، ئەگەر نا پێکهاتەی هۆشیاری بنەوەی هەرەمەکەی کۆمەڵگا بەزۆر دەیگۆڕێت.

بەکورتی خەڵک ئەگەر هەمووشی نەبێت، بەڵام ژمارەیەکی زۆر باش ئەقڵو هۆشمەندی لەنێویاندا هەیە، بەتایبەت نەوەی نوێ. کەلەڕێگای ڕێکخستنەوە دەکرێت کۆ بینەوەو کۆکردنەوەی خەڵکیش دەکاتە جەماوەرو هێزی سەربازیو دواجار توانای داراییش. بەڵام گرفت لەکۆبوونەوەدا نیە بەتەنیا، گرفت لەچۆنێتی کۆکردنەوەو ئاراستەکردنی ئەو هێزە جەماوەریەدایە. ئەم خاڵە بۆ گرفتی هۆشیاری دەگەڕێتەوە کە پێویستە پرۆسەیەکی بەردەوام بێت تا ئەو ساتەی هۆشیارانە

کۆمەڵگا ئاراستەیەکی دی وەردەگرێت.. دەبێت سەرەتا لەناو ئەو جەماوەرەوە هەست بەگۆڕانکاریە نوێیەکان بکەین، ئەگەر نا لەناو دەسەڵاتدا سبەی ڕۆژ هەمان پرۆسە دووبارە دەبێتەوە.

دامەزراندنی ڕێکخستنێکی نهێنی پۆلایینی پێکهاتە لیقی کاریگەر بەدرێژایی مێژووی پتر لە 60 ساڵی ڕابردوو، هۆشمەندیو بەرژەوەندی بنەماڵە فیوداڵییەکان بەبەردەوام پاشەکشەیان بەپرسی سیاسی و پێشکەوتنی خەڵکی کوردستان کردوە.. بەبەردەوام کاریان لەسەر خراپکردنی پەروەردەی خەڵک کردەوە، بەئاراستەی پاشکۆیەتیو نۆکەرایەتی لەسەر بنەمای تێگەیشتنی فیودال کە هەمیشە بیرۆکەی "پیاو بوونی یەکێک".. 60 ساڵ تەمەنێکی بەردەوامی دوورودرێژە کەدەتوانێت کولتوورێک درووست بکات ( F.R. Leavis and Denys Thompsonکولتوورو ژینگە 1977، گرینوود پرێس). ئەم کولتوورە سیاسیە نەفامانەیە بەردەوام کاریگەری هەبووە لەسەر نسکۆکانی کۆمەڵگاو پاشەکشەو هێشتنەوەی لەدۆخێکی بێگەشەی وەستاودا. ئەم پرۆسەیە یەک ئامانجی لەپشت بوە "هەموو شت لەپێناو مانەوە لەدەسەڵاتدا". گەر بڕوانینە جوڵەی سیاسیو دیبلۆماسی هێزە نێودەوڵەتیەکان دەبینین پاش هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتی فیودالی ئەم بنەمالانە مامەڵە سیاسیەکانیان بەردەوام گۆڕانی بەسەردا هاتووە، تەنانەت لەهەموو وەرچەرخانێکی مێژوویشدا جارێکی تر ئەم هێزانە لەکوردستاندا تاقیکراونەتەوە. گەر بڕوانینە خوێندنەوە

مێژووی‌و ئەنترۆپۆلۆجیەکان دەبینین هەڵسەنگاندنێکی وردیان بۆ باری دەروونی‌و کۆمەڵایەتی دەسەلاتدارانی کورد کردوەو لە کتێبی ( Aga, Shaikh and State)ی Marvtin Van Bruinessenدا ساڵی 1992)  بەوردی باسکراون.

لەم توێژینەوەیەدا نووسەر بەوردی لەتێکڕای ئەو هەل‌و مەرجانەمان ئاشنا دەکات بۆ دەسەلاتی بنەماڵەیی ئامادەیی گەورەترین خیانەت‌و پاشکۆیەتی دەبێت لەپێناو پاراستنی دەسەلاتدا، کەبەشێکی زۆر لەتێڕوانینەکان بەسەر هەردوو بنەماڵەی حوکمڕاندا دەچەسپێت. لەلایەکی ترەوە پیشانمان دەدات کەئەگەرەکانی تێکشکاندنی ئەو هەژموونە دواکەوتووە بەچ ڕێگایەک دەبێت. سەرەڕای ڕەخنەو بەدواداچوون بۆ بەرهەمە بیانیەکان، بەلام بەشێکی زۆریان ڕێنیشاندەریی باشیان تێدایە بۆ ئەوەی بزانین چۆن دەتوانین تیۆری نوێ بەرهەم بهێنین. زۆرن ئەو بۆنانەی کە ئەم هۆشمەندیە فیوداڵیە تێیدا شکستی بەبزووتنەوە سیاسیەکانی خەڵکی کوردستان هێناوەو پاشتر خودی خۆیان وەک باوکی نەتەوەیی هاتوونەتەوە مەیدانی سیاسی‌و جارێکی تر هەمان هەژموونیان دووبارە کردوەتەوە.

بێگومان بۆ کۆتایی هێنان بەسیستەمی خۆدووبارەکردنەوەی حوکم‌و هۆشمەندی فیوداڵی لەکوردستاندا، پێویستمان بەهەڵگرتنی هەنگاوی جدی سیاسی جیاواز هەیە. پێویستمان بەلەدایک بوونی چەندین ڕێکخراوی سیاسی هەیە

کەبەهۆشمەندیو میکانیزمی ترەوە کاربکەنو نوێنەرایەتی ڕا و بۆچوونە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا بکەنو لەزۆر باردا یەک ڕای دیاریکراو پێویستی بەچەند ڕێکخراوێکی تاکتیکی هەیە.

لەئێستادا دەسەڵاتی سیاسی کوردی دەسەلاتێکی بنەماڵەییە و بەدرێژایی مێژوو بەشدارە لەتێکڕای ئەو پیلانو خراپانەدا کەبەرامبەر پرسی ڕەوای نیشتمانو کۆمەڵگایەک کراوە، بەمیکانیزمو شێوازو هونەری جۆراوجۆرەوە، بەسیناریۆو دەرهێنانی جیاواز جیاواز. وەک پێشتر باسمانکردوە ژینگەی ئەم هەموو پێشێلکاریەی شانۆی سیاسی کوردستان بۆ کەم توانایی خەڵکی کوردستان دەگەڕێتەوە، هەروەها دەستنیشانمانکردوە کەپێویستیمان بەدابڕانێک هەیە. بەو دابڕانەوە دەچینەوە بەگژ دەسەلاتێکی سیاسی پسپۆڕ لەبەکارهێنانی میتۆدی خیانەتو سەرکوتکردندا، ئەگەرچی لەڕووی سەربازیەوە لاوازە، بەلام توانایی هەیە شکست بەڕێکخستنێکی ساوای نەیار بهێنێت، هەر وەک ئەوەی لەمێژوودا نمونەی زۆرە.

ئەم فیودالانە نەک شکست بەڕێکخراوی ساوا دەهێنن، هندێ جار لەمێژوودا خۆیان خزاندوەتە نێو بزووتنەوە ڕەواکانەوەو هەمان کلتووریان سەوز کردوەتەوە لەنێویاندا. بۆ نمونە بڕوانە میکانیزمو مێژووی تێکەلاوبوونەوەی تاڵەبانیو خێزانی ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا (نووسینەکانی شاسوار جەلال/ 1976، 1977). هەروەها بڕوانە ئەو ئالیەتو

میکانیزمـەی بنەماڵـەی بـەرزانی پێـی هاتنـەوە نـاو پاریـەکانی دەسـەڵات دوای 1991، هـەر لەتـەزوویری ئینتیخاباتـەوە بـۆ پەلکێشی هێزە داگیرکەرەکانی تورکیاو بەعس.

ئـەو دەسـەڵاتەی لەکوردسـتاندا حوکمڕانـە دووتوانـایی خـارقی هەیـە: یەکـەم توانـایی دارایـی، دووەم: تواناییـەکی بێوێنـەی کەموکورتی ڕەوشـتی. لـەماوەی ڕابـردوودا توانیـان سـامانێکی زۆر لەبەشی سامانی نیشتمانیو داهـاتی کوردسـتان وەلا بنێن کە بەهۆیـەوە دەتوانن باشـترین جۆرەکانی گەندەڵی سیاسـیو خراپکردنـی هۆشـمەندی گەنجـەکانی کوردسـتان ئـەنجام بـدەن. لەلای دووەمیشەوە هیچ پرانسیپێکی ڕەوشتی سیاسیانەیان نیە بەهۆیـەوە سـنوورێک بـۆ مامەڵـەو ڕەفتارەکـانی خۆیـان دابنێن، پێیان شـەرم نیە پرسـی هەرچوارپارچەکـەی کوردسـتان لـەپێناو ئامانجـە تەسـکەکانی دەسـەڵاتی خۆیانـدا بـەکار بهێنـین، بـەڵکو ئێستا پرسی ئێراقو نێودەوڵەتیەکانیش بەکاردەهێنن.

لەبەرامبەردا ئێمە مامەڵـە لەگـەڵ کەرەسـتەیەکی خـاودا دەکـەین کــە بریتیــە لەخــەڵک، کەپێکهاتەیــەکی کۆمەڵایــەتی شــڵۆقو تواناییــەکی هیلاکــی هەیــە لــەڕووی ڕێکخســتنو گــوڕوتینی سیاسـیەوە. چونـە ململانـێ لەگـەڵ دەسـەڵاتێکی لـەو جـۆرە، کــارێکی ئاســان نیــەو دەبێــت کــار لەســەر دامەزرانــدنی ڕێکخسـتنێکی پـۆلاینی پێکهاتـە لیقـی کاریگـەری درێژخایـەن بکەین. یەکێکیش لەئاستەنگە هەرە گەورەکان پرسـی ئابووری ئـەو ڕێکخسـتنەیە، کـە پێویسـتی بـەمیکانیزمی تایبـەتی خـۆی

هەیە. لەچارەسەرکردنی گرفتو قەیرانەکانی ڕێکخستنماندا، بەتایبەت بۆ چارەسەری پرسە ئابووریەکانی ڕێکخستن پێویستمان بەتابوویەک هەیە: "نابێت هیچ لەکولتوورو ڕەوشتی ئەو دەسەڵاتەوە فێرببینو لاسایی بکەینەوە بۆ ئەوەی بەرەنگاری خۆیان ببینەوە". لێرەڕا لەبواری ڕێکخستندا ئەشێ پێویستمان بەکارو داهێنانی تایبەت هەبێت. بۆ نمونە لەبەر ئەوەی سامانو تواناییەکانی ئەم دەسەڵاتە پشت بەگەندەڵیو دزی دەبەستێت، ناکرێت بزووتنەوە ڕەواکان هەمان ڕێباز بگرنە بەر بۆ ململانێی دەسەڵاتەکە.

بۆ نمونە ئەگەر بەیادەوەری خۆماندا بچینەوە، ئەم بنەماڵانە لەکاتی شۆڕشی خەڵکی کوردستاندا بەقۆناغە جیاوازەکانیەوە بۆ پرسی دارایی خۆیان بە پلەی سەرەکی پشتیان بەچەند سەرچاوەیەکی داهات بەستبوو:

- بڕینو دزینی دامەزراوەو بەڕێوەبەرێتیەکانی حکومەتی ئێراقی، ئەگەرچی هەژمونی بەعسو بەعسیزم لەئارادابوو بەڵام ئەوە سامانی نیشتمانی بوو، پاشان لەپاڵ دەستکەوت بۆ شۆڕشدا چەندین قەباڵەی تاکەکەسیو بەرژەوەندی تەسکیان پێکهێنابوو کەتائیستاش بەو هۆیەوە هەر کەسێکی ئەم بنەماڵانە خاوەنی سەرمایەی تاکەکەسی خۆیانن.
- وەرگرتنی پارە لە هێزە ئیقلیمیەکانو خزمەتکردنی بەرژەوەندیەکانیان.

- سـەندنی سـەرانەو پـارە لەخـەڵکی گونـدەکانو ناوچـە ئازادەکان، ئەمە جگە لەبەسوخرەگرتنو ناچارکردنیان بۆ هەندێ کاری بێگارو زۆرەملێ.
- سـەندنی سـەرانە لەدەوڵەمەنـدەکانی نـاو شـارەکانی کوردسـتانو دواتـر هەراسـانکردنیان، تەنانـەت زۆربـەی دەوڵەمەندەکان لەساڵەکانی هەشتاو نەوەتەکاندا شارەکانی کوردسـتانیان جـێ دەهێشـتو سـەرمایەگوزاریان لەناوچەکانی تری ئێراق دەکرد.

بۆ هـەمان مەبەسـت ئەگـەر بگەڕێینـەوە دوای 1991 دەبینین هـەمان کولتـوورو چـۆنێتی پێکـەوەنانی سـامانی تاکەکەسـی خۆیـان بـەهمان میکـانیزمو ئالیـەت ئـەنجام داوە بـەڵام بەشـێوەیەک لەشـێوەکان بەیاسـاییان کردوەتـەوە. بۆیـە ئـەو ڕێکخسـتنەی بیـەوێت بەرامبـەر ئـەم بنەماڵانـە کـار بکـاتو کۆتاییـەک بـۆ گەندەڵیـەکانیان دابنێـتو حـوکمی کاریگـەری سیسـتەمی فیـودالی بسـڕێتەوە، ئـەوا نابێت هـیچ میکـانیزمێکی ناڕەوا بگرێتە بەر یان لەم بنەماڵە پاشکۆیانە فێرببێت. ناکرێت کولتـووری ئـەم هێزانـە لـەبوارەکانی تریشـدا بـەکار بهێنینـەوە. بۆیـە هـەر چـۆن پێویسـتمان بەهـەڵگرتنی هـەنگاوی ئـابووری جـوداو جیـاواز هەیـە، پێویسـتمان بەڕێکخسـتنی تۆکمـەو لیقـی کاریگـەریش هەیـە، بەهـەمان شـێوە پێویسـتمان بەسـتراتیژی ڕۆشن بۆ خۆمـانو ئاڵۆز بۆ بەرامبـەر هەیە. ئەمانە هەمووی دەمانگەیەننە بەهای ڕکابەری ستراتیژی، کەبەبێ ئەم بەهایانە

نە دەتوانین هەڵبژاردن بەرینەوە، نەڕاپەڕین درووست بکەین، نەڕێکخستنێکی پۆڵایینو کاریگەرمان هەبێت.

یەکێک لەهەنگاوە سەرەکیە سیاسیەکان کەدەبێت وزەیەکی گەورەو کاتێکی باشی بۆ تەرخان بکەین، بریتیە لەدرووستکردنی کەلێن لەنێو پێکهاتەکانی دەسەڵاتدا. کەلێنی بەرژەوەندی، پاشان کەلێنی سیاسیو حوکمڕانی، کەلێنی کۆمەڵایەتی، کەلێنی کارگێڕی...تاد. ئەم کەلێنانە پێویستیان بەدوو میکانیزمی گرنگ هەیە:
یەکەم: کۆتایی هێنان بەو پرسە ئەخلاقیانەی کەکولتووری نێرسالاری فیوداڵەکان کاری لەسەر دەرکەن بۆ بچووککردنەوەی نەیارەکانیان. بەواتایەکی تر بێباکی لەهەموو ئەو تۆمەتو پرسە ئەخلاقیانەی کەدەسەڵاتی بنەماڵەکان نمایشی پێوە دەکەن. نەوەی نوێ لەم ئەرکەدا بەئاسانی دەتوانێت کۆتوبەندە ئەخلاقیانە ببەزێنێتو تێکیان بشکێنێت.
دووە: درووستکردنی گوشاری بەردەوام، لەسەر بەرژەوەندیەکانیان، لەسەر پەراوە دەسەڵاتگەراو ژیانە کۆمەڵایەتیەکانیان. هەموو جۆرێکی گوشار چەندێک پڕوپووچو بێ بایەخ بێت کاریگەری لەسەر کرمۆککردنی ئەو دەسەڵاتە درووست دەکات، لەهۆشمەندی خەڵکدا، ئەمەش گوورڕووتینێکی باش دەبەخشێتە دەرفەت بۆ کاریگەری دانانی ئەو ڕێکخستنە لەسەر دەسەڵات.

ئەگەر تێبینی بکەین، وەک پێشتریش باسمانکردوە، ئەم جۆرە ستەمانە هەمیشە بەبزووتنەوەی جەماوەری بەرپەرچ دەدرێتەوە! چونکە سیستەمی ستەمەکە بەوجۆرەیە، ستەم گوشار درووستدەکات، ڕق پەنگ دەخواتەوە دواتر لەگۆشەو دیدگای بەرژەوەندی تاقمێکی ترەوە هێزی جەماوەری لەدژی ستەم بەکار دێت. لەمێژووی کوردستاندا ئەم هۆشمەندیە فیودالیە هەمیشە خۆی خزاندوەتەوە ناو بزووتنەوەکانی شۆڕشو جارێکی تر لەڕێگای جیاواز جیاوازەوەو بەسوود وەرگرتن لەدەرفەتی پشتیوانی هێزە ئیقلیمیەکان دەسەڵاتی وەرگرتوەتەوەو بووەتەوە بەخزمەتکاری ستراتیژەکانیان. بزووتنەوەیەک بتوانێت ئەم گرفتە چارەسەر بکات، دەبێت گۆڕانکاری لەشێوازی بزووتنەوەی جەماوەریدا بکاتو لەتورەبوونی ستەمەوە بیگۆڕێت بۆ توورەبوونی عەقڵانی، واتە بزووتنەوەی جەماوەری بکاتە بزووتنەوەیەکی عەقڵانی هۆشمەندانە کە توانایی هەبێت لەبەردەم واقعدا خۆی ڕاگرێتو تەسلیم بەیاریە باوەکان نەبێت، هەروەها توانایی هەبێت وەڵامی خواستە گشتیەکان بداتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت ڕای گشتیو خواستی گشتی پەروەردەو ئاراستە بکرێت.

ئەو ڕێکخستنە پۆڵایینو لیقو کاریگەرەی باسی دەکەین دوو ئەرکو بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ کەتاڕادەیەک کۆکردنەوەیان پێکەوە پڕ ئاستەنگە، بۆیە پێویستیشمان بەچەندین ڕێکخراو هەیە، تا بتوانین لەڕووی ئەخلاقیو پیشەییەوە خۆمان لەهاوکێشەی نەگونجاندنەکاندا دەرباز بکەین. ئەو دووئەرکە بریتین لە:

1. تێکشــکاندنی بازنــەی بــەتاڵی حــوکمڕانی، کــە خــۆی لەتێکشاکندنی دەستاودەستی دەسەڵاتدا دەبینێتەوە لەنێوان بنەماڵەکانــداو بەتێکشــکاندنی ئــەم بازنەیــە، فەوزایــەک لەفەزای حوکمڕانیدا دروووست دەبێت.
2. بــەکار هێنــانی کەرەســتە تەندرووســتەکان لەوشــککردنی سەرچاوەکانی ستەمکاریدا.

ئـەم دوو ئەرکە بەئەندازەیـەکی زۆر دژ بەیـەک دەوەسـتنەوەو دەمانگەیەننــە ئاســتێک کــە تێیــدا هەســت بەقــەیران بکــەین.. ڕێکخستنی لیقو کاریگەر تاکە هۆکارە کەدەتوانێت لـەو قەیرانـە دەربازمــان بکــات. بەتایبــەت بــۆ ئــەوەی هێــزی داهــاتووی حوکمڕان نەکەوێتەوە هەمان تەڵـەی دەسـەڵاتگەرایانەی ئەوەی ئێستا پێی دەڵێن یـەکێتیو پارتی، ئەگەرنا هۆشمەندی فیوداڵی بەردەوام دەبێت.

مەبەســتی ســەرەکیمان لەڕێکخســتنی لیــقو کاریگــەر بریتیــە لەبــەکارهێنانی میکــانیزمو ئالیــەتی جۆشــدانی جــەماوەری بــە شـێوەیەک هۆشـمەندیەکانی دەسـەڵاتو تواناییـەکانی نـەتوانێت پــەی بەنهێنیــەکانی بــەرێت. ئــەم ڕێکخســتنە دەتوانێــت بزووتنەوەی جەماوەری لەبزووتنەوەی حەماسی سۆزداریەوە بگۆڕێت بەبزووتنەوەی جەماوەری حەماسی هۆشمەندانە. ئەم ڕێکخســتنە دەتوانێــت بچێتــە ناوجەرگــەی دەســەڵاتەوە بــەبێ ئــەوەی ببێتــە بەشــێک لەدەســەڵاتی ئێســتا. ئــەم ڕێکخســتنە دەتوانێــت کێشــە لــەنێو بنەماڵەکانــدا گــەورە بکاتــەوە. ئــەم ڕێکخســتنە دەتوانێــت زانســتو تەکنــەلۆجیای سیاســی بــەکار

بهێنێت بۆ گرتنەدەستی سەرچاوەکانو وشککردنیان لەهێزی دەسەڵاتدا لەکاتی پێویستدا. ئەم ڕێکخستنە دەتوانێت کۆنترۆڵی ڕاپەڕینە جەماوەریەکان بکات بۆ ڕێگەگرتن لەدووبارەکردنەوەی مێژوویی. ئەم ڕێکخستنە ئگەرچی کاتی زۆری دەوێت بۆ بیناکردن، بەڵام پۆڵایین دەبێت لەبەرامبەر هێزە دەرەکیەکانداو دەتوانێت خۆی لەبازنەکانی پیاوبوونو نۆکەرایەتی بپارێزێت بێ ئەوەی ببێتە بەشێک لەبزووتنەوە سیاسیە باوەکان. ئەم جۆرە لەڕێکخستن چارەسەری کورت مەودایی یادەوەری بەکۆمەڵ دەکات، (الذاکرة المجتمعیة)، ئەم جۆرە لەڕێکخستن تیۆرو ئالیەتو میکانیزمی تایبەتی خۆی هەیە.